مروّڤ و ژیان

بەرگی بیست و سێ هەمین

نەخۆشی یە درمی یەکان
و چەند بابەتێکی دیکە
بە پێنووسی / کاروان

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

مرۆڤ و ژیان
بەرگی بیست و سێ هەمین

نەخۆشی یە درمی یەکان و چەند بابەتێکی دیکە

دانانی / کاروان سلێمان کاکەمەد صادق



لويس باستير ١٨٢٢ - ١٨٩٥

نەخۆشی درم (ساری)

زانیتان کە نەخۆشی درم ئەو چەشنە نەخۆشییانەیە کە لە یەکێکەوە ئەگەن بە یەکێکی تر هەروەها زانیتان کە ئەم نەخۆشییانە بەهۆی جۆرە میکرۆبێکی تایبەتی وە گیان لەبەری زۆر وردەوە کە بە چاو نابینرێن پەیدا ئەبێ وە هەموو نەخۆشییەک چەشنە میکرۆبێکی تایبەتی خۆی هەیە. هەندێ جار ئەم نەخۆشییانە زۆر خێرا بڵاو ئەبنەوە ، هەندێکیان گەرما وە هەندێکی تریان سەرمایان پێ ئەکەوی وە باش یاریدەیان ئەدا بۆ بڵاو بوونەوە. بە زۆری ئەم نەخۆشییانە لە ناو ئەو کەسانەدا ڕوو ئەدەن وە بڵاو ئەبنەوە کە بە تەنگ پاکو تەمیزی خۆیان ، وە جلوبەرگیان ، ناو ماڵ وە خواردەمەنییانەوە نین.

خۆپاراستن لە نەخۆشی درم (ساری)

خۆپاراستن بەم چەشنە ئەبێ کەوا باسی ئەکەین :

١ - جیاکردنەوەی نەخۆش وە دوورخستنەوەی لە لەش ساغ : چاکترین ئیش بۆ جیاکردنەوەی نەخۆش ئەوەیە یا بخرێتە خەستەخانەی تایبەتی وەیا لە ژوورێکی تایبەتی دا بنوێنرێ تا ئەوەندەی بۆ نەخۆشیەکە پێویستبێ.

٢ - پاک کردنەوەی نوین ، جل و بەرگ ، دەفتەرو کتێبی نەخۆشەکە بە دەرمان وەک ئاسید فنیک یا لیزول.

٣ - لێدانی شرینقە بەو دەرمانانە کە ژەهرن بۆ میکرۆبی هەندێ نەخۆشی وەک گرانەتا وە چاوە قوولە (تاعون).

٤- پاک ڕاگرتنی لەش و بەهێز کردنی بۆ بەرگە گرتنی نەخۆشی.

کەوابـــو ئەبـــێ تـــا بتـــوانین خۆمـــان لە نەخـــۆش وە دەردەدار دوور بخەیـــــــــنەوە. وە هەر شـــــــــتومەک وەیـــا جلوبەرگێـــک کە ئەو دەســـتی لێـــدابێ وەیـــا لەبەری کردبـــێ بەکـــارێ نەهێنـــــین. تەنـــانەت ئەبـــــــــێ ئەوانەش دوور بخـــــــــرێنەوە کە بە دەوروپشـــــــتی دێـــــن وە مـــــاوەی هـــــاتنە قوتابخانەیـــــان نەدرێ نەک لەوانیشـــــەوە تووشـــــی نەخۆشی ببن.

خۆ دوورخستنەوە لەو نەخۆشانەی کە تووشی نەخۆشی درماوی بوون

هەندێ نەخۆشی درمە ، واتە نەخۆشیەکە لە کەسێکی نەخۆشەوە بۆ کەسانێکی خۆش (ساغ) ئەچێ ، یا بە لەیەک کەوتن ، وە یا بەهۆی هەوایەکەوە ، کەوا پڕیشکی درمەکەی کە نەخۆشەکە لە کاتی دوان و کۆکینا بڵاوی ئەکاتەوە ، هەڵی ئەگرێت ، وەیا بەهۆی بەلغەم وەیا لە کاسەو کەوچک و بەرگ و تفاقێ ، کە نەخۆشەکە بەکاریان ئەهێنێ وەک پەشتەماڵ و چەرچەف و دەسە سڕ.

بۆ ئەوەی خۆت بپارێزی لە دەردەکە ، لە دیدەنی کردن و تێکەڵاو بوون و ژیان لە تەک نەخۆشانێکی کەوا نەخۆشیەکەیان مەترسی تووش بوونی لێ ئەکرێت دوور کەوە ، وە لەو نەخۆشیانەی ئەبێ خۆمانی لێ بپارێزین ، ئاوڵە ، گرانەتا ، سیل ، وەناقە ، وە بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە ئەم نەخۆشیانەی تیایا بڵاو ئەبنەوە.

سیلی سی (سنگ)

سیلی سی لە نەخۆشیە درمە زۆر بڵاوەکانی جیهانە. ابن سینای زانا (٩٨٠ - ١٠٣٦) یەکەم کەس بوە کە وەسفێکی زانستی یانەی وردی ئەم نەخۆشی یەی کردوە. ئەم نەخۆشی یە لە ئەنجامی تووش بوونی نەخۆشەکە بە جۆرە بەکتریایەکی شێوە چیلکە کە بە چیلکەکانی کوخ ناو دەبرێت بە ناوی ڕۆبەرت کوخی زاناوە کە لە ساڵی ١٨٨٢ دۆزی یەوە.

نەوەی یاریدەی بڵاو بونەوەی نەخۆشی یەکە دەدات جەنجاڵی زۆرو بەد خۆراکی یە لەگەڵ هیلاک بوونی لەش و دانیشتن لە شوێنی هەوا پیس بوو شێداو تاریکدا.

نیشانەکانی : وەک نەبوونی ئارەزووی خواردن و نەمانی توانای کارکردن و هەست بە ماندوێتی کردن و بێ هێزی و بەرە بەرە کەم بوونەوەی کێشی نەخۆش. لە سەرەتادا

نەخـــۆش ســـوکە کـــۆکەیەکی وشـــکی دەبێـــت و پاشـــان پـــلەی گەرمـــی لەشـــی کەمێـــک بەرز دەبێـــتەوەو دوا بە دواشـــی ئـــارەقەیەکی زۆر دەکـــاتەوە. بە بەردەوام بـــوونی نەخۆشـــیەکە ، نەخـــۆش کـــۆکەکەی پتـــر تونـــد دەبێـــت بەتـــایبەتی لە شـــەودا تـــا وای لـــێ دێـــت بەلـــغەمەکەی خوێنـــاوی دەبێـــت. بەڵام ئەم نیشـــانانە بەس نـــین بـــۆ دەســـت نیشـــان کردنـــی نەخۆشـــی یەکە. پێویســـتە نەخۆشـــی گومـــان لـــێ کـــراو بـــۆ نەخۆشـــخانەی ســـنگ بنێردرێـــت بـــۆ پشـــکنینی پزیشـــکی ســـنگ بە هـــۆی تیشـــکەوەو پشـــکنینی بەلغەمـــی نەخۆشـــەکە بە تیشـــکە وردبـــین بـــۆ دەرخســـتنی چیلکەکـــانی کـــوخ کە بە زۆری لەگەڵ بەلغەمی نەخۆشەکەدا دەردەچن.

بڵاو بوونەوەی ((تەنینەوەی)) :

ســـیلی ســـنگ لە نەخۆشـــیە درمەکـــانەو تـــووش بوونیشی بە دوو ڕێگە دەبێت :

١ - ڕێـــگەی ڕاســـتەوخۆ : ئەویـــش بە لـــێ کەوتنـــی ڕاســـتەوخۆی نەخۆشـــەکە دەبێـــت وەک

ماچ کردن و شیردانی دایکێکی تووش بوو بە منداڵەکەی.

٢ - ڕێگەی ناڕاستەوخۆ : ئەویش بە بەکارهێنانی کەل و پەلی نەخۆش یان کەوتنە بەر پریشکی بەلغەمی ناو هەوا کە لە ئەنجامی کۆکە ، یان پژمینی نەخۆشەکە دەردەپەڕێت. هەندێک جاریش گیانەوەری وەک مانگا میکرۆبی نەخۆشی یەکە دەگوێزنەوە بۆ مرۆڤی خۆش (ساغ) لە ڕێگەی دۆشین یان بەکارهێنانی بەرهەمە پیس بوەکانی.

خۆپاراستن : - بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی سیل پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن :

١ - کوتانی منداڵ بە پێ کوتی (بی ، سی ، جی) ی دژ بە نەخۆشی سیل. باشتریش وایە کە منداڵ لە تەمەنی زوەوە بکوترێت.

٢ - قەدەغەی تف ڕۆکردنەوە.

نەخـــۆش ســـوکە کـــۆکەیەکی وشـــکی دەبێـــت و پاشـــان پـــلەی گەرمـــی لەشـــی کەمێـــک بەرز دەبێـــتەوەو دوا بە دواشـــی ئـــارەقەیەکی زۆر دەکـــاتەوە. بە بەردەوام بـــوونی نەخۆشـــیەکە ، نەخـــۆش کـــۆکەکەی پتـــر تونـــد دەبێـــت بەتـــایبەتی لە شـــەودا تـــا وای لـــێ دێـــت بەلـــغەمەکەی خوێنـــاوی دەبێـــت. بەڵام ئەم نیشـــانانە بەس نـــین بـــۆ دەســـت نیشـــان کردنـــی نەخۆشـــی یەکە. پێویســـتە نەخۆشـــی گومـــان لـــێ کـــراو بـــۆ نەخۆشـــخانەی ســـنگ بنێردرێـــت بـــۆ پشـــکنینی پزیشـــکی ســـنگ بە هـــۆی تیشـــکەوەو پشـــکنینی بەلغەمـــی نەخۆشـــەکە بە تیشـــکە وردبـــین بـــۆ دەرخســـتنی چیلکەکـــانی کـــوخ کە بە زۆری لەگەڵ بەلغەمی نەخۆشەکەدا دەردەچن.

بڵاو بوونەوەی ((تەنینەوەی)) :

ســـیلی ســـنگ لە نەخۆشـــیە درمەکـــانەو تـــووش بوونیشی بە دوو ڕێگە دەبێت :

١ - ڕێـــگەی ڕاســـتەوخۆ : ئەویـــش بە لـــێ کەوتنـــی ڕاســـتەوخۆی نەخۆشـــەکە دەبێـــت وەک

ماچ کردن و شیردانی دایکێکی تووش بوو بە منداڵەکەی.

٢ - ڕێگەی ناڕاستەوخۆ : ئەویش بە بەکارهێنانی کەل و پەلی نەخۆش یان کەوتنە بەر پریشکی بەلغەمی ناو هەوا کە لە نەنجامی کۆکە ، یان پژمینی نەخۆشەکە دەردەپەڕێت. هەندێک جاریش گیانەوەری وەک مانگا میکرۆبی نەخۆشی یەکە دەگوێزنەوە بۆ مرۆڤی خۆش (ساغ) لە ڕێگەی دۆشین یان بەکارهێنانی بەرهەمە پیس بوەکانی.

خۆپاراستن : - بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی سیل پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن :

١ - کوتانی منداڵ بە پێ کوتی (بی ، سی ، جی) ی دژ بە نەخۆشی سیل. باشتریش وایە کە منداڵ لە تەمەنی زوەوە بکوترێت.

٢ - قەدەغەی تف ڕۆکردنەوە.

٣ - چاودێری کردنی شوێنە گشتی یەکان.

٤ - جیاکردنەوەو دابڕینی تووش بوەکان.

٥ - پشـــــکنینی مانگـــــا پـــــێش ســـــەربڕین و دۆشـــــینیان و پـــــاک کـــــردنەوەی شـــــیرو بەرهەمەکانیان.

٦ - پەنـــا بـــردنە بەر پزیشـــک کـــاتی هەســـت کردن بە نیشانەی نەخۆشیەکە.

٧ - وازهێنان لە خواردنەوەی مەی (ئەلکهول).

٨ - چـــاک کردنـــی بـــاری ژیـــان بە خـــۆراکی بە کەڵک و هەوای پاک و خانووی دروست.

کۆکە ڕەشە

کۆکە ڕەشە لەو نەخۆشی یە درمانەیە کە بە خێرایی بڵاو دەبێتەوەو تووشی ئەو منداڵانە دەبێت کە تەمەنیان (١ - ٨) ساڵە. ئەم نەخۆشی یە لە شاردا زۆرتر بڵاوە وەک لە لادێ. ئەمەش لەبەر جەنجاڵی و پیس بوونی هەوای شارە. ماوەی هەڵهاتنی میکرۆبەکە لە هەفتەیەکەوە بۆ دوو هەفتە دەبێت و بە زۆریش لە وەرزی بەهارو پایزدا ئەم نەخۆشی یە بڵاو دەبێتەوە. هەر کەسێک تووشی ئەم نەخۆشی یە ببێت ، بەرگری هەمیشەیی بە دەست دێنێت.

نیشانەکانی : نەخۆشی یەکە بەوە جیا دەکرێتەوە کە بە دوو سووڕدا دەڕوات ، ئەوانیش :

١ - سووڕی سوور بوونەوە : بە خوێن تێ زان لەگەڵ سووتانەوەی گەروو و بەشی سەرەوەی بۆڕی هەواو سووکە کۆکەیەکی ناو بە ناودا

دەســـت پـــێ دەکـــات. ئەم ســـووڕەش نـــزیکەی (١٠) ڕۆژ دەخایەنێت.

٢ - ســـووڕی نـــۆرە کـــۆکەی تونـــد : لێـــرەدا کـــۆکەکە تونـــد دەکـــات ، لە شـــێوەی نـــۆرەی تونـــــددا کە بەردەوام بە دەنگێکـــــی وەک کەڵە شـــێر کۆتـــایی دێـــت. لەوانەیە نـــۆرەیەک (٢ - ٣) چـــرکە بخایەنێـــت و ڕشـــانەوەی خـــۆراک و لیـــنجە مـــــاددەی بە دوادا بێـــــت. لەگەڵ پەرەســـــەندنی نـــۆرە کۆکەکانـــدا دەم و چـــاوی دادەگیرســـێت و شـــین هەڵ دەگەڕێـــت لەگەڵ لـــووت پـــژان و خـــوێن بەر بـــوونی ژێـــر لکێـــنەی چـــاوەوە ، پـــاش بەســـەر چـــوونی نـــۆرەکە ، منـــداڵەکە دەگەڕێـــتەوە ســـەر بـــاری ئاســـایی خـــۆی. تـــا نەخۆشـــەکە خـــۆی بـــداتە بەر هەوای ســـاردو دووکەڵـــی جـــگەرە ئەوا نـــۆرە کـــۆکەی تونـــدو تیژتـــر دەبێـــت ، هەروەهـــا لە کـــاتی خـــۆراک قـــووت دان و تـــووڕە بـــوون و ماندوێتیشدا.

تەنیـــنەوە : تـــووش بـــوون بە هـــۆی پـــرژەی دەرپەڕیـــوی دەمـــی نەخۆشـــەوە دەبێـــت لە کـــاتی

کۆکینـــدا ، یـــان بەکارهێنـــان و لـــێ کەوتنـــی کەل و پەلـــــە پـــــیس بوەکـــــانی بەو دەردراوانەی گەرووی کە پـــــڕن لە میکرۆبـــــی نەخۆشـــــی یەکە. تـــــووش بـــــوونیش لە ڕێـــــگەی کۆئەنـــــدامی هەناســـــەوە دەبێت.

خۆپاراســـــتن : بـــــۆ خۆپاراســـــتن لە نەخۆشـــــی کۆکە ڕەشە پێویستە :

١ - منـــداڵ پـــێ کـــوتی ســـیانەی لـــێ بـــدرێت (دەرزی یەک لە ماســـــولکە) لە مانگێکـــــدا تـــــا ســـــێ مانـــــگ لە تەمەنـــــی شـــــەش مـــــانگی یەوەو دووپـــــات کـــــردنەوەی کوتـــــان پـــــاش تێـــــپەڕ بـــــوونی یەک ســـــاڵ بەســـــەر دوا ژەمـــــدا بـــــۆ بەهێـــــز کردنـــــی ئەم کوتـــــانە. پـــــێ کـــــوتی ســـــیانی دژی نەخۆشـــــی (وەناق ، کۆکە ڕەشە ، دەردە کۆپان) ە.

٢ - منداڵ تێکەڵ بەوانە نەبێت کە تووش بوون.

٣ - پـــــــاک کـــــــــردنەوەی کەل و پەلە پـــــــیس بووەکـــــــــانی نەخـــــــــۆش و ، هەروەهـــــــــا ژوورو نوێنەکانیشی.

نەخۆشی گڕوو بوون

داء الجرب

Scabies

نەخۆشی گڕوو یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کەوا تووشی پێستی مرۆڤ دەبێت ، کە نەخۆشیەکی زۆر باوە بە تایبەتی لە وەرزی سەرما بوونداا لە کەژی پایزو زستاندا یەکجار بڵاو دەبێتەوە. ئەو کەسەی تووشی ئەم نەخۆشیە دەبێت زۆر ناخۆشی و ئازارو نارەحەتی دەبینێت لە شەودا لەبەر تونددو تیژی نەخۆشیەکەو زۆر خوران کە وای لێ دەکات هیچ کاتێک زاڵ بێت بەسەر لەش خوراندا هەمیشە دەگەڕێت بە دوای داوو دەرمان و چارەسەر کردندا.

نەگەر یەکێک تووشی ئەم نەخۆشیە بوو ئەوا دەی گوازێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کەوا لەگەڵیا دەژین لە ماڵێکدا .. بەتایبەتی لە نێوان ژن و مێرددا ، چونکە یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کە دەگوازرێتەوە بەهۆی بە یەک گەیشتنی جنسی یەوە لە نێوان ژن و پیاودا.

هەروەها ئەم خوراندن و ناخۆشی و نارەحەتی پێستی مرۆڤ بڵاو دەبێتەوە لەو شوێنانەی کەوا زۆر قەرە بالەغن بەیەک گەیشتنی راستەوخۆ هەیە لە نێوان مرۆڤی تووش بوو بەم نەخۆشیەو مرۆڤێکی لەش ساغ وەک لە بەندیخانەو نەخۆشخانەو قوتابخانەو .. هەروەها بڵاو دەبێتەوە بەهۆی بەکارهێنانی کەل و پەل و نوین و جل و بەرگ و خاولی و

لـــیفکەی خۆشوشـــتن و گـــۆرەوی و نوســـتن لە جێگای نەخۆشداو .. هتد.

ئەم نەخۆشـــیە هـــۆیەکەی جـــۆرە پاراســـاتیێکە کە پێـــی دەڵـــێن میملـــی گـــڕوو بـــوون (Sarcptes Scabies) کە تـــوێژی پێســـت دەبڕێـــت و دەچێـــتە نـــاوەوەو کەڵـــێن دروســـت دەکـــات لەســـەر پێســـت دا کە خورشـــتێکی یەکجـــار تونـــدو تیـــژی هەیە کە بە زۆری لە کـــاتی خەوتنـــداو بە زۆری بە شـــەوان کەوا خـــۆی گەرم دادەپۆشـــێت بە دەســـتیەوە دەنالێـــت چـــونکە لە کـــاتی گەرم بـــوونەوەی پێســـتی مـــرۆڤ مێملـــی گـــڕوێ بـــوون دەســـت دەکـــات بە جـــوولانەوەو لەگەڵ جـــولانەوەی لەنـــاو پێســـت دا کەڵـــێن دروســـت دەکـــات و دەبێـــتە هـــۆی پەیـــدا

بـــوونی خورشـــتێکی یەکجـــار زۆرو نـــاخۆش کە نایەڵێـــــت نەخۆشـــــەکە بخەوێـــــت و لەگەڵ خورانـــدن دا نەخـــۆش هەمـــوو ئەو شـــوێنانەی دەخورێـــت برینـــداری دەکـــات و بـــرینەکەش لەبەر ئەوەی بە نینـــۆکی تیـــژو پیســـەوە بە زۆری دەخورێنرێـــت هەو دەکـــات و کـــێم و پیســـایی لـــێ دەردێـــت زیـــاتر دەردی نەخۆشـــەکە زیـــاد دەکـــات و تووشی تووشی ئێش و ئازاریشی دەکات.

مێملـــی گڕوەتـــی ڕەنگـــی ســـپیەو بەرەو زەردی خـــۆی دەنـــوێنێ ، مـــێملە میکـــرۆبەکە دەســـت دەکـــات بە دروســـت کردنـــی کەڵـــێن و ئینجـــا هـــێلکەی تیـــا دادەنێـــت و کەڵێنەکـــانی ســـەر پێســـت بە شـــێوەی هێلـــی ڕاســـتن یـــان پێچـــاو پـــێچن کە بە زۆری لە شـــێوەی خـــاڵ خـــاڵی

بچـــووک و خوێنـــاوی کە ڕیـــز بـــوون لەســـەر پێســـتداو بە زۆری ئەو شـــوێنانەی لەشـــی مـــرۆڤ کە تووشـــی پێســـتەکەی دەبێـــت بـــریتین لە : - لۆچەکـــانی پێســـت و کۆئەنـــدامی زاووزێ و مەمکـــی ژنـــان و نێـــوان ئەنگوســـتەکان و دیـــوی نـــاوەوەی باســـک و ڕان و پـــێ و بـــن هەنگـــڵ و لا پاشـــەڵ و دەورەی نـــاوک هەروەهـــا بە دەگـــمەن تووشـــی دەم و چـــاو دەبێـــت تەنهـــا لە منـــداڵان دا نەبێـــت. بەهـــۆی ئەم خوراندنەوە دەنـــکەو دەنـــک زیـــپکە لە تـــوێکڵی پێســـت پەیـــدا دەبێـــت .. کە لە شـــوێنە زۆر نەرمەکانـــدا وەک کۆئەنـــدامی زاووزێ و مەمکـــدا لە شـــێوەی گـــرێ خـــۆی دەنـــوێنێ. هێلکەکـــان لەنـــاو کەڵێنەکـــانی پێســـتدا لە مـــاوەی (٦) ڕۆژدا هەڵـــدێت و لە مـــاوەی

دوو هەفتەدا خولی گۆڕانی مێملێی گڕو بوون تەواو دەبێت.

دەست نیشان کردن :

بۆ دەست نیشان کردنی نەخۆشی گڕوەتی مێژووی پەیدا بوون و چۆنیەتی بڵاو بوونەوەی زۆر زۆر گرنگە بۆ پزیشک و هەروەها نیشانەکانی نەخۆشی یەکەو بەتایبەتی خوران لە شەواندا هەبوونی هەمان نەخۆشی لەناو خێزانی نەخۆشەکە لە کەسانی تردا کە دەژین لەگەڵ نەخۆشەکەو پشکنینی نەخۆشەکەو بینینی کەڵێنەکانی سەر پێست و گرێ یەکان و هەندێک جار ناردنی نەخۆش بۆ تاقیگا (المختبر) و بینینی مێملێی گڕوەتی لە ژێر میکرۆسکۆبدا پێویستە بۆ ئەوەی کەوا جیا

بکـــــرێتەوە لەو هەمـــــوو نەخۆشـــــیانەی کە دەبـــــن بەهۆی خوران.

چارەسەرکردن :

نەخۆشـــــی گروەتـــــی یەکـــــێکە لەو نەخۆشـــــیانەی کە ئەگەر مـــــرۆڤ تووشـــــی بێـــــت ناتوانێـــــت وازی لـــێ بهێنـــێ و چـــارەی نەکـــات ، چارەســـەر کردنـــی ئەم نەخۆشـــــیە زۆر ئاســـــانەو داوو دەرمـــــان هەیە ، بەڵام ئەوەی کەوا زۆر گـــــرنگە بـــــۆ چـــــارەکردنی ئەم نەخۆشـــــیە چـــــۆنیەتی بەکارهێنـــــانی ئەم دەرمـــانەیە کە مێملـــی گرۆوەتـــی دەکوژێـــت لەنـــاو پێستی مرۆڤدا.

ئەم نەخۆشـــــیە چارەســـــەر دەکرێـــــت بەهـــــۆی بەکارهێنـــــانی مەرهەمەوە کە زۆر جـــــۆری هەیەو

زۆر ڕێگـــــاش هەیە بـــــۆ چـــــارەکردنی. بەڵام باشـــــترین مەرهەم بـــــۆ ئەم نەخۆشـــــیە کەوا زۆر بەهێـــــزو کـــــاریگەرە دژ بە مێملـــــێ گڕوەتـــــی مەرهەمی لورکسانە (Lorekare).

چۆنیەتی بەکارهێنانی :

نەخۆشـــــەکە ئێـــــواران پاشـــــی ئەوەی زۆر بـــــاش خـــــۆی دەشـــــوات بە ئـــــاوی گەرم و لیفکەیەکـــــی درێ بە مەرهەمەکە خـــــۆی چەور دەکـــــات لە مـــــلەوە تـــــا نینـــــۆکی پێـــــی هەمـــــوو لەشـــــی چەور دەکـــــات (ئەو شـــــوێنانەی دەخـــــورێ و نـــــاخورێ) تەنهـــــا لە دەم و چـــــاوی نـــــادات ، پێویســـــتە گرنگـــــی بـــــدات بە کەلـــــێن و لۆچەکـــــانی لەش وەک بـــــن هەنگـــــڵ و نێـــــوان پەنجەکـــــانی دەســـــت و پـــــێ و ژێـــــر مەمـــــک و کۆئەندامی زاووزێ و لا پاشەڵەکان.

زۆر جۆر مەرهەمی تریش هەن لە جیاتی (لورکسان) بەکار دەهێنرێت وەکو مەرهەمی گوگومردی نیشتو (Sulpher io) بە ڕێژەی ١٠ ٪ بەشێوەیەکی گشتی بەڵام ڕێژەی پەیتی سولفەرەکە دەگۆڕێت بە گوێرەی تەمەن و چۆنیەتی پێستی مرۆڤ لە (٥ - ١٥ ٪)دا. هەروەها جۆرەها حەبی خورشت دژ بە حەساسیە بەکار دەهێنرێت کە لەژێر جۆرەها ناو لە دەرمانخانەکاندا بە دەست دەکەوێ.

تێبینی یەکی گرنگ هەیە پێویستە جل و بەرگی نەخۆش هەمووی لە دوای شوشتنیان لە ئاوی گەرمدا بکوڵێنرێت و جلەکانی ژێرەوەی پێویستە بسوتێنرێت. وە پێویستە لە

هەر مالێکدا ئەو کەسانەی تووش بوون هەموویان چارەسەر بکرێن ، ئەگەر یەکێک چارەسەر کراو نەخۆشیەکە لە مالەکەدا تووشی کەسانی تر بووبێ .. ئەوا جارێکی تر تووش دەبێتەوەو هیچ سوودێک نابینێت لەو چارەسەر کردنە.



کەرۆێشکە تا

ئەم نەخۆشی یە پێی دەوترێ تۆلێریمیا (Tuleremia) ، بریتی یە لە نەخۆشی یەکی درمی کرتێنەرە کێوی یەکان بە تایبەتیش کەرۆێشکی کێوی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان بەهۆی گوێزەرەوە جومگەدارەکانی وەک گەنە بۆ ئاژەڵە مالّی یەکان و مرۆڤیش دەگوێزرێتەوە.

هۆی نەخۆشی یەکەو گوێزانەوەی : -

ئەم نەخۆشی یە بەهۆی جۆرە بەکتریایەکەوە دەبێ کە پێی دەڵێن بەکتریاکەی پاستۆرێلا تۆلێرانس. ئەم بەکتریایە زۆر بچووکە چیلکەیی یە. میکرۆبی نەخۆشی یەکە بە گەرمی زوو لەناو دەچێت. گوێزانەوەی نەخۆشی یەکە لە مەڕدا بەهۆی ژمارەیەکی زۆر لە گەنەوە دەبێ ، لە مانگەکانی بەهاردا نەخۆشی یەکە لە بەرازو جوانوو گوێرەکە تۆمار کراوە بەڵام زۆر بەڵاو نیە. سەگ و

پشـــیلەش تـــووش دەبـــن. مـــرۆڤ بەتـــایبەتی قەســـاب و جوتیـــارو ئەوانەی لە تـــاقیگەدا ئـــیش دەکەن تووشـــــی ئەم نەخۆشـــــیە دەبـــــن لە ئەنجـــامی پەیوەنـــدی کـــردن لەگەڵ کەرووێشـــکی کێـــوی تـــووش بـــوو یـــان باڵنـــدەی جـــوانی ، خـــواردنی گۆشـــتیش کە بـــاش نەکـــوڵابێ ، یـــان خـــواردنەوەی ئـــاوی پـــیس بـــوو بە میکـــرۆبەکەو بە رێگـــای هەناســـەدانیش ، هەروەهـــا بەهـــۆی گـــاز لـــێ گرتنـــی جـــومگە دارەکـــانیش. چەنـــد حـــالەتێکی کەمـــیش بەهـــۆی گـــاز لـــێ گرتنـــی پشـــیلە ڕووی داوە. بەڵام گـــــــوێزانەوەی نەخۆشـــــــی یەکە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر ڕووی نەداوە.

نیشانەکان لە مرۆڤدا : -

ســـەر ئێشـــە ، لەرز ، دڵ تـــێکهەڵاتن ، ڕشـــانەوە ، تـــا لـــێ هـــاتن .. لەم نەخۆشـــی یەدا ســـپڵ بە زۆری گەورە دەبێـــــت لەوانەیە ســـــــووتانەوەی دەوری سپڵ ڕوو بدات.

نەوەی شـــایانی باســـە یەک جـــار تـــووش بـــوون بە نەخۆشـــی یەکە بەرگـــری بە لەش دەبەخشـــێ

مـــــردن بە زۆری لەو حالەتـــــانەی چارەســـــەر نەکـــــراون ڕوو نـــــادات بەڵام بە ڕێـــــژەی ٦ ٪ ڕوو دەدات لەو حالەتانەی چارەسەر نەکراون.

نیشانەکان لە ئاژەڵدا : -

مـــــاوەی هەڵهێنـــــانی میکـــــرۆبەکە لە ئـــــاژەڵیش (١ - ١٠) ڕۆژەو لە نیشـــــــــانەکانی لەســـــــــەر ئـــــاژەڵ دەردەکەون : تـــــا لـــــێ هـــــاتن ، لاوازی ، لەش ڕەق بـــــوون ، کـــــۆکەو ســـــک چـــــوون بـــــاوە ، خـــــوری یەکەی تێـــــک شـــــکاو دەبـــــێ ، کێشـــــی لەشـــــی کەم دەکـــــات کە ئەمـــــانەش گیروگرفتـــــی ئابووورین.

چارەسەر کردن : -

بەکـــــار هێنـــــانی سترپتۆمایســـــین باشـــــە بـــــۆ دابەزانـــــدنی پـــــلەی گەرمـــــی لەش هەروەهـــــا دژە زینـــــدەگی یەکـــــانی تـــــریش وەکـــــو کلۆرامفینیکـــــۆڵ و تێتراســـــایکلین ســـــوود بەخشـــــن. هەروەهـــــا تەڕ کـــــردنەوەی لەش بە خوێـــــواو (Saline) باشـــــە بـــــۆ مـــــاکە ســـــەرەتایی یەکـــــانی پێســـــت قـــــونێرە

گەورەکان دەبێ بکرێتەوە ئینجا بەتاڵ بکرێن (drainged) کە ئەمەش کەم پێویستە دەکات.

خۆپاراستن و دەست بەسەرداگرتن : -

پێویستە زۆر بە ئاگاداری یەوە دەسکاری کەرۆشکی کێوی و کرتێنەرە کێوی یەکان بکرێ بەتایبەتی لە شوێنێکی کە نەخۆشی یەکەی تێدابێ. میکرۆبی نەخۆشی یەکە لە ناژەڵەکە یان لە پیسایی گەنەی سەر تووکی ئاژەڵەکەدا هەیە. دەبێ جل و بەرگی پارێزەر لەبەر بکرێ و باڵندەی کێوی و باڵندەی جوانی دەبێ جوان بکوڵێنرێن پێش خواردن ، وە هەر ئاوێک کە گومانی پیسی لێ بکرێ دەبێ پاکژ (تەعقیم) بکرێ پێش بەکارهێنانی.



مله خرپه (نکاف)

مله خـرپه نەخۆشـییەکی درمه ، تووشـی لووەکـانی ژێـر چەنـاگه وه لـوی تـف ئەبـێ. به زۆری تووشـی منـاڵی پێـنج تـا ده سـاڵان ئەبـێ. له زسـتان وه بەهـارا ئەم نەخۆشییه دا ئەکەوێ.

خۆپاراستن وه چارەکردن :

١ - خـۆ دوورخسـتنەوه له نەخـۆش وه بەکـار هێنـانی شتوومەکی.

٢ - جیـا کـردنەوەی نەخـۆش وه مـاوه نەدانـی بـۆ چوونه مەکتەب تا سێ هەفته به لایەنی کەمەوه.

٣ - پـاک ڕاگرتنـی دەموچـاوو لـووتی نەخـۆش ، دەرخـواردانی خـواردەمەنی پـاک و سـووک وەک : شیر ، میـوه ، وه چێشـتی شـله وه نەخـواردنی ترشـی وەک بەهارات.

٤ - هێنانی دوکتـۆر زوو بـۆ سـەر نەخـۆش وه دەرمـان کردنی.

وەناق (خناق)

وەنـــــاق نەخۆشـــــییەکی درمە ، لە میکرۆبێکـــــی تـــــایبەتیەوە دا ئەکەوێ ، تووشـــــی قورقـــــوڕاگە وە نـــاو لـــووت ئەبـــێ ، بە زۆری منـــاڵ پێـــی ئەگـــا ، وە لە زســـــتانا ئەم نەخۆشـــــییە دا ئەکەوێ. میکرۆبـــــی ئەم نەخۆشـــــییە یەکســـــەر وەیـــــا بەهـــــۆی شـــــتی تڕەوە ئەگا بە ناو لووت و قورقوڕاگە.

خۆپاراســـــتن : - ئەبـــێ نەخـــۆش جیـــا بکـــرێتەوە لەش ســـــاغیش خـــــۆی لەو شـــــتانە دوور بخـــــاتەوە کە ئەو نەخۆشـــــــییە تـــــــووش ئەکـــــــا. هەرکە نەخۆشـــــییەکە ڕووی دا خێـــــرا دائـــــرەی صـــــحە ئاگـــــادار بکـــــرێ وە ئەبـــــێ بە وردی چـــــاودێری هەمـــــوو ڕاســـــپێری یەکـــــی دوکتـــــۆر بکـــــرێ کە بـــــۆ خۆپاراستن دای ئەنێ.

کۆکە ڕەشە (السعال الديكى)

کۆکە ڕەشە نەخۆشییەکی درمە ، تووشی منداڵ ئەبێ. نیشانەی تووش بوون : کۆکەی تۆندی بێ وچانە کە دوایەکەی دەنگێکی تایبەتی هەیە.

تووش بوون : میکرۆبی ئەم نەخۆشییە یا ڕاستەوخۆ لەگەڵ پڕیشکی دەمی نەخۆشدا لە کاتی کۆکیندا ئەگا بە لەش ساغ وەیا بەهۆی شتی تەرەوە وک کەلوپەل ، قەلەم ، دەسە سڕ ، وە خاولی.

خۆپاراستن : -

١ - ئەوی تووش بوو یا ئەوی ترسی تووش بوونی لێ ئەکرێ جیا بکرێتەوە. وە بە لایەنی کەمەوە تا دوو هەفتە نەهێڵرێ بچێ بۆ مەکتەب. وە ئەبێ بۆ چارەکردن خێرا بنێردرێ بۆ خەستەخانە.

٢ - خـــۆ دوور خســـتنە لە تـــووش بـــوو ، وە بە دەرمـــان پـــاک کـــردنەوەی جلـــوبەرگ ، شتوومەکی ، ژوورو ناو مالّی.

٣ - خـــۆ کوتـــان وە شـــرینقە لێـــدان بە دەرمـــانی تایبەتی.

سوورێژە ((الحصبة))



سووریژە نەخۆشییەکی درمە ، نیشانەی تووش بوون : تا لێ هاتن ، دەرکردنی بلۆقی سوور لەسەر پێست ، وە تۆژ فرێ دانە. ئەم نەخۆشییە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا هەیە وە بە زۆری تووشی منالّی ساوا وە گەنج ئەبێ.

هۆی تووش بوون : سووریژە یا ڕاستەوخۆ وەیا بەهۆی شتوومەکەوە وەک دەسە سڕ ، قەلەم وە کاغەز لە یەکێکەوە ئەگا بە یەکێکی تر.

خۆپاراستن : -

١ - جیاکردنەوەی تووش بوو وە نواندنی لە خەستەخانەی تایبەتی دا تا سێ هەفتە وەیا زیاتر.

٢ - نابێ ئەو کەسانە بە تایبەتی کەسوکار کە چاودێری نەخۆشەکە ئەکەن بە لایەنی کەمەوە تا دوو هەفتە بهێڵرێت بچن بۆ مەکتەب ئەگەر لە مەکتەبا بن.

٣ - هەرکە ئەم نەخۆشییە ڕووی دا ، خێرا دانرەی صحە ئاگادار بکرێ بۆ بەربەست کردنی تەنینەوەی.

ئاوڵە

ئاوڵە نەخۆشییەکی درمە ، نیشانەی تووش بوون : ڕووداوی هەندێ زیپکەیە بەسەر پێستی لەشەوە. نەخۆشی ئاوڵە لە هەموو شوێنێکا هەیە بە تایبەتی لە وڵاتە گەرمەکاندا ، لە سەرەتای ڕووداوەوە تا چاک بوونەوەی ، زۆر خێرا ئەتەنێتەوە. یەک لە یەکەوە ئەیگرێ یا بە لێکەوتن وەیا بەهۆی کەلوپەل ، جلوبەرگ ، وە کەسەو کەوچکەوە.

خۆپاراستن : -

١ - هەرکە یەکێ ئاوڵەی دەردا ، دەست بەجێ ئەبێ دائرەی صحە ئاگادار بکرێ بۆ ئەوەی چی پێویستە بیکا بۆ دوایی هێنان بەم نەخۆشییە وە بۆ جیاکردنەوەی نەخۆشەکە.

٢ - پاک کردنەوەی کەلوپەل ، جلوبەرگ ، کاسەو کەوچک ، وە هەموو ئەو شتانەی کە ئەبن بەهۆی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی ئاوڵە.

٣ - خـــــۆ دوور خســـــتنەوە لە ئـــــاو لاوی وە خۆپاراستن لە تووش بوون.

٤ - کوتـــانی هەمـــوو ئەو کەســـانەی کە چـــاودێری نەخۆشـــــەکە ئەکەن بـــــۆ ئەوەی لەوەوە تـــــووش نەبن.

٥ - کوتـــانی هەمـــوو منالێـــک لە تەمەنـــــی چـــوار پێـــنج مـــانگی ، وە پێـــنج ســـالی. وە لە کـــاتی چـــوونە مەکتەبیـــا وە بە لایەنـــــی زۆرەوە هەمـــوو حەوت سالێک.

دەردە کۆپان - الكزاز



وێنەی میکرۆبی نەخۆشی دەردە کۆپان

دەردە کۆپان نەخۆشییەکی درمە ، نیشانەی ڕوودانی : گرژ بوونی ماسولکەکانی لەش.

تووش بوون : ئەم نەخۆشییە بەهۆی میکرۆبێکی تایبەتی یەوە دا ئەکەوێ کە لە ناو زبڵ ، خۆڵ و پیسایی ناو کۆڵان هەیە میکرۆبەکە لە برینێکی سەر پێستە ئەچێتە ناو لەشەوە.

خۆپاراستن : -

١ - ئەبێ زۆر بە تەنگ پاک کردنەوە وە بەستنی شوێنی ڕووشاوو برینداروە بین. وە جار جار بە دەرمانی وەک ایود وە ئۆکسیدی ئاو وە شتی تر پاکی بکەینەوە.

٢ - هەرکە ئەم نەخۆشییە ڕووی دا ، ئەبێ پرس بە دوکتۆر بکەین وە نەخۆشەکەی پیشان بدەین وە بۆ بەجێ هێنانی هەر ئامۆژگاری یەک کە بە پێویستی ئەزانی.

گرانە تا (حمی التیفوئید)



میکرۆبی گرانەتا

گرانەتا نەخۆشییەکی درمی ترسناکە. لە میکرۆبێکی تایبەتی یەوە دا ئەکەوێ پێی ئەڵێن (میکرۆبی ابرت) لە دەمەوە لەگەڵ خواردن و خواردنەوەدا ئەچێتە لەشەوە.

ئەم نەخۆشییە لە وڵاتە گەرمەکان وە لە وڵاتی ئێمەدا زۆر ڕوو ئەدا. بە تایبەتی لە هاوین وە لە پایزدا.

هۆی داکەوتنی : - ئەم نەخۆشییە بەهۆی ئەم شتانەی خوارەوە ڕوو ئەدا : -

١ - ئاو : ئاوی خواردنەوەی پیس ئەبێتە هۆی داکەوتنی ئەم نەخۆشییە ، وە ئەم ئاوانەش کە شتومەکی پیسی تێ فڕێ بدەیت پیس ئەبێ بە تایبەتی ئاوی ئەو بیرانەی نزیک بە

زێـــراب وە جـــۆگەلەو ئـــاوەڕۆی پیســـن ، بە زۆری ئەم نەخۆشییە بڵاو ئەکاتەوە.

٢ - شـــــیر ئەگەر لە پـــــێش خواردنەوەیـــــا لە میکـــرۆب پـــاک نەکـــرێتەوە وە نەکـــوڵێنرێ ئەبـــێ بە خـــراپ تـــرین هـــۆی گەیانـــدنی نەخۆشـــی وە داکەوتنی.

٣ - میـــوەو ســـەوزەواتی نەشـــۆردراو ، پـــیس ، کـــاڵ وە کـــرچ وە ئەو خواردنـــانەی کە دەســـت گێـــر ئەی فرۆشـــێ وەک حەلـــوا ، نقـــول ، میـــوەی فەریـــک ، شـــیر ، پەنیـــر ، کەرە ، هەموویـــان خراپ ترین هۆی داکەوتنی نەخۆشین.

٤ - مـــێش و مەگەز هەرە ترســـناکترین هـــۆی بـــڵاو کـــردنەوەی نەخۆشـــین چـــونکە ئەم مـــێش و مەگەزانە کە بە پیســـایی نەخۆشـــەوە ئەنیشـــنەوە میکرۆبـــی نەخۆشـــەکە بە قـــاچ و باڵیـــانەوە ئەلکـــێ دوای ئەوە بەســـــەر هەر خـــــواردەمەنیەکی وەک شـــــیرینی و ســـــەوزەوات و شـــــتی تـــــرەوە بنیشێتەوە میکرۆباوی ئەکەن.

بـێجگە لەمـانەی کـە لەسـەرەوە باسـمان کـرد ، گەلـێ هـۆی تـر هەیە بـۆ تەنیـنەوەی نەخۆشـی ، وەک : کاسـەو کەوچـک ، دەسـتە سـڕ ، خـاولی ، پەشـتە مـال وە ئەو شـتانە کە نەخـۆش بەکاریان ئەهێنێ.

خۆپاراستن :

١ - پـاک و تەمیـزی لە هەمـوو شـتێک پێویسـت تـرە بـۆ خۆپاراسـتن لە نەخۆشـی لەبەر ئەمە ئەبـێ جـار جـار دەرمـانی ئاسـید فنیـک بەکـار بهێنـرێ بـۆ پـاک کـردنەوەی سـەر شـۆرک ، ئـاو دەسـت خـانە ، جێـی میـز کـردن ، بەلـوعە ، کـون و قـوژبنی نـاو مـاڵ وە ئەو شـوێنانە کە پـیس و پۆخـڵ ئەبـن. هەروەهـا ئەبـێ بە دەرمـان میـزو پیسـایی و بەلغەمـی نەخـۆش پـاک بکـرێتەوە نەک لەم پیساییانەوە نەخۆشی داکەوێ.

٢ - بەکـار هێنـانی ئـاوی پـاک کـراوو پـاڵێوراو وە سـاف کـراو بـۆ خـواردنەوە نەک ئـاوی لێـڵ. چـاکتر ئەوەیە کە ئـاو پێـنج دەقـیقە پـێش خـواردنەوە بکوڵێندرێ.

٣ - ئەبێ خواردەمەنی وەک شیرینی ، میوەو سەوزەوات بە پاک و تەمیزی وە هەموو شتێکی تر لە شوێنێکا هەڵبگیرێن کە مێش و مەگەز نەیگاتێ وە بە پارچەیەک قوماشی پاک یان بە سەر قاپ سەریان داپۆشرێ تا مێش و مەگەزی لێ نەنیشێ وە تۆزو خۆڵی تێ ژەچێ.

٤ - ئەبێ شیر پێش خواردنەوەی بکوڵێندرێ وە لە شوێنی پاک دوور لە مێش و مەگەز هەڵبگیرێ.

٥ - ئەبێ دەمو چاوو دەست و پێ مان پاک ڕابگرین ، وە پێش نان خواردن و دوای لێ بوونەوەش بە سابوون دەست و دەمان بشۆین.

٦ - تا بتوانین ئەبێ هەوڵ بدەین بۆ لەناو بردنی مێش و مەگەز ، ژووری نان خواردن ، وە کاسەو کەوچک. هەروەها ئەبێ سەری بیر ، زێراب ، حەوزو جۆگە داپۆشین.

لەرزو تا - مەلاریا



مێشوولەی مەلاریا

مەلاریا نەخۆشیەکی بەڵایە ، ساڵ نیە بە سەدان دانیشتوانی لەناو نەبا.

هۆی پەیدا بوونی :-

لە هەندێ گیان لەبەری زۆر بچووکەوە پەیدا ئەبێ کە بە چاو نابینرێن تێکەڵ بە خوێن ئەبن پێیان ئەڵێن ((طفیلیاتی مەلاریا)).

جۆری بڵاو بوونەوەی : ئەم نەخۆشییە بە هۆی هەندێ مێشوولەوە لە نەخۆشێکەوە لە نەخۆشێکەوە ئەگا بە لەش ساغ. ئەم مێشوولەیە بە نەخۆشدا ئەنووسێ خوێنی لەشی ئەمژێ کە میکرۆبی ئەم نەخۆشییەی تیایە وە کە بە لەش ساغێکا نووسا میکرۆبەکان تێکەڵ بە خوێنی ئەبن ، نەخۆشی ئەخەن وە لێی دیاری ئەدا.

بـــڵاو بـــوونەوەی : - ئەوەی زیـــاتر یاریـــدەی بـــڵاو بـــوونەوەی ئەم نەخۆشـــییە ئەدا زۆنگـــاوە ، حەوز ، چەم ، جـــۆگە ، وە ئەو شـــوێنانەی کە بارانـــاوو لافـــاو تیـــا پەنـــگ ئەخـــواتەوە. لەم شـــوێنانەدا مێشـــــوولەی مەلاریـــــا زاووزێ ئەکـــــا وە پەرە ئەسێنێ.

خۆپاراستن :

لە هەمـــوو شـــتێک باشـــتر ئەوەیە هەرکەســـە خـــۆی هەوڵ بـــدا بـــۆ خۆپاراســـتن لە نەخۆشـــی مەلاریـــا بە پەیـــڕەوی کردنـــی ئەم ئامۆژگـــاری یانە : -

١ - ڕشـــتنی هەنـــدێ دەرمـــانی پـــاک کەرەوە وەک نەوتـــی ڕەش وە شـــتی تـــر بـــۆ کوشـــتنی مێشـــــوولە لەو شـــوێنانەدا کە ئاویـــان تیـــا نەوەســـتێ وەک گـــۆم ، حەوز ، وە شـــوێنی چـــاڵ و چۆڵ.

٢ - ڕاگرتنـــی نـــاو مـــاڵ بە پـــاک و تەمیـــزی ، پـــاک کـــردنەوەی جـــۆگەلە ، زێـــراب ، بەلـــوعەو هەمـــوو

شـــوێنێکی پـــیس ، نە ڕشـــتنی چڵکـــاو لە نـــاو مـــاڵا ، داپۆشـــینی ڕووی حەوزو دەمـــی بیـــر وەیـــا پڕکردنەوەیـــان وە بەکـــار هێنـــانی ئـــاوی بـــۆڕی لە جیاتی ئاوی حەوزو بیر.

٣ - لە نـــاو بردنـــی مـــێش و مەگەز لە نـــاو مـــاڵا ، چـــونکە ئەم چەشـــنە جـــڕو جـــانەوەرانە خـــراپ تـــرین هـــۆی بـــڵاو بـــوونەوەی نەخۆشـــین. پێویســـتە مـــێش و مەگەز هەر بە ســـاوایی لەنـــاو ببـــرێ بە ڕژانـــی نەوتـــی ڕەش بەســـەر زۆنگـــاوو ئەو شـــوێنانەدا کە تیایـــا پەیـــدا ئەبـــێ وەک لەســـەرەوە باسمان کرد.

٥ - بـــۆ نەهێشـــتنی مێشـــوولە کە بچێـــتە نـــاو مـــاڵ ئەبـــێ تەلـــی هـــێلەک بە پەنـــجەرەو دەرگاکانـــا بگیرێت.

سیل



میکرۆبی سیل

سیل نەخۆشییەکی ترسناک وە ساری یە ، لە جۆرە میکرۆبێک پەیدا ئەبێ کە پێی نەڵێن (میکرۆبی کوخ). تووشی هەموو نەندامێکی لەش ئەبێ بەڵام لەمانە زۆرتر تووشی سی یەکان ئەبێ.

تەنیشانەوەی : - ئەم نەخۆشییە لە یەکێکی تووش بووەوە ئەگا بە لەش ساغ ، لە پرپشکی تف ، بەلغەم ، کۆکین ، پژمین ، وە قسە کردنەوە کە بە ملیۆن میکرۆبیان پێوەیە.

هۆی تەنیشانەوەی نەخۆشی سیل : - ژیان لە ناو مالّی بچووک ، لە ژووری قەرەبالەغ ، ڕیازەت نەکردن ، ماندوو کردنی لەش وە مێشک بە تایبەتی لە تافی لاوی دا ئەمانە هەموویان لەش وا لێ ئەکەن توانای بەرگە

گرتنی نەخۆشی نەمێنێ وە وای لێ ئەکەن کە بە ئاسانی وە کوتوپڕی تووشی نەخۆشی سیل بێ.

نیشانەی نەخۆشی سیل : - تا لێ هاتن وە گەرم داهاتنی لەش لە ئێواراندا ، کۆکین (لە پێشەوە ، بەڵام دوایی بێ وچان وە بە بەلغەمەوە بە تایبەتی لە بەیانیان وە لە کاتی لە خەو هەڵساندا زۆر ئەبێ).

خۆپاراستن : بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی سیل دوو چارە هەیە : خۆ دوور خستنەوە لە پڕیشکی دەمو لووتی سیلدار وە بەهێز کردنی لەش بۆ ئەوەی بەرگەی نەخۆشی بگرێ.

پەیڕەوی کردنی هەندێ ئامۆژگاری :

١ - هەرکە تووشی کۆکەو هەڵامەت بووی وەیا نیشانەی نەخۆشی یەکی ترسناک لێی دیاری دایت ، خێرا بڕۆ بۆ خەستە خانە پێش ئەوەی هەل لە دەست دەرچێ.

٢ - نزیک ئەو شوێنانە مەکەوە کە ترسی تووش بوونی لێ ئەکرێ ، وە خۆت لە سیلاوی بپارێزە نەک لەوەوە تووش ببیت.

٣ - تا ئەتوانی لە شوێنی تەسک ، پیس ، تاریک ، وە قەرەبالەغدا مەمێنەوە بچۆرە شوێنی با گرو دڵگیر. هەوڵ بدە ژووڕەکانت تەشکی ڕۆژ بیان گرێتەوە.

٤ - دەمو ددانت پێش نان خواردن وە لە پاشدا بشۆ ، ددانی کلۆرت هەڵگێشە ، چونکە ددانی کلۆر کانگای گەلێ نەخۆشیە.

٥ - نزیک ئەو کەسانە مەکەوە کە کۆکەیانە. لە کاتی پژمین وە کۆکینا دەستە سڕ بگرە بە دەمتەوە ، بەمە پیشانی خەڵکی ئەدەیت کە پاکو تەمیزو ڕەوشت جوانیت.

٦ - بیکە بە خوو بە لووت هەناسە بدە ، چونکە زۆر باش و بە کەڵکە.

٧ - لەش و مێشـــــــکت زۆر مانـــــــــدوو مەکە ، بە تەنـــگ لەش ســـاغی خـــۆتەوە بە ، تـــا ئەتوانیـــت هەوڵ بدە نەخۆش نەکەویت.

تراخوما

تراخومـــا نەخۆشـــییەکی ســـاری یە ، تووشـــی پێڵـــوی چـــاو ئەبـــێ لە دیـــوی نـــاوەوە. شـــوێنەکەی نـــازاری ئەبـــێ وە دەئاوســـێ ، چـــاو ســـوور ئەکـــاو نـــاوی پێـــدا دێـــتە خـــوارێ ، هێـــزی بینـــین کەم ئەکـــاتەوە وە هەنـــدێ جـــار ئەبـــێ بە هـــۆی کـــوێر بوون.

هـــۆی تـــووش بـــوونی تراخومـــا : - تراخومـــا زۆر زوو نەگـــا بە چـــاو بە تـــایبەتی لە شـــوێنی گەرمـــی وەک لە وڵاتـــی ئـــێمەدا وە لە نـــاوچەی پـــیس و پۆخڵـــدا. یـــا بە دەســـت لێـــدان ڕاســـتەوخۆ وەیـــا بە هـــۆی شـــتومەکەوە وەک دەســـتە ســـڕو خـــاولی ، پەشـــتە مـــاڵ وە جلـــوبەرگ ، ســـەرین ، قەڵەم ، کـــاغەز ، مـــێش وە گەلـــێ شـــتی تـــرەوە تراخومـــا بە چـــاوی ســـاغ ئەگـــا. کەوابـــو ئەبـــێ زۆر هەوڵ بـــدەین بـــۆ پاراســـتنی چـــاو لە تراخومـــا چـــونکە چـــاو کە تووشـــی تراخومـــا بـــوو بە دەرمـــان کردنێکـــی زۆر ئینجـــا چـــاک ئەبێـــتەوە ، وە بـــاش پەیـــڕەوی ئەم ئامۆژگـــاری یـــانەی خـــوارەوە بـــکە

کە ئەبـــن بە هـــۆی پاراســـتنی چـــاوی خـــۆت وە خوشک و براو کەس و کارت.

خۆپاراســـــتن : - بـــــۆ ئەوەی هەمـــــوو لەم نەخۆشـــی یە ترســـناکە بە دوور بـــن بەم چەشـــنە خۆت بپارێزە :

١ - بە ئـــــاوێکی ڕوون کە لەبەری بـــــڕوا ڕۆژی پێـــنج شـــەش جـــار بە ســـابوون دەســـت و دەمـــو چاوت بشۆ.

٢ - تـــا ئەتوانیـــت دەســـتکاری چـــاوت مەکە ، هەموو شەو پێش نوستن بیشۆ.

٣ - تـــا ئەتوانیـــت خـــۆت بشـــۆ ، جلوبەرگـــت بە پاک و تەمیزی ڕاگرە.

٤ - لە نـــاو نـــوینی چـــاو تراخومـــاوی دا مەنـــوو ، ســـــەر مەکەرە ســـــەر ســـــەرینی کەس ، ئەگەر چی ئەو کەسەشت خۆش بوێ.

٥ - لە مالّـدا خـاولی خـۆت جیـا بـێ و خـاولی چـاو تراخومـــاوی بەکـــار مەهێـــنە ، چـــونکە خـــاولی بـــۆ

گەیشتنی تراخوما بە چاوت وەک پووش وایە بۆ ناگر.

٦ - وریا بە مێشت پێوە نەنیشێتەوە پێش لەشتنەوەی لە خۆتی دوور بخەرەوە ، چونکە دوور نیە پێش نزیک بوونەوەی لە تۆ بەسەر چاوێکی تراخوماوی یەوە نیشتبێتەوە وە تۆش لەوەوە تووشی تراخوما بکا.

٧ - خۆت دوور ڕاگرە لەو شوێنانەی کە پیس و پۆخڵن ، ناو ماڵ و چێشتخانە بە پاک و تەمیزی ڕاگرە ، بەم جۆرە ئەتوانیت مێش و مەگەز لە ناو بەریت وە ماوەی زاووزێی لەدەیت.

چەند ڕاستی یەک لە بارەی ئەنفلەوەنزاوە

ئەنفلەوەنزا نەخۆشی یەکی درمی یەو هەر بە هەڵامەت دەچێت. ئەگەرچی ئەنفلەوەنزا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی مردنی نەخۆشەکە ، بەڵام زۆر جار تووشی نەخۆشی سی دەکات. وەک دەزانین ئەنفلەوەنزاو نەخۆشی سی لە ساڵی ١٩١٨ بوونە هۆی مردن و لەناو چوونی (٢٠) بیست ملیۆن کەس.

هەندێ جار ئەنفلەوەنزا تەنیا تووشی تاقە کەسێک دەبێت ، پاشان بە شێوەیەکی پەتا بڵاو دەبێتەوە.

ئەنفلەوەنزا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بڵاو دەبێتەوە بە ماوەیەکی کەم پەتایەکەی ڕوو دەکاتە ناو کۆمەڵ.

ئەگەرچی ئەنفلەوەنزا لە هیچ شوێنێک لە مانگێک زیاتر نامێنێتەوە بەڵام ڕەنگە لە

شـــــوێنەکانی تـــــری وڵات دەرکەوێـــــت و زۆر جـــاریش ڕوو بکـــاتە هەنـــدێ وڵات و شـــوێنی تری ئەم زەمینە.

نیشـــانەکانی : - مـــرۆڤ کـــت و پـــڕ تووشـــی ئەم نەخۆشـــی یە دەبێـــت. نیشانەکانیشـــی بە یەک جـــار یـــان بە ڕیـــز دەردەکەون ، وەک : - پەیـــدا بـــوونی تـــاو لەرزیـــن و هەســـت بە ســـەرما کـــردن. نەمە جـــگە لە ئـــارەق کـــردن و ســـەر ئێشـــەو هەوکردنـــی گەروو ، چڵـــم بە لـــووت دا هـــاتنە خـــوارەوەو کـــۆکین و پـــژمین و ئێشـــانی ســـینەو پشـــت و پەلەکـــانی نەخۆشـــەکەش. ئەگەرچـــی تـــایەکە دوو یـــان ســـێ ڕۆژ دەوام دەکـــات بەڵام چەنـــد شـــتێکی تـــر لە پـــاش خـــۆی بەجـــێ دێڵێـــت ، وەک : هەســـت بە مانـــدوو بـــوون و هیلاکـــی لە لایەن نەخۆشـــەکەوە. ئەم کـــارەش چەنـــد ڕۆژێک یان چەند هەفتەیەک دەبات.

هـــــۆی ئەم نەخۆشـــــی یە : - پەیـــــدابوونی ئەنفلەوەنـــــزا بەهـــــۆی میکرۆبـــــی (ڤـــــایرۆس) ەوەیە. ئەم میکـــــرۆبە وردیـــــلانە لە نـــــاو لیـــــک و مـــــووی لـــــووتی نەخۆشـــــەکە خۆیـــــان حەشـــــار داوە. لە کـــــاتی کـــــۆکین و پـــــژمین دا ڕوو دەکەنە کەســـــانی تـــــرو دووچـــــاری ئەم نەخۆشـــــی یەی دەکەن. هەنـــــدێ هـــــۆی تـــــریش هەن وەک مـــــاچ کردنـــــی نەخۆشـــــەکە یـــــان بەکارهێنـــــانی خـــــاولی و کەل و پەلەکانی.

خۆپاراستن : -

هەر کـــــاتێ پەتـــــای ئەنفلەوەنـــــزا بـــــڵاو بـــــووەوە خەڵـــــک دووچـــــاری ئەم نەخۆشـــــی یە بـــــوون ، پێویســـــتە پەیـــــڕەوی ئەم خـــــاڵانەی خـــــوارەوە بکەیت :

١ - بەپێـــــی توانـــــا پارێزگـــــاری لە تەندروســـــتیت بکەو خۆت لە سەرما بپارێزە.

٢ - دەستت بەرداری شوێنی قەرەبالەغ بە وەک : بازاڕو چایخانە .. هتد. ئەگەر کارێکی گرنگیشت هەبوو ، هەوڵ بدە خۆت لە خەڵکەکە نزیک نەکەیتەوە.

٣ - لە کاتی کۆکین و پژمین دا دەستە سڕ بان شتی تر بەکار بێنە بۆ ئەوەی کەسانی تر تووشی ئەم نەخۆشی یە نەبن.

٤ - قاپ و قاچاخ و کەل و پەلەکانی نەخۆشەکە دوور بخەرەوەو مەیەڵە کەسانی تر لێی نزیک ببنەوە.

٥ - ئەگەر نیشانەکانی ئەم نەخۆشی یەت لێ دەرکەوت ، هەوڵ بدە لە ژوورێکدا ئیسراحەت وەر بگریت پێویستە ژوورەکە هەموو مەرجەکانی ئاسوودەیی و حەسانەوەی تیا بەدی بکرێت.

٦ - ئەگەر نەخۆشی یەکە بەهێز بوو ، ئازاری دایت ئەوە یەکسەر پەیوەندی بە دختۆر بکە ، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی پێویستت بۆ بکات.

چارەسەر کردن : -

چارەسەرێکی تایبەتی بۆ ئەم نەخۆشی یە نی یە ، بەڵام هەندێ چارەسەر هەن دەبنە هۆی نزم بوونەوەی پلەی تاو پژمین و کۆکەو سەر ئێشەو هەندێ نیشانەی تری نەخۆشی یەکە.

ئەگەر لە ئەنجامی نەخۆشی یەکە مرۆڤ تووشی نەخۆشی سی بوو ، ئەوە دەبێت چارەسەر بە هەندێ دەرمانات بکات ، وەک : پەنسلین و شتی تریش.

چارەسەری ئەنفلەوەنزا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەخۆشەکە چەند گرنگی بە حەسانەوەی بەدەنی خۆی دەدات بۆ ئەوەی بەرگری لە نەخۆشی یەکە بکات ، وەک نوستن و ئیسراحەت و خواردنی چاک .. هتد. هەروەها

دوور کەوتـــنەوە لە ئـــاوو هەوای ســـارد ، بەکـــار هێنـــانی دەرمانەکـــان دەبـــنە هـــۆی چـــاک بـــوونەوە ، لە لایەکـــی تریشـــەوە کەســـانی تـــریش تووشـــی نەم نەخۆشی یە نابن.

دوو شاخە diphtheria

دوو شـــاخە (قوربـــاقە ، دەفتریـــا) نەخۆشـــی یەکـــی درمـــی کوشـــندەیە ، تووشـــی رەوگە هەوای ســـەروو دەبێـــت. دەفتریـــا لە زۆر شـــوێنی جیهـــانی دا بە تەواوی بنەبـــڕ کـــراوە لە ئەنجـــامی بەکارهێنـــانی کوتـــانی ســـیانە (کـــۆکە ڕەشـــە ، شـــەوە ، دوو شـــاخە). بەڵام تـــاوەکو ئێســـتاش لە هەنـــدێ وڵاتـــدا بە هـــۆیەکی ســـەرەکی مـــردن دەژمێردرێ.

قوربـاقە بە هـۆی جـۆرە بەکتریـایەک دەبـێ کە پێـی دەڵـــــێن (Corynaebactrium diphtherae) ئەم نەخۆشـــی یەش ڕاســـتەوخۆ لە یەکێکـــی تـــووش بـــوەوە یـــان هەڵگـــری بەکتریـــاکەوە (Carrier) دەگوازرێتەوە بۆ یەکێکی لەش ساغ.

ئەوەی شـــیاوی باســـە : ئـــاو ، شـــیر ، خـــواردەمەنی دەورێکـــی کەم لە تەنیـــنەوەی نەخۆشی یەکە دەگێڕن.

بەکتریـــــای دوو شـــــاخە بەو ســـــیفەتەی جیـــــا دەکـــــرێتەوە کە گەنـــــدە - پەردەی شـــــوێنی پێـــــک دەهێنـــــێ ، لەوەشـــــیانەوە میکـــــرۆبەکە جـــــۆرە زەهرێکـــــی بەهێـــــزو کـــــاریگەر بەرەڵـــــلا دەکـــــات کە کـــــار لە شـــــانەکانی لەش دەکـــــات و زۆربەی لەشـــــانەکانی نەخۆشـــــی یەکە پێـــــک دێـــــن. قوربـــــاقە بە زۆری تووشـــــی مەرازە دەبێـــــت (بە دەگـــــمەن پێڵـــــوی چـــــاو ، پێســـــت ، لـــــووت ، کۆئەنـــــدامی زاووزێ دەگـــــرێتەوە). بـــــۆیە لێـــــرەدا زیـــــاتر بـــــایەخ بە دەفتریای مەرازە دراوە.

لەشانەکانی : -

دەفتریـــــا بە زۆری لەو منـــــدالانە دەردەکەوێـــــت کە لە شـــــەش مانـــــگ زیـــــاترن و لە دە ســـــاڵیش کەمتـــــرن. مـــــاوەی کـــــرِ کەوتنـــــی (واتە لەو کـــــاتەی کە بەکتریـــــاکە دەچێـــــتە لەشـــــەوە تـــــاوەکو دەرکەوتنی نیشانەکانی) لە (٢ - ٧) رۆژە.

دەفتریای مەرازە : -

لە سوکە دەفتریا (mild) لەوانەیە هیچ جۆرە نیشانەیەک بەدیار نەکەوێ و نەخۆشی یەکە تێبینی نەکرێت ، بەڵام لە قوربانەی مامناوەندی دا (moderte) ، تووش بوو هەست بە خڕانەوەی گەروو دەکات ، سەر ئێشە دەیگرێ و هەست بە سستی دەکاو پلەی گەرمی لەشی بەرز دەبێتەوە ، لە کاتی فەحس کردنیشدا مەرازەو دیواری قورگ شێوە ئاوساو خۆیان دەنوێنن ، دوای ٢٤ سەعات پنتکی بچووکی مەیلەو سپی زەرد لەسەر مەرازە دەردەکەوێ ئەو پنتکانەش لە دوایی دا گەندە پەردە لەسەر مەرازە پێک دەهێنن لەوێشەوە بەرەو دیواری قورگ و بۆڕی هەوا دەکشێن. لەم قۆناغەشدا تەوژمی خوێن دادەبەزێ ، ترپەی لێدانی دڵ زیاد دەکات ، تووش بوو گنە دەبێ لە کاتی قسەکردندا (واتە بە لووت قسە دەکات) ،

خـــواردنی بـــاش بـــۆ ناخورێـــت و لەوانەیە پرشـــێتەوە ، جـــاری وایـــش هەیە خـــواردن لە هەردوو کـــونە لـــووتی دێـــتە دەرەوە لە ئەنجـــامی نەبلـــیج بـــوونی پانکـــا دەمـــدا (palate) لە گـــرانە دەفتریاشـــدا (Sever) نەخـــۆش لە هـــۆش خـــۆی دەچێـــت ، خـــوێن لە دەم و لـــووتی دێت ، لیمفە گرێ کانی ملی دەئاوسێن.

دەفتریای قورگ و رەوکە هەوایی یەکان : -

کاتێـــک کە دەفتریـــای مەرازە بە رێـــک و پێکـــی چارەســـەر نەکـــرێ ئەوە هەوکـــردن لە مەڵاشـــوەوە بـــۆ پێکهاتووەکـــانی قـــورگ وبـــۆری یە هەوایـــی یەکـــان دەکشـــێ و تووشـــی ئەم دەردەی دەکەن ، ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی کەشـــەوە هەنـــدێک جـــار دەفتریـــا هەر لە ســـەرەتا لەو بەشـــانەدا دەردەکەوێ ، ئەمەش بە زۆری تووشـــی منـــاڵی بچـــووک دەبێـــت نەوەک لە منـــرد منـــاڵ دا. ئەم جـــۆرە دوو شـــاخەیەش زۆر مەترسـی هەیەو تـــووش بـــوو بە زەحـــمەت هەناســـەی

بۆ دەدرێت ، بـۆیە هەنـدێک جـار پەنـا دەبـردرێتە بەر کون کردنی بۆڕی هەوا (کرکرۆک).

دەفتریای پێست : -

بە شـــێوەی پەردەیەکـــی خۆڵەمێشـــی لەســـەر لێـــواوە ئاوســـاوەکانی بـــرین (wound) دەردەکەوێـــت ، بـــۆیە هەر کاتێـــک گومـــان هەبـــوو ئەوە دەبـــێ نمـــوونە بـــۆ تاقیگـــا بنێـــردرێ بـــۆ چەسپاندنی دەست نیشان کردن.

دەست نیشان کردن :

دەست نیشان کردن بەندە لەسەر : -

١ - نیشانەکانی نەخۆشی یەکە

٢ - وەرگرتنـــی نمـــوونە لە شـــوێنە تـــووش بوەکـــان و نـــاردنی بـــۆ تاقیگـــا تـــاوەکو لە ناوەنـــدی (Media) بچێنـــــدرێ ئەنجامەکەشـــــی دوای (١٥ - ٢٠) سەعات بەدیار دەکەوێت.

ماکەکانی : -

گرنگترین ماکەکانی قورباقە بریتین لە : -

١ - ئاوسانی سێی یەکان کە لە ١٥ ٪ ی هۆی مردنن.

٢ - هەوکردنی پەردەی دڵ.

٣ - پەککەوتن و سستی دڵ کە نەتوانێ بە ڕێک و پێکی فرمانەکانی جێ بەجێ بکات.

٤ - ئاوسانی گورچیلەو دەرکەوتنی پڕۆتین (نەلبومین) لەگەڵ میزدا.

٥ - ئیفلیج بوون لە ١٠ - ١٥ ٪ ی تووش بوەکان لە ئەنجامی هەوکردنی دەمارەکانی لەش بە ژەهری بەکتریاکەوە.

٦ - ئیفلیج بوونی (شلل) سەرینە دەمی پاشەوە (Soft palate) لە دووەم و سێیەم هەفتەی نەخۆشی یەکەدا ، ئەنجام

نەخـــۆش قســـە بە لـــووتی دەکـــات و لەوانەشـــە بڕشێتەوە.

٧ - ئیفلـــیج بـــوونی ماســـولکەکانی چـــاو لە ئەنجامـــدا پێڵـــوی ســـەرەوەی چـــاوی دێـــتە خوارەوەو بیلبیلەی چاویشی فراوان دەبێ.

٨ - جـــومگە ســـووتێ و مەیینـــی خـــوێنیش لە بـــۆڕی یەکـــانی خوێنـــدا بە مـــاکە نائاســـاییەکانی ئەم دەردە دەژمێردرێن.

چارەســـــەرکردن : - ئەگەر هەر یەکێـــــک گومـــانی قوربـــاقەی لێکـــرا ئەوە دەبـــێ زوو بە زوو نمـــوونە لە شـــوێنە تـــووش بـــووەکە وەربگیـــرێ و بـــۆ تاقیگـــا ڕەوانە بکرێـــت ئینجـــا دەبـــێ پەیـــڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت : -

١ - پێویســـتە نەخـــۆش جیـــا بکـــرێتەوەو لە نەخۆشخانەی تایبەتی بخەوێندرێ.

٢ - بـــڕی زۆر لە دەرمـــانە دژە زینـــدەگی وەکـــو کرێستە لاین پەنسلین بدرێتە تووش بوو.

٣ - دژە ژەھـــــر (Anti - toxin) کە بە خـــــاڵی بنەڕەتـــی و چارەســـەری تایبەتمەنـــد دەژمێـــردرێ بە بـــــڕی بیســـــت هەزار یەکە لە دەفتریـــــای مامناوەنـــــدی داو ، چـــــل هەزار یەکە لە گـــــرانە دەفتریادا بە نەخۆش دەدرێ.

لەو کەســـــانەی کە هەڵگـــــری بەکتریـــــاکەن : - Carrier پێویســـــتە دەرمـــــانی Erythrcmycin بـــۆ مـــاوەی ((١٠)) ڕۆژ وەربگـــرن بە ڕێـــک و پێکـــی لە تاقیگـــا فەحـــس بکـــرێن تـــاوەکو ســـێ جـــار دوا بە دوای یەک ئەنجـــامی نێگەتیـــف بەدی دەکـــرێ بـــۆ دڵنیـــا بـــوون لەوەی کە ئەو کەســـەی هەڵگـــری بەکتریـــاکەیە بە تەواوی پـــاک بۆتەوە.

باشـــترین ڕێگـــای خۆپاراســـتن لە دەفتریـــا بەکارهێنـــانی پێکـــوتەی (لقـــاح) ســـیانەیە (دەفتریا ، شەوە ، کۆکە ڕەشە).

پێکوتەی سیانە (DTP) : -

ئەم پێکـــــوتەیە لە تەمەنـــــی دوو مـــــانگی لە منـــــداڵان دەدرێـــــت بە ڕێگـــــای ماســـــولکە ، (٥ ، ٠ س س) واتە نیـــــو میللیلیتـــــر ئۆکســـــیدی دەفتریـــــاو شـــــەوەو میکرۆبـــــی کـــــوژراوی کـــــۆکە ڕەشـــــەی تێـــــدایە. ئەم دەرزی یەش بە ســـــێ جـــــار لە منـــــداڵان دەدرێ مـــــاوەی نێـــــوانی هەر دەرزی یەکـــــیش دوو مـــــانگە واتە لە تەمەنـــــی دوو مـــــانگی و چـــــوار مـــــانگی و شـــــەش مـــــانگی لە منـــــداڵان دەدرێـــــت ســـــەرەڕای دوو بـــــڕی چـــــاڵاکیش یەکەمیـــــان ســـــاڵێک دوای دوا جـــــار (واتە لە تەمەنـــــــــی ١ ســـــاڵ و شـــــەش مـــــانگی) لە منـــــداڵ دەدرێ وە بـــــڕی چـــــاڵاکی دووەمـــــیش لەو کـــــاتە لە منـــــاڵ دەدرێـــــت کە دەچێتە قوتابخانە.



نەخۆشی دەفتریا

تیشکی ئێکس - تیشکی ڕونتگەن

لە ساڵی ١٨٩٥ زانای ئەڵمانی ڕونتگەن تیشکی ئێکس دۆزی یەوە ، بە هۆی ئەم تیشکەوە وێنەی فۆتۆغرافی گرت هێ نێسقانەکانی دەستی خۆی. بەڵام لەم کاتەدا زاناکان سەریان سوڕما بوو نەیان ئەزانی چۆن ئەم ڕووداوە لێک بدەنەوە وە چۆن ئەم تیشکە بە ناو شتومەکا تێ پەڕ ئەبێت.

ئەم تیشکە لە تیشکی ڕوونا کی ئەچێت و بە چاو نابینرێ بەکار ئەهێنرێ بۆ وێنەگرتنی دیوی ناوەوەی ماددەکان وەکو لەشی نادەمیزاد ، لە ساڵی ١٨٩٥ دا زانا ڕۆنتگەن دۆزی یەوە وەک لە سەرەوە باس کراوە.

چەند ئامۆژگاری یەکی گشتی بۆ دروستی ی کۆئەندامی هەناسە

١ - بـــایەخ دان بە پـــاک ڕاگرتنـــی کـــونە لووتەکان.

٢ - هەناســـــــە دان بە لـــــــووت نەک بە دەم ئەویـــش بـــۆ پـــاک کـــردنەوەی هەوا لە تـــۆزو ، هەروەها بۆ گەرم کردنیشی.

٣ - وەرزش کـــردن لە هەوای کـــراوەدا بـــۆ چـــاک کردنـــی کۆئەنـــدامی هەناســـەو هەڵمژینـــی هەوای پاک.

٤ - دوور کەوتـــــنەوە لەو شـــــوێنانەی کە تـــــۆزو گازە خرۆشێنەرەکان هەواکەیان پیس کردبێ.

٥ - نەچـــوون لە شـــوێنی گەرمەوە بـــۆ ســـارد پـــێش خـــۆ بـــۆ ئامـــادە کـــردن نەک ببێـــتە تـــووش بوونی هەڵامەت و سیل.

هەندێ وشەی بە کەڵک دەربارەی لەشی ئادەمیزاد

سەر Head

بەژن - بااڵ - قەد Stature

ڕوو Face

بەدەن - لەش Body

پێڵوی چاو Eye

برژانگ Eyelashes

برۆ Eye brow

ڕوومەت - گۆنە Choek

موو - قژ Hair

لووت - کەپو Nose

گوێ Ear

چەناگە Chin

سمێڵ Mousteches

مل - ئەستۆ neck

ڕیش - ڕدێن beard

لچ - لێو Lip

دەم - زار Mouth

زمان Tongue

ددان Tooth

پشت back

شان Shoulder

سینگ Cnest

سک - زگ belly

دڵ Heart

مەمک Breast

جگەر Liver

سی - رئة Lung

گەدە Stomsch - belly

گورچیلە Kidney

گۆشت Flesh - meat

خوێن Blood

پێست Skin

نێسک - ئێسقان Bone

ڕەگ Vien

دەست Hand

مێشک brain

قۆڵ - باسک Arm

لەپی دەست Palm

نانیشک Elbow

نینۆک Nail

پەنجە Fingger

قاچ - پێ Lag - foot

ڕان Thigh

گوێزنگ - قولە پێ Ankle - bone

ئەژنۆ - چۆک Knee

هەندێ وشەی بە کەڵک دەربارەی نەخۆشی و ئەو شتانەی پەیوەندیان بە چارەسەر کردنیەوە هەیە

نەخۆشی ill ness

نەخۆش Sick - ill

نازار - ئێش Pain

چاک بوونەوە Recovery

دەرمان Medicine

برین Wound

بڕین Cut

کۆکە Cough

چارە Remedy

نیلتهاب Inflammation

کۆکە ڕەش Whoopin - gcon

نەخۆشی گەدە Ulcer

دومەڵ - قۆنێر Boil

سەر ئێشە Head ache

سک چوون Diarrhea

نەخواردن Constipation

تا Fever

ئاوسان swelling

سوریژە Measkes

ئاوەڵە - خورکە small pox

ژان Colic

هەڵامەت Cold

وەرەم Tuberculosis

کولێرا Cholera

وەرەم دار Tubercular

ژەهر - زەهر Poison

هەناسە سوار short breath

شێتی Madness

نەخۆشی ددان Tooth ache

لوژدار surgeon

پزیشک Doctor

دانساز Dentist

پزیشکی چاو Oculist

مامان Mid wife

سستەر nurse

نەخۆشی گەدە Ulcer

دومەڵ - قۆنێر Boil

سەر ئێشە Head ache

سک چوون Diarrhea

نەخواردن Constipation

تا Fever

ئاوسان swelling

سوریژە Measkes

ئاوەڵە - خورکە small pox

ژان Colic

هەڵامەت Cold

وەرەم Tuberculosis

کولێرا Cholera

وەرەم دار Tubercular

ژەهر - زەهر Poison

هەناسە سوار short breath

شێتی Madness

نەخۆشی ددان Tooth ache

نوژدار surgeon

پزیشک Doctor

دانساز Dentist

پزیشکی چاو Oculist

مامان Mid wife

سستەر nurse

سووڕی خوێن

وەک دەزانین خۆراک دوای هەرس کردن لەلایەن ڕیخۆڵەکانەوە هەڵدەمژدرێت ، واتە لە ڕیخۆڵەکانەوە دەچێتە ناو خوێنەوەو خوێنەکە لە جەستەدا دەسووڕێتەوە.

لەکاتی سووڕانەوەدا خۆراکە هەڵمژراوەکە دەگەیەنێتە هەموو ئەندامەکانی جەستەو ئەگەر خوێنەکە نەگاتە ئەو ئەندامە ، ئەو ئەندامە بەهۆی کەمی خۆراکەوە لە کار دەکەوێت. بۆ نموونە چاوەکان نابینن ، گوێ نابیستێت ، قۆڵ و قاچ ناجوڵێن.

تەندروستی چاو

چـــــــــاو ئەنـــــــدامێکی زۆر ناســـــکە ، بـــۆیە خـــوای گەورە پێڵـــــوی چـــاوو برژانگـــی کـــردۆتە ســـەر پۆشـــێک بـــۆ پاراســـتنی چـــاو لە تـــۆزو خـــۆڵ و شـــتە ســـەختەکان دەپارێزێـــــت. چـــــاوی هەنـــــدێک کەس بە ڕواڵەت تەندروســـــتن بەڵام بینینیـــــان بـــــاش نـــــیە ، بـــۆ نمـــوونە هەنـــــدێک لە خوێنـــــدکارەکان لە کۆتـــــایی پـــۆلەوە نـــاتوانن بـــزانن چـــی لەســـەر تەختـــە نووســـــــراوە ، ئەگەر ئەم جـــــۆرە کەم و کـــــوڕی یـــانە لە چاوەکانـــدا هەبـــوو پێویســـتە مـــرۆڤ بچێـــتە لای پزیشـــکی چـــاوو چـــاویلکەیەکی بـــۆ دابنرێـــت بـــۆ ئەوەی بتوانێـــت بە باشـــی ببینێـــت و تووشـــی کێشە نەبێت.

منـــــدااڵە ئازیزەکـــــان : هەرگیـــــز چاوەکانتـــــان بە پەنجەکانتـــــان خـــــاوێن مەکەنەوە یـــــان بە

دەستەکانتان بیان خورێنن ، چونکە چڵک لە دەستەکانتان دەبێتە هۆی هەوکردن و تووشی نەخۆشی تراخوماو نەخۆشی تر.

سەلامەتی و تەندروستی گوێچکە

پێویستە گوێچکە وەک بەشەکانی تری لەش پاک رابگیرێت ، هەرگیز گوێچکە بە دار پاک مەکەرەوە ، دەنگی زۆر بەهێز زیانی هەیە بۆ هەستی بیستن ، پێویستە لێی دوور بکەویتەوە ، هەروەها لێدان یان فشار.

لووت



یەکێـــــــــــــک لە
ســـــووەکانی لـــــووت
بـــۆن کـــــردنە. ئەگەر
ئەم هەســـــــــتە بە
باشـــی کـــار نەکـــات
مـــــرۆڤ ناتوانێـــــت
خـــواردنی تـــازەو بـــاش
لە خـــــــــــواردنی
پاشـــماوەو ڕزیـــو جیـــا
بکـــــاتەوە ، یەکێکـــــی
دیـــــکە لە باشـــــی
یەکـــانی لـــووت ئەوەیە
کە ڕێـــگە نـــادات تـــۆزو
خـــۆڵ بچێـــتە ژوورەوە
چونکە مووی بچووک لە ناو لووت دا هەیە.

پاکو خاوێنی ددانەکان



بەشـــــــی دەرەوەی ددان پێـــی دەوترێـــت تـــاج. لەســـــەر تـــــاجی ددان ڕووپۆشـــــێکی ســـــپی بـــریقەدار هەیە کە پێـــی دەوترێـــــت مینـــــا ، کە ددان لە بەکتریـــا زیـــان بەخشـــەکان دەپارێزێـــت. بـــۆیە ئەگەر دەتەوێـــــت ددانەکانـــــت هەمیشـــــە تەندروست بن : -

١ - فســـتق و گـــوێزو شـــتە ڕەقەکـــانی تـــر بە ددانەکانت مەشکێنە.

٢ - ئاوی زۆر سارد مەخۆرەوە.

٣ - دوای نـــان خـــواردن بە تـــایبەت دوای نـــان خـــواردنی ئێـــوارە ، بە فلـــچەو مەعجـــون ددانەکانـــت بشـــۆ ، هەروەهـــا فلـــچەکە لەســـەرەوە

بـــۆ خـــوارەوە پێـــدا بهێـــنە ، تـــاوەکو ئەوەی لە ددانەکەدا هەیە لادەچێت.

٤ - ســـــاڵانە جارێـــــک ددانەکانـــــت پیشـــــانی پزیشـــکی ددان بـــدە ، بـــۆ ئەوەی دڵنیـــا بیـــت لە پـــاکو خـــاوێنی ، ئەگەر هەر کەمـــو کـــوڕی یەکـــی هەبوو ، چارەسەری بکە.

میکرۆب



میکـــــــــــرۆب لە هەمـــوو شـــوێنێکدا هەیە : لە نـــــــاو هەوا ، ئـــاو ، تـــۆزو خـــۆڵ ، جلـــوبەرگ ، تـــف ، بەلـــغەم ، پیســـایی نەخـــۆش ، لەســـەر پێســـتی لەش و لە هەمـــوو ئەو شـــوێنانەدا هەیە کە بـــۆ ژیـــان و پەرەســـەندنی دەســـت ئەدا. میکـــــرۆب وەک هەمـــوو گیـــان لەبەرەکـــانی تـــر زاووزێ ئەکـــا ، نیشـــی خـــۆی بەجـــێ ئەهێنـــێ ئینجـــا بـــێ هێـــز ئەبـــی و نەمرێ.

پەرەسەندنی میکرۆب

میکـــــرۆب لە کـــــاتی زاووزێ دا ئەبـــــێ بە دوو کەرتەوە ، ئەمـــــانەش هەر یەکەیـــــان ئەبـــــێ بە دوو کەرتـــــی تـــــرەوە ، وە هەموویـــــان بەم جیـــــا بـــــوونەوەیە ئەبـــــن بە گیـــــان لەبەری ســـــەربەخۆ ، وە تـــــاکە میکرۆبێـــــک لە مـــــاوەی ١٠ تـــــا ٢٠ دەقیقەدا بە ملیۆن میکرۆبی لێ پەیدا ئەبێ.

میکـــــرۆب چەنـــــد جـــــۆرێکی هەیە ، پـــــان ، خـــــڕ ، خوارو خێچ و پێچاو پێچ.

کاری میکرۆب

هەموو جۆرە میکرۆبێک هێزو توانایەکی تایبەتی هەیە بۆ بڵاو کردنەوەی نەخۆشی. هەندێکیان زۆر کاریگەرن ، هەرکە چوونە ناو لەشەوە ، خراپ نەخۆشی ئەخەن. هەندێکی تریان لەڕو لاوازن ، دوای گەیشتنیان بە لەش ، ئەوەندەی پێ ناچێ ئەمرن ، وەیا لەش تووشیەکی نەخۆشیەکی سووک ئەکەن زۆری پێ ناچێ چاک ئەبێتەوە. هەندێ میکرۆبی تر هەیە کە خراپەیان نی یە بۆ لەش ، وەک ئەو میکرۆبانەی کە شیر ئەکەن بە ماست.

میکرۆب چۆن ئەچێتە لەشەوە ؟

میکرۆب بە گەلێ جۆر ئەچێتە لەشەوە. گرنگەکانیان ئەمانەیە :

١ - لە دەمەوە ئەچێتە ناو سی یەکانەوە وە ئەبێ بەهۆی ڕووداوی هەندێ نەخۆشی وەک سیل و تاعون.

٢ - لە دەمەوە ئەچێتە ناو ورگەوە وە لەگەڵ خواردن و خواردنەوەی پیس و پۆخڵدا وە لە وێوە بڵاو ئەبێتەوە بە هەموو ئەندامی لەشدا وە ئەبێ بە هۆی گەلێ نەخۆشی خراپ وەک گرانەتا.

٣ - لە پێستەوە میکرۆب بە برینێکا ئەچێتە ناو لەشەوە. وەیا بە هۆی گەستنی جڕو جانەوەرەوە وەک مێشوولە کە میکرۆبی نەخۆشی لەرزو تا (مەلاریا) ئەخاتە خوێنەوە.

میکرۆبە دۆستەکان

دیارە لە سەرەتاوە سەرت لەم قسەیە سور دەمێنێت و دەڵێیت ئێمە هەر میکرۆبمان بە دوژمن بیستووە ، ئەم میکرۆبە دۆستانە چین ؟

ڕاستە میکرۆب ناوی بە خراپە ڕۆیشتووەو هەر لەگەڵ ناو هێنانی یەکسەر نەخۆشیمان بیر دەکەوێتەوە ، بەڵام هەر چەند جۆرێکی میکرۆب وا خراپن و هۆی نەخۆشی کوشندەن بان خەتەرناکن. هەر چەند جۆرێکی میکرۆب مرۆڤ نەخۆش و لاواز دەکەن. ئەوەمان بە بیردا نایەت کە میکرۆب هەیە یارمەتی هەزم کردن دەدات.

ڕووەک تووشی نزیکەی سێ سەد ، زیندەوەر تووشی نزیکەی شەست ، مرۆڤیش تووشی زیاتر لە شەست نەخۆشی دەبێت ، لەو لەخۆشی یانەی کە مرۆڤ دووچاری دەبێت ، ناوڵەو سووریژەو ئەنفلۆنزاو پەسیوو شەپڵەی مندانن.

زانست لەم مەیدانەدا سەرکەوت و زاڵ بوو بەسەر ئەو میکرۆبانەدا کە دەبنە مایەی نەخۆشی ، گەلێک پسپۆر لەم ڕووەوە پەیدا بوون ، کەوابوو ئێستا بەو پەڕی دڵنیایی یەوە دەتوانین بڵێین کە زەمانی دەرد داکەوتن و ڕشانەوەو پەتا نەماوەو ئەمەش نەما ملیۆنان کەس بە جارێک و لە ماوەیەکی کەمدا قڕیان تێ بکەوێت و هیچیان نەمێنن و لەناو بچن. ئێستا مرۆڤ بە کوتان خۆی لەم بەڵایانە ڕزگار دەکات ، ئیتر بۆ ساڵێک بێت یان بۆ چەند ساڵێک یان بە دریژایی ژیان ئەو جۆرە نەخۆشی یانە نزیکی ناکەون.

ئێستا با بێینەوە سەر سەرەتای باسەکەمان و بزانین ئایا میکرۆبی دۆست هەیە ؟ بە ڕاستی زۆر لە جێگای خۆیدا بوو کە زانایەک لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژی زانستی لە ئەمریکا ئەوەی ساغ کردەوە کە میکرۆبی زیان بەخش لە چاو میکرۆبی بێ زیان خێرخواهدا لە سێ هەزاردا یەکێکە ،

کەچـی پیـاو خـراپ لە چـاو پیـاو چـاکی جیهانـدا لە پازدە هەزاردا یەکێکە.

هەر زینـدەوەرێک کە دەمرێـت ملیۆنـان بەکتریـا هێرشـی دەبەنە سـەرو لاشـەکانیان پەراش پەراش دەکەن و دەیـکەنە خـۆراک بـۆ ئەو زینـدەوەرە کۆرپـانەی تـازە نەشـونما دەکەن و پـێ دەگەن ، ئەگەر ئەم میکرۆبـانە نەبوونـایە لەو ڕۆژە ژیـان لەسـەر زەوی هەیە تـا ئێسـتا هەمـوو لاشـە مردووەکـان دەمـانەوە ، ئینجـا وەرە سـەیر بـکە بـزانە دەشـت و دەرو شـاخ هەمـووی پڕ دەبوو ، ڕێ بەر ڕێدار نەدەکەوت.

هەنـدێک جـۆری بەکتریـا هەن لە بە پیـت کردنـی زەویـدا دەورێکـی باڵایـان هەیە ، هەوێـن بەنـاو بـانگترین میکـرۆبە کە لە خـواردن و خواردنەوەمانـدا بەکـاری دەهێنـین ، ئایـا ئەو نـانەی کە دەیخـۆین بە هەوێـن دروسـت ناکرێت ؟ !.

پەنیـرو ماسـتیش یـان بـۆ مەیـین یـان بـۆ تـام و بـۆ خـۆش کـردن هەوێنیـان دەوێـت ، هەروەهـا

سەرکەش پێویستی بە هەندێک میکرۆب هەیە ، بەو میکرۆبانە ترشەلۆکی سەرکە دروست دەبێت.

هەروەها پێستە خۆش کردن و بۆیە کردن و بۆن و مەرەکەب و لاستیکی دەستکرد میکرۆبە دۆستەکان لەم پیشەسازی یانەدا بەوەی کە تێکەڵ بوونە کیمیاوی یەکان ئاسان دەکەن خزمەتێکی گەورەی مرۆڤ دەکەن.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسەمان بهێنین ، بە پێویستی دەزانین کەمێک باسی ئەو میکرۆبە دۆستانەش بکەین کە گەلێک نەخۆشی و دەردیان چاک کردۆتەوە ، وەک پەنسلین و کلۆرۆمیستین و ئۆرۆمایسین و ئەمانە کە هەندێکیان لە بەکتریاو هەندێکی تریان لە کەروو دەگیرێن ، ئێستا ئەمانە بە جۆرێکی یەکجار فراوان بۆ تیمار کردن بەکار دەهێنرێن ، مرۆڤایەتی لە سایەی ئەمانەوە لە دەست گەلێک نەخۆشی ڕزگاری بووە.

داکەوتنی نەخۆشی

میکرۆب نەخۆشی لە کەسێکی نەخۆشەوە بگا بە کەسێکی لەش ساغ پێی ئەڵێن ((داکەوتن)).

نەخۆشی بە چەند جۆرێ دائەکەوێ :

أ - ڕاستەوخۆ : لە نەخۆشێکەوە بۆ لەش ساغێک یا بە لە یەک کەوتن یا بە نزیک بوونەوە یا بە کۆکین یا بە پژمین یا لە کاتی قسە کردنا بە دەنگی بەرز کە پریشکی میکرۆباوی لە دەم و لووتی نەخۆشەوە بەر لەش ساغ ئەکەوێ وە تووشی نەخۆشی ئەکا وەک سوورێژە ، کۆکە ڕەشەو گەلێکی تر.

ب - بە هۆی هەندێ شتەوە میکرۆبی لەخۆشی ئەگا بە لەش ساغ ، ئەو شتانە نەمانەیە :

١ - جڕو جانەوەر : وەک مێش کە نەخۆشی گرانە تا (تیفوییید) ، مێشووله کە نەخۆشی

لەرزو تـــا (مەلاریـــا) ، ئەســـپێ کە نەخۆشـــی تیفوس (ڕەشە گرانە تا) بڵاو ئەکاتەوە.

٢ - کەل و پەل ، نـــوین و جلـــوبەرگ ، کاســـەو کەوچـــک ، دەســـە ســـڕ ، قەلەم ، وە گەلـــێ شـــتی تـــر کە لە نـــاو مـــاڵ وە لە قوتابخـــانەدا بەکـــار ئەهێنرێن.

٣ - خـــواردن و خـــواردنەوەی ئەو شـــتانە کە میکرۆبـــی گەلـــێ نەخۆشـــی پیســـیان تـــێکەڵ بـــووە وەک ســـەوزەوات ، میـــوە ، شـــیر ، دۆنـــدرمەو گەلێکی تر.

٤ - ئـــاو : بەشـــی زۆری ئەو ئـــاوانەی بەکـــار ئەهێنـــرێن پـــڕە لە میکـــرۆب. ئەم میکرۆبـــانەش یـــا بە بەکارهێنـــانی ئـــاو یـــا بە خـــواردنەوەی وەیـــا بە مەلەکـــردن تیایـــا ئەچێـــتە لەشـــەوە وە تووشـــی گەلـــێ نەخۆشـــی ئەکـــا وەک : گرانەتـــا ، زەحیـــری ، بەلهارزیا وە پەیدابوونی کرمی ناو زگ.

جۆری نەخۆشی

گەلێ جۆرە نەخۆشی هەیە ، مهمەکانیان نەمانەن :

١ - نەخۆشی ساری : ئەو جۆرە نەخۆشیانەیە کە لە نەخۆشێکەوە ئەگەن بە لەش ساغ. وە میکرۆبی ئەم نەخۆشیانە ئەچێتە ناو لەشەوە ، زاووزێ ئەکا ، پەرە ئەسێنێ ، زەهری تێ ڕێ ئەدا ، وە لەش تووشی نەخۆشی ئەکا. نەم چەشنە نەخۆشیانە دوو جۆرن :

ا - هەندێ نەخۆشی لە میکرۆبەوە دا ئەکەون وە پێ یان ئەڵێن نەخۆشی درم (ساری) وەک : ئاوله ، سووریژە ، ڕشانەوە ، تاعون ، وە گەلێکی تر.

٢ - هەندێ نەخۆشی تر لە چەشنە جانەوەرێکی واوە دا ئەکەون کە لە میکرۆب نەچن بەڵام کەمێک گەورەترن پێ یان ئەڵێن (طفیلیات). ئەم نەخۆشیانە وەک لەرزو تاو بەلهارزیا ..

٣ - ئەو نەخۆشیانەی ساری نین : ئەو نەخۆشیانەیە کە بەهۆی تێک چوون وە پەشێوانی کاری یەکێ لە ئەندامەکانی لەشەوە پەیدا ئەبێ ، وەک نەخۆشی شەکر کە بەهۆی تێک چوونی کاری پەنکریاسەوە ڕوو ئەدا.

مەناعەت - بەرگە گرتن

هەموو تـــان ئەزانـــن قەڵایەک ئەگەر هێـــزی پارێزگـــاری تەواوی تیـــا بـــێ ، دەرگـــاو دیوارەکـــانی قـــایم بـــن ، وە پاســـەوانی ئـــازاو دڵسـۆزی هەبـــێ پاســـەوانی بکـــا دوژمـــن پێـــی نـــاوێرێ و هێـــزی بەسەریا ناشکێ.

هەروەهـــا لەشـــی ئـــێمەش ئەگەر هێـــزی پارێزگـــاری تەواوو قـــایم بـــی لەبەر هـــووروووژمی نەخۆشـــی و هێرشـــی میکرۆبـــدا خـــۆی ئەگـــرێ. خـــوێن یەکەم شـــتە کە ئەم هێـــزەی تیـــابێ. بەڵام نەک لە هەموویـــا بەڵکـــو لە خـــڕۆکە (کریـــات) ســـپیەکانی ناویـــا. ئەم خـــڕۆکە ســـپی بـــانە پاســـەوانی دڵســـۆزن بـــۆ پاراســـتنی لەش وە بەربەســـت کردنـــی هێرشـــی میکـــرۆب و نەخۆشی.

میکـــرۆب کە ئەچێـــتە لەشـــەوە وە ژەهـــرەکەی لـــێکەڵ بە خـــوێن ئەبـــێ ، ئەوەنـــدەی پـــێ نـــاچێ هەنـــدێ شـــتی وا لە خوێنـــا پەیـــدا دەبـــێ کە خۆیـــان لەبەر میکرۆبەکانـــدا ئەگـــرن ، لەلایەکـــی

تـــرەوە خـــرۆکە ســـپی یەکـــانیش ڕائەپەڕن وە هەمـــوو یەک ئەگـــرن بـــۆ بەربەســـت کردنـــی هێرشـــی میکرۆبەکـــان وە پاراســـتنی لەش لە نەخۆشـــی. ئەم هێـــزە کە لە خـــرۆکە ســـپی یەکانـــدا هەیە پێـــی دەڵـــێن (مەنـــاعەت - بەرگە گرتن).

بەرگە بە دوو جۆر ئەبێ :

أ - بەرگەی خـــوا کـــرد : - ئەو چەشـــنە بەرگەیەیە کە لە خـــۆیەوە لە لەشـــدا هەیە : گەلـــێ جـــار وا ڕێـــک ئەکەوێ کە دوو کەس بە یەکەوە خـــواردەمەنیەکی میکرۆبـــاوی دەخـــۆن ، لە کاتێکـــدا کە ئەبـــوایە هەردووکیـــان نەخـــۆش بکەوتنـــایە ، کەچـــی یەکێکیـــان نەخـــۆش ئەکەوێ وە ئەوی تریـــان بە ســـاغی ئەمێنێـــتەوە وە تووشی هیچ نابێ .. بۆچی ؟

لەبەر ئەوەیە کە نەخـــۆش کەوتـــوەکە ئەو هێـــزەی تیـــا نـــیە کە بەرگەی هـــووروژمی نەخۆشـــی بگـــرێ ، بەڵام لەش ســـاغەکە لەبەر ئەوەی ئەو هێـــزەی تیـــایە ، میکـــرۆب لە لەشـــیا

ناژی ، پەرە ناسێنی ، وە نەخۆش ناکەوێ. ئەم هێزە کە لە لەشدا هەیە پێی ئەڵێن ((بەرگەی خوا کرد)).

ب - بەرگەی دەست کەوتوو : - ئەو بەرگەیەیە کە یا بەهۆی تووش بوونی لەخۆشی یەکی ساری یەوە پەیدا ئەبێ ، وەک : سووریژە ، کە ئەو حەلە لە لەشی لەخۆشەکەدا دوژمن بە میکرۆبی سووریژە دێتە بەرهەم وە تا دەمێک تیا دەمێنێتەوە وە لەو ماوەیەدا هەمیشە ئەو هێزە ئامادەیە بۆ بەربەست کردنی هەموو هووروژمێکی تازەی میکرۆبی ئەم جۆرە نەخۆشیە. وەیا بەهۆی بەکارهێنانی دەرمانێکی دوژمن بە میکرۆبێکی پیس وە تێکەڵ کردنی کەمێک لەم دەرمانە بە خۆیّن بۆ ئەوەی خۆیّن ڕابێ بۆ بەربەست کردنی نەخۆشی ، هەروەک بە تووش بوونی لەخۆشی یەکە هێزی بەرگە گرتنی تیا پەیدا بوبێ.

ئێستا ئەم کردەوەیە لە گەلێ نەخۆشی وەک ئاوڵە ، گرانە تا ، ڕشانەوە ، تاعون ، وەناق وە هەندێکی ترا بەکار ئەهێنرێ کە پێی ئەڵێن کوتان (تطعیم).

بەرگە بە کەڵکی چی دێ ؟

لەم باسانەی سەرەوە بۆتان ساغ بۆوە کە بەرگە گرتن لەبەر نەخۆشی دا زۆر پێویستە. لەبەر ئەوە ئەبێ زۆر بە تەنگ خۆمانەوە بین ، شرینقە لە خۆمان بدەین ، وە کە نەخۆشی درم داکەوت ، هەم خۆمان و کەسانی تریش هان بدەین بۆ خۆ کوتان و شرینقە لێدان چونکە بەرگە گرتن تا سەر نامێنێ ، خۆ کوتان بۆ ئاوڵە دەرنەدان ئەبێ بە لایەنی کەمەوە هەموو پێنج ساڵێک جارێک تازە بکرێتەوە بەتایبەتی بۆ منداڵان وە قوتابیانی قوتابخانە.

مصل وە لقاح (متوربە)

دوو شت بۆ شرینقە لێدان بەکار ئەهێنرێ :

١ - هەندێ میکرۆبی مردوو یان زۆر لاواز وەیا تەنیا ژەهری ئەم میکرۆبانەیە کە پێی نەڵێن متوربە (لقاح).

٢ - هەندێ دەرمانی گیراوە کە بۆ بەربەست کردنی نەخۆشی بەکار ئەهێنرێ پێی ئەڵێن شرینقە (مصل).

بۆ دەست کەوتنی دەرمانی شرینقە ، یا ژەهرەکەی بە شرینقە ئەدرێ لە لەشی گوێرەکە ، ولاخ وە کەرۆێشک ، دوای ئەوە لە هۆێنەکەیان شرینقە بە چەشنێکی تایبەتی دروست ئەکرێ وە بەکار ئەهێنرێ.

سوورکە (حمراء)

سووركە يەكێكە لە نەخۆشييەكانى پێست. نيشانەى تووش بوونى ئەم نەخۆشييە ، تا لێ هاتن وە وە ژەهراوى بوونى لەشە. ڕاستەوخۆ وەيا بەهۆى شتى تروە لە نەخۆشەوە ئەگا بە لەش ساغ. ئەم نەخۆشييە زۆر جار بەهۆى برينى پێست تووشى ئادەميزاد دەبێ.

خۆپاراستن و چارە كردن :

١ - جوێ كردنەوەى نەخۆش وە چاودێرى كردنى لەلايەن دوكتۆرەوە بۆ ئەوەى كەس لەوەوە تووشى ئەم نەخۆشييە نەبێ.

٢ - پاك كردنەوەى هەموو شتوومەك و كەلوپەلى نەخۆش بە دەرمان.

٣ - پرس كردن بە دوكتۆر بۆ دانانى ڕێو شوێن بۆ خۆپاراستن.

بەلهارزیا

بەلهارزیـــــا (میـــــزی خـــــوێنین) لە وڵاتە گەرمەکانـــــــــدا وە بە تـــایبەتی لە وڵاتـــی ئـــێمەدا هەیە. ئەم نەخۆشـــــییە بە هـــۆی هەنـــدێ کرمـــی تـــــایبەتی یەوە ئەگـــا بە لەش ســـــاغ. ئەم کرمـــانە لە نـــاو دەمارەکـــانی خـــوێنی لـــاو لەشـــی نەخۆشـــدا نەژیـــن وە لەوێـــوە ئەچـــنە لـــاو بـــۆڕی میزڵـــدانەوە دەبـــوی نـــاوەوەی ئەم شـــوێنانە بریـــندار ئەکەن تـــا دڵتە خوێن وە خوێنەکە لەگەڵ میزدا.



کرمی بەلهارزیا

لەنیـــنەوەی بەلهارزیـــا : ئەگەر ئـــاوی گـــۆل یـــا جـــۆگە یـــا حەوزێـــک میکرۆبـــی ئەم نەخۆشـــییەی تـــێکەڵاو بـــووبێ وە یەکێکـــی لەشی ســـاغ لەم شـــوێنانەدا مەلە بکـــا یـــا قـــاچی تـــێ بخـــا یـــا لێـــی بخـــواتەوە وەیـــا بـــۆ هەر شـــتێک بـــێ ئـــاوەکەی

بەکـــــار بێنـــــێ ، میکرۆبەکـــــانی لە بەینـــــی پەنجەکـــانی پـــێ یەوە تـــێکەڵ بە بـــۆڕی یەکـــانی خـــوێن ئەبـــن تـــا ئەگـــاتە نـــاو میزڵـــدان وەیـــا کـــۆم وە لەم شـــــوێنانەدا نیشـــــانەی نەخۆشـــــی یەکە دیاری ئەدا.

خۆپاراستن : -

١ - لە نـــاو چەم ، جـــۆگەدا ، زۆنگـــاوو جـــۆگەلەدا مەلە مەکە ، لـــێ یـــان مەخـــۆرەوە قـــاچتی تـــێ مەخە.

٢ - بـــۆ کوشـــتنی میکرۆبـــی بەلهارزیـــا لە ئـــاودا چـــاکتر ئەوەیە ئەم ئـــاوە یـــا بکوڵێنـــدرێ وەیـــ پـــێش بەکـــار هێنـــانی تـــا دوو ڕۆژ بە لایەنـــ کەمەوە لە نـــاو قـــاپی پاکـــدا دابنـــرێ وە کە مـــاڵەوە یـــا لەو شـــوێنانەدا کە ئەم جـــ نەخۆشـــی یەی تێـــدا بـــڵاو بـــۆتەوە ئەگەر بـــ مەلە بـــکەی یـــا ئـــاو بخـــۆیتەوە ئەبـــێ لە پێشـــ بزانیـــت ئایـــا ئەو ئـــاوە بە یەکێـــک لەو دوو ـــ کە لە ســـەرەوە باســـمان کـــرد پـــاک کـــراوەتـــ نە !

٣ - میـــز مەکەرە نـــاو چەم وە جـــۆگە وە مەهـــێلە کەســـی تـــریش وا بـــکە چـــونکە ئەمە کردەوەیەکـــی ناشـــیرین و بـــێ جـــێ یە. ئەگەر تووشـــی بەلهارزیـــا بوویـــت بە میـــز کردنـــت بـــۆ نـــاو ئەم شـــوێنانە زیـــان ئەگەیەنێـــت بە هاونیشـــتمانەکانت وە گەلـــێ کەســـی بـــێ گونـــاە تووشی ئەم نەخۆشی یە ئەکەیت.

هەرکە هەســـتت بە نیشـــانەی ڕوودانـــی ئەم نەخۆشـــییە کـــرد ، دەســـت بەجـــێ خـــۆت پیشـــانی دوکتـــۆر بـــدە ، وە ئەبـــێ بزانیـــت کە هەمـــوو جـــۆرە نەخۆشـــی یەک لە پێشـــەوە بە ئاســـانی چـــارە دەکرێت ، کەمتەرخەمی مردنی لە شوێنە.

خۆ شوشتن

مەبەست لە خۆ شوشتن پاک کردنەوەی هەموو لەشە ، کە ئەمە زۆر پێویستە بۆ ژیان ، چونکە مانەوەی پیسی لەسەر پێستی لەش کونە وردەکانی ئەگرێ وە ئیتر ئارەق دەر نادەن لەبەر ئەمە خۆ شوشتن بۆ لەش زۆر باشە وە دەمی ئەم کونانە ئەکاتەوە وە ئەبێ بە هۆی ئاسان بوونی هاتوچووی خوێن بە هەموو لەشدا.

خۆ شوشتن بە چەند جۆرێک ئەبێ موهیمەکانی ئەمانەیە : خۆ شوشتن بە ئاوی ساردو سابوون لە جیاتی ئاوی گەرم : ئەم خۆ شوشتنە زۆر بە کەڵکی لەش دێت ،

لێنکـــــی دەکـــــاتەوە بەڵام ئەبـــــێ زۆری پێـــــوە خەریـــــک نەبـــــین وە هەر بە هاوینـــــان ســـــەر لە بەیانی.

خـــۆ شوشـــتن بە ئـــاوی گەرم وەک لە نـــاو ئـــێمەدا بـــاوە بەڵام ئەبـــێ ئـــاوەکە شـــلە تـــین وە شـــوێنی خـــۆ شوشـــتن پـــاک وە گەرم بـــی. ئەم خـــۆ شوشـــتنە بـــاش لەش پـــاک ئەکـــاتەوە دەمـــی کونەکـــانی نـــاو پێســـت دەکـــاتەوە وە لەش وریـــا ئەکـــــا. وە ئەبـــــێ بە لای کەمەوە هەفـــــتەی جارێک بەم چەشنە لەش بشوێ.

هەنـــدێ ئامۆژگـــاری هەیە کە ئەبـــێ پەیـــڕەوی بـــان بکـــرێ لە کـــاتی خـــۆ شوشـــتندا ، ئەگینـــا خـــۆ شوشتن خراپەی زۆرتر ئەبێ لە چاکە :

١ - نـــابێ ڕاســـتەوخۆ دوای نـــان خـــواردن لە کاتێکـــدا کە زۆرمـــان خواردبێـــت و تێـــر بـــین ، هۆمـــان بشـــۆین ، بەڵکـــو ئەبـــێ ســـەر لەبەیـــانی بـــان دوای نـــان خـــواردن بە دوو ســـێ ســـەعات هۆمان بشۆین.

٢ - نـــابێ دوای مانـــدوو بـــونێکی تەواو یـــا پەســـت بوون خۆمان بشۆین.

٣ - ئەوانەی تووشـــی نەخۆشـــی دڵ یـــان ســـنگ بـــوون نـــابێ بە ئـــاوی ســـارد خۆیـــان بشـــۆن ، بە تایبەتی لە کاتێکا کە هەوا سارد بێ.

٤ - ئەبـــێ حەمـــام پـــاک و تەمیـــز وە بە ســـابوونی باش خۆمان بشۆین.

٥ - نـــابێ لەش لە ئـــاوی گـــۆم ، زۆنـــگ وە جـــۆگەدا بشـــۆردرێ ، چـــونکە خـــۆ شوشـــتن لەم چەشـــنە ئـــاوانەدا لەش تووشـــی گەلـــێ نەخۆشـــی ئەکا.

ماندوو حەسانەوە وە نوستن

هەمووو کەس دوای ئیش کردنی چەند سەعاتێک یان یاری کردن وەیان دەرس خوێندن ، هەست بە ئازارێکی کەم ئەکا لە لاچیا یا قورساییەک لە لەشیا وە ئیتر هێزی یاری یا ئیش کردنی نامێنێ ، هەست کردن بەم ئازارە پێی ئەڵێن ((ماندوو بون)). هەندێ ئیشی وا هەیە خێرا لەش ماندوو ئەکا وەک ڕاکردنی زۆر ، هەڵگەڕان بە ڕێگای بەرەو ژوورەدا یا هەڵگرتنی شتی قورس. نەشی سوک لەش درەنگ ماندوو ئەکا. لەش کە ماندوو بوو ئیتر ناتوانێ لەسەر ئیش کردن بڕوا بەڵکو ئەبێ بحەسێتەوە. لەبەر ئەوە هەسانەوە پێویستە بۆ ژیان چونکە لەش گورج ئەکاتەوە.

باشترین حەسانەوە بۆ لەش دوای ماندوو بوونی ڕۆژ نوستنە. ماوەی نوستن بە پێی کەمی و زۆری ئیش وە بە پێی گەنجی و پیری ئەگۆڕێ ، منالی ساوا لە گەورە ، ژن لە

پیـــاو وە ئـــیش کەر لە بـــێ ئـــیش زیـــاتر پێویستیان بە نوستن هەیە.

بـــۆ نوســـتن هەنـــدێ ئامۆژگـــاری هەیە ، ئەگەر بمـــانەوێ کەڵکـــی لـــێ وەرگـــرین ئەبـــێ پەیـــڕەوی یان بکەین کە ئەمانەن :

یەکەم : ئەبـــێ ژووری نوســـتن پـــاک ، وە هەوای نـــاوی ســـاف ، وە پەنـــجەرەی تەواوی تیـــابێ بـــۆ ئەوەی هەمیشە ڕووناکی وە هەتاو بیگرێتەوە.

دووەم : نـــابێ ڕاســـتەوخۆ دوای نـــان خـــواردن لە کاتێکـــدا کە ورگ پـــڕە لە خـــواردەمەنی بنـــوین ، بەڵکـــو ئەبـــێ دوای نـــان خـــواردن بە لایەنـــی کەمەوە بە دوو سێ سەعات ئینجا بنوین.

ســـێ یەم : ئەبـــێ بـــیکەین بە خـــوو لە کـــاتی نوســـتندا بە لـــووت هەناســـە بـــــــدەین ، دەم بقوچێنین وە سەر دانەپۆشین.

برین پێچ



برین پێچ پارچەیەک قوماشە لە لۆکە یا خوری یا کەتان دروست کراوە. لەسەر دەرمان وە لۆکەوە لە برین یا لە شوێنی شکاو یا لەو شوێنەی لەجێ چوە ئەپێچرێ.

برین پێچ چەند جۆرێکی هەیە ، هەندێکیان سێ گۆشە وە هەندێکی تریان چوار گۆشەیە ، بەڵام ئەوەی لە هەموویان زیاتر بەکار نەهێنرێ دریژەکانیانە.

بۆ پێچانی یەکێ لە ئەندامەکانی لەش بەم برین پێچانە ، ئەبێ پەیرەوی ئەم ئامۆژگاری یالەی خوارەوە بکرێ :

١ - برین پێچ ئەبێ بە دەرمان پاک و خاوێن بکرێت وە لە جارێک زیاتر بەکار نەهێنرێ تا

دیسان بە دەرمان پاک نەکرێتەوە. وە هەرکە پیس بوو ئەبێ بگۆڕدرێ.

٢ - سەرێکی برین پێچەکە لە شوێنی برین یا ئازارەکە توند ئەکرێ ، ئینجا لە خوارەوەی ئەندامەکەوە بۆ سەرەوە دەست ئەکرێ بە پێچانی وە ئەبێ هەموو پێچەکان لە رێکی یەکتر بن.

٣ - پێچەکان نابێ زۆر توند بن نەک ئازاری شوێنە پێچراوەکە بدەن.

کورتەیەکی مێژوویی خانە



خانەکانی تەپەدۆر وەک ڕۆبرت هووک دی

لەبەر ئەوەی خانە بە وردبین نەبێت لابینرێت کەواتە پێش داهێنانی زەرەبین خانە نەدۆزراوەتەوە.

ڕاستی یەکەی لە ساڵی (١٦٦٥) ی بوونی دا زانایەکی ئینگلیزی (ڕۆبەرت هوک) لاو ، زەرەبینی گەورەکەری بەکار دەهێنا ، دی کە تەپەدۆر لە ژووری بچووکی ئەوتۆ پێکهاتووە کە دیواری پتەو دەوری داوە ، ئەم ژوورانەشی ناو نا خانە ، چونکە لە خانەکانی شانەی هەنگ دەچوون.

لە ساڵی ١٨٣١ ی بوونی دا زانایەکی ئینگلیزی تر کە ناوی (ڕۆبەرت براون) بوو بینی کە لە هەموو خانەیەکی ڕووەکدا تەنێکی بچووک هەیە ناوی نا ناووک.

لە ســـــاڵی ١٨٤٠ ی بـــــوونی دا زانـــــایەکی بەلجیکـــی کە نـــاوی (جۆهـــانس برکنجـــی) بـــوو ناوەڕۆکی خانەی ناو نا (پرۆتۆپلازم).

لە ســـاڵی ١٨٦١ یشـــدا زانـــایەکی تـــر کە نـــاوی (مـــاکس شـــولتز) بـــوو ، ڕوونـــی کـــردەوە کە پرۆتۆپلازم ماددەی زیندووی ناو خانەیە.

هەروەهـــا دوو زانـــای ئەڵمـــانی کە ناویـــان (شـــڵایدن و شـــوان) بـــوو ڕوونیـــان کـــردەوە کە هەمـــوو زینـــدەوەرێک ڕووەک بێـــت یـــان گیـــانەوەر لە خـــانە پێـــک هـــاتووە. بە واتـــایەکی تـــر کە خـــانە یەکەی پێهاتنی زیندەوەرە.

شێوەی خانە

خانە لە شێوەدا لە یەک جیاوازن ، خڕۆکەی سووری خوێن لە شێوەی خەپلەی بچووک دایە. هەندێک خانە لە شێوەی شەش پاڵوو، یان لە شێوەی بۆڕی دان و بەم شێوەیە ..

بەکتریا



شێوەکانی بەکتریا

زینـــــــــدەوەرێکی مایکرۆســـــــکۆپی بچـــــــووکی یەک خـــانەی ســـاکارە. بەکتریـــــــــا زۆر شـــــــێوەی هەیە : خـــڕ ، چیلکەیـــی ، لـــوول یـــان لـــوولە یـــان چەمـــاوەیە وەکـــو پیتـــی واو ، دەزوولەیـــــی بە شـــــێوەی دەزوولەی باریـــــک و درێژ.

پەیوەندی بەکتریا بە مرۆڤەوە

زۆر کەس وا تێ ئەگەن کە بەکتریا بە گشتی زیندەوەرێکی زیان بەخشە بەڵام ئەم بڕوایە ڕاست نیە ، چونکە زۆر بەکتریا سوود بەخش و بە کەڵکن بەڵام هەندێکیان زیان بەخشن و ئادەمیزادو گیانەوەرو ڕووەک تووشی گەلێ نەخۆشی دەکەن.

١ - بەکتریای سوود بەخش وەکو بەکتریای گەنین و ڕزین :

بە هۆی بەکتریای گەندە خۆرەوە هەرکە زیندەوەر مرد دەگەنێ و دەڕزێت ، کرداری ڕزین یەکێکە لە پێویستی یەکانی ژیان ، چونکە ئەگەر ئەمە نەبوایە ، لاشەیەکی بێ شومار لەسەر ڕووی زەوی و ژێر زەوی کەڵەکە دەبوو ، ژیانیشی سەخت دەکرد.

٢ - بەکتریای زیان بەخش : بەکتریای زیان بەخشیش دوو جۆرە :

١ - ئەو بەکتریـــایەی دەبێـــتە هـــۆی بـــۆگەن بـــوونی خـــواردەمەنی : جـــۆرێکە لە بەکتریـــای گەنـــدە خـــۆر کە پـــرۆتینە ماددەکـــانی خـــۆراک دەڕزێنێـــت ، هەنـــدێک ڕزیـــن بـــۆنێکی ناخۆشـــی قێزنـــی لـــێ دێـــت وەک ئەو بـــۆنەی لە گۆشـــتی پـــیس و هـــێلکەی بـــۆگەن دێـــت ، ئەمـــانەش هەنـــدێکیان ژەهـــراوین و دەبـــنە کوشـــتنی گەلێـــک کەس. لەبەر ئەوە گەلێـــــک ڕێـــــگە هەیە بـــــۆ پاراســـتنی خـــۆراک وەکـــو خســـتنە نـــاو ســـەهۆڵەوەو وشـــک کـــردنەوەو خـــوێ کردنـــی هەنـــدێک و بەکـــار هێنـــانی شـــەکر بـــۆ هەنـــدێکی تـــر. کارگەکـــانی خســـتنە قوتـــووش پـــاکژ کـــردن بـــۆ پاراستنی خۆراکی هەڵگیراو بەکار دەهێنن.

٢ - بەکتریای نەخۆشی :

هەنـــدێک بەکتریـــا مـــرۆڤ تووشـــی نەخۆشـــی ترسناک دەکەن ، لەو نەخۆشی یانە :

١ - نەخۆشـــی گرانەتـــا (تایفۆئیـــد) و ڕشـــانەوە ، کە بە هـــۆی ئەو خـــۆراک و خـــواردنەوەیە بـــڵاو

دەبـــــنەوە کە بە بەکتریـــــای گرنەتـــــاو ڕشـــــانەوە (الکولیرا) پیس دەبن.

٢ - ســـــیل : کە بە هـــــۆی هەڵمژینـــــی هەوای بە بەکتریـــای ســـیل پـــیس پـــیس بـــوو تووشـــی ســـی یەکـــــان دەبێـــــت. بەم بەکتریـــــایەش دەڵـــــێن ((چیلکەکانی کوخ)).

مشە خۆری مەلاریا (پلاسمودیۆم)

مەلاریـــا وشـــەیەکی لێکـــدراوە لە دوو وشـــەی ئیتـــاڵی پێـــک دێـــت ، ((مـــال)) واتە پـــیس و ((اریـــا)) واتە بـــا ، چـــونکە لە کۆنـــدا بـــاوەڕ وابـــوو کە نەخۆشـــی مەلاریـــا بە هـــۆی ئەو بـــا پیســـە بـــۆگەنەوە پەیـــدا ئەبێـــت کە لە گـــۆم و زۆنگاوەکانەوە دێت.

ســـاڵی ١٨٨٩ مانســـونی زانـــا ســـەلماندی کە نەخۆشـــی مەلاریـــا پەیوەنـــدی بە مێشـــولەی ئەنـــۆفیلس هەیە ئەویـــش بە گواســـتنەوەی نەخۆشـــی ی نـــاوبراو بـــۆ هەنـــدێک خـــوێنخش (متطـــوع) ی ســـاغ کە دانـــی یە بەر پێـــوەدانی مێشـــوولەی مێـــی ئەنـــۆفیلس کە لە ئیتالیـــاو ئینگلتەراوە هێنا بووی.

نـــۆرەی مەلاریـــا : پـــێش نـــۆرەی مەلاریـــا ، نەخـــۆش هەســـت بە زیـــاد بـــوونێکی کەمـــی پـــلەی گەرمـــی لەشـــی و ژانە ســـەرو پشـــت و ســـک ئێشـــە دەکـــات لەگەڵ بـــێ هێـــزی و دڵ هـــیچ نەبـــردن لەش داهێزرانـــدا. بە هـــۆی ئەم

نیشانانە نەخۆش بۆی دەرکەوێت کە نۆرەی نەخۆشی یەکەی بەڕێوەیە. جاری واش هەیە نۆرەکە لە پڕ پەیدا دەبێت.

نۆرەی مەلاریاش بە سێ قۆناغی یەک لە دوای یەکدا دەڕوات کە ئەمانەن :

١ - قۆناغی لەرز : لەم قۆناغەدا لەرزێکی تۆند دای دەگرێت ، ئەم قۆناغەش سەعاتێک یان دووان دەخایەنێت.

٢ - قۆناغی تا : لەم قۆناغەدا لەرزەکەی دادەمرکێتەوەو تای لێ دێت دەمو چاوی سوور هەڵدەگەڕێت و ترپەی (لێدانی) دڵی خێرا دەبێت ، هەست بە تینوێتی و دڵ تێک هەڵاتن دەکات و تووشی ژانە سەر دەبێت و پلەی گەرمی دەگاتە (٤٠° س) ، ئەم قۆناغە ٨ - ١٢ سەعات دەخایەنێت.

٣ - قۆناغی ئارەق کردنەوە : نەخۆشەکە لەم پلەیەدا بۆ ماوەی سەعاتێک ئارەقێکی زۆر

دەکـــاتەوە ، ژانە ســـەرو دڵ تێـــک هەڵاتـــنەکەی نامێنێـــت تـــرپەی دڵـــی و هەناســـە دانـــی ئاســـایی دەبێـــتەوە ، ئینجـــا پـــلەی گەرمیشـــی نـــزم دەبێـــتەوە ، بەڵام هەســـــت بە مانـــــدویەتی دەکـــــات و خەو دەی بـــاتەوە ، بە جۆرێـــک بـــۆ چەنـــد ســـەعاتێک دەکەوێـــتە خەوێکـــــی خۆشـــــەوە ، کە بە ئاگـــاش دێـــــتەوە ، هەروەک لە نەخۆشـــــی یەکە چـــــاک بـــــووبێتەوە وایە ، تـــــا دوو ڕۆژ بەم جـــــۆرە دەمێنێـــــتەوە ئینجـــــا جـــــارێکی تـــــر لێـــــی هەڵ دەداتەوە.

ڕێگای خۆپاراستن و نەهێشتنی مەلاریا : -

١ - چـــاک کـــردنەوەی نەخـــۆش بە هـــۆی بەکـــار هێنـــانی ئەو داوو دەرمانـــانەی کە مشـــە خۆرەکـــان لە ناو لەشی مرۆڤدا دەکوژن.

٢ - لە نـــــاو بردنـــــی ئەو مێشـــــوولانەی مشـــــە خۆری مەلاریا دەگوێزنەوە ، بە هۆی :

أ - نەهێشـــــتنی شـــــوێنی زۆر بـــــوونی بە پـــــڕ کردنەوەو وشک کردنی گۆم و زۆنگاوەکان.

ب - ماددەی ژەهراوی کوژەرو خنکێنەر بەکار بهێنین بۆ کوشتنی کرمۆکەی مێشووله که نایەڵێت هەناسه بدات.

ج - له ناو بردنی مێشووله بەهۆی دەرمان ڕشتن وەکو (D . D . T)

٣ - پاراستنی مرۆڤی لەش ساغ بەهۆی :

ا - دەرگاو پەنجەرەکان تەله هێلەکی وردیان پێدا بگیرێت به تایبەتی لەو شوێنانەدا که مەلاریایان تێدا بڵاوه.

ب - ئەو بەشانەی لەش چەور بکەین که به دەرەوەن وەکو دەم و چاوو دەست و قاچ ، به بەکار هێنانی ئەو ماددانەی مێشووله‌یان لێ دوور دەکەوێتەوه.

کرمی بەلهارزیای ڕێبازی میز

کرمی بەلهارزیا بە ناوی (بەلهارز) ی زانای ئەڵمانی یەوە لە میسر دۆزی یەوە. ئەم کرمە لەو لوولەی خوێنانەدا دەژی کە خوێن لە جۆگەی هەرسەوە (قناة هضمية) بەرەو جگەر کۆ دەکەنەوە ، واتە لقەکانی خوێنهێنەرێک کە پێی دەڵێن دەرگە خوێنهێنەری جگەر ، هەروەها لە خوێهێنەرە بڵاو بوەکانی ناو میزڵدانیشدا دەژین.

زیانی کرمی بەلهارزیا : کە هێلکەکان دیواری میزڵدان دەبڕن دەبنە هۆی ئازارو خوێن بەر بوون و لەگەڵ میز کردندا خوێن دەردەکەوێت. لەبەر ئەوە بە بەلهارزیا وتراوە نەخۆشی میزی خوێناوی. تووش بوو لە کاتی میزکردندا هەست بە سووتانەوە دەکات ، دوای تەواو بوونی میزکردن چەند دڵۆپێک خوێن دێتە دەرەوە. لە کاتی تووش بوونی سەختدا نەخۆشەکە تووشی کەم خوێنی و لاوازی و بێ هێزی خواردن دڵ نە بردن و

سووتانەوەی میزڵدان دەبێت و لەوانەیە ببێتە شێرپەنجەی میزڵدان ، هەروەها سپڵی دەئاوسێت و جگەری ڕیشاڵ ڕیشاڵ دەبێت.

ڕێگای خۆپاراستن و بەرگری :

١ - ڕێگا نەدان بە تووش بوو کە میز بکاتە جۆگەو ڕووبارەوە ، ئاموژگاری بکرێن کە لە ناوەدەست دابنیشن و چارەسەریشیان بکرێت.

٢ - مەلە نەکردن و خۆ نەشوشتن لە ناو جۆگەلەو زۆنگاوو ئەو ئاوانەی کە گومانی پیس بوونیان لێ دەکرێت.

٣ - لەناو بردنی پێچ لووڵەکان بەهۆی بەکار هێنانی دەرمانی پێچ لوول کوژو بەخێو کردنی نەو گیانەوەرانەی کە لەسەر خواردنیان دەژین وەک قازو مراوی و هەندێک ماسی.

٤ - کوڵاندنی ئاوی ڕووبار پێش خواردنەوەو بەکار هێنانی.

٥ - باڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیری تەندروستی لە نێو دانیشتواندا.

کرمی ئەسکارس (ماری سک)

ئەسکارس کرمێکە لە شێوەی بۆڕی دایە ، لە کرمە دەزوویی یەکانەو لە وڵاتە گەرمەکانی هێلی ئیستیواو نیمچە گەرمەکان و فێنکەکان دا دەژی.

ئەم کرمە لە ڕیخۆڵە باریکەی مرۆڤ و هەندێک گیانەوەری بڕبڕەداری تری وەکو ولاخی بەرزەو ڕەشە ولاخ دا دەژی. هەر گیانەوەرێکیش لەمانە کرمی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو جۆرەش کە مشەخۆرەو لەسەر مرۆڤ دەژی دەتوانین لە ناو پیسایی نەخۆشدا بە بینین بە تایبەتی دوای خواردنی دەرمانی کرم.

ئەسکارس گەورەترین دەزوە کرمی یەک توخمەیە ، مێ یەکانیان لە نێرەکانیان درێژ ترەو ئەستوورترن.

تەنینەوە :

نەگەر مرۆڤێکی ساغ خواردن و خواردنەوەی پیس بوو بەو هێلکەیەی کە ئەو کرمۆکەی تێدایە ، ئەوا پاش تەواو بوونی ماوەی پێویست بۆ گەشەکردنی ، کە گەیشتە ڕیخۆڵە بەهۆی ئاووگەکانی ڕیخۆڵەوە تۆێکڵەکەی دەتوێتەوەو کرمۆکەکەی لێ دێتە دەرەوە.

لەبەر زۆر هۆی شوێنەواری فسیۆلۆجی ، ئەم کرمۆکانە ڕیخۆڵە بەجێ دەهێڵن بە کون کردنی دیوارەکانی ، لە ڕێگەی خوین یان لیمفەوە دەچن بۆ دڵ و لەوێشەوە بۆ سی بەکان ، لەوێش دیواری سیکلدانۆچکەکان دەبڕن و دەچنە ناویەوە ، ئەگەر ژمارەیان زۆر بوو دەبنە هۆی خوێن بەربوونێکی کەم و ساووتانەوەی جووتە سی. لە سی یەکانیشەوە بە ڕێگەی بۆڕیچکەو بۆڕی هەواو قورقوراگەوە بەرەو گەروو سوڕێنچک دەڕۆن ، ئینجا دەگەنە گەدەو دوایی دەگەنە ڕیخۆڵە باریکە ،

لەوێدا جێ گیر دەبن و گەشە دەکەن ، تا لە ماوەی دە هەفتەدا پێ دەگەن.

زیانی کرمی ئەسکارس

أ - کرمۆکەکان : کە کرمۆکەکان دیواری ڕیخۆڵەکان دەبڕن کەمێک خوێنی لێ دێنن ، هەروەها خوێنیش لە دیواری موولووڵە خوێنەکانی دەوی سیکڵدانۆچکە هەوایی یەکان دێنن. خۆ ئەگەر مرۆڤ بە سەختی تووش بوو ، ژمارەی کرمەکان زۆر بوو ، لەوانەیە هەست بە هەناسە تەنگی و کۆکە بکات ، جگە لەوەی ڕەنگە هەندێک نیشانەی سی سووتانەوەشی لێ دیاری بدات.

ب - کرمی پێ گەیشتوو : زیان گەیاندنی ئەم کرمانە لەسەر ژمارەکەیان وەستاوە. ئەگەر ژمارەیان کەم بوو ، ڕەنگە هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆی لێ دیاری نەدات ، هەرچەندە هەندێک جار هەست بە سک ئێشەو ژان و هێلنج دەکات هەندێک جاریش ڕشانەوەش لەگەڵ بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی. خۆ

نەگەر بە ژمارەی زۆریش بوو ، ئەوسا ڕیخۆڵە بەجێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە جۆگەی زراوو دەبنە هۆی داخستنی و تووش بوونی نەخۆشی زەردوویی (الیرقان).

هەروەها لەوانەشە بەرەو گەدە بچن و ببنە هۆی ڕشانەوە ، یان بچنە ناو ڕیخۆڵە کوێرەو بی سووتێننەوە. زۆر بوونی ژمارەی ئەم کرمە دەبێتە هۆی لەیەک ئاڵانیان ڕیخۆڵە دەگرن و نەمەش لەوانەیە ببێت بەهۆی مردن. سەرەڕای ئەم زیانانەش کە باسمان کرد کرمەکە هاوبەشی مرۆڤی تووش بوو دەکات لە خۆراکیا کە دەبێتە هۆی بەد خۆراکی ، نەمەش سەرەڕای ئەو زیانانەی کە لە نەنجامی ئەو ژەهرەی دەی ڕژێنێتە ناو ڕیخۆڵەوە پەیدا دەبێت.

ڕێگاکانی تەنینەوە :

١ - ئەگەر خـــواردن و خـــواردنەوەی مـــرۆڤ هـــێلکەی ئەو کـــرمەی تێـــدا بـــوو ، تەنیـــنەوە ڕوو دەدات. خـــۆراکیش بەم هۆیـــانەی خـــوارەوە پیس دەبێت :

١ - بەهـــۆی دەســـتەوە : ئەمەش بە زۆری لە نێـــوان ئەو منـــدالانەدا دەبێـــت کە لەو شـــوێنەی پیسایی لێ دەکەن یاریشی لێ دەکەن.

٢ - پەیـــین : پەیـــین کردنـــی کشـــتوکاڵ بە پیســـایی مـــرۆڤ یاریـــدەی پـــیس کردنـــی ســـەوزە دەدات بە هـــێلکەی درم (المعـــدی) ، لەوانەشـــە مـــرۆڤ ئەو جـــۆرە ســـەوزەیە بەبـــێ کوڵانـــدن و باش شوشتنەوە بخوات.

٣ - مـــێش ڕاســـتەوخۆ بەهـــۆی قاچەکـــانی یەوە هـــێلکە درمەکـــان لە شـــوێنەکانی خـــۆیەوە دەگـــوێزێتەوە بـــۆ نـــاو ئەو خـــواردەمەنی یـــانەی کە ســـــــەریان دانەپۆشـــــــراوە ، بەمەش ئەو خواردەمەنی یانە پیس دەبن.

ڕێگای خۆ پاراستن و بەرگری :

١ - شوشـــــتنەوەو پـــــاکژ کردنـــــی (تەعقـــــیم) سەوزەی تەڕ لەپێش خواردنی دا.

٢ - پـــــاکژ کـــــردنەوەی ئـــــاوی خـــــواردنەوەو نەخـــــواردنەوەی ئەو ئـــــاوەی پیســـــی لـــــێ دەردەکەوێت.

٣ - پیســـــایی نەکـــــردن لە زەوی کشـــــتوکاڵ و لە نزیک سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە.

٤ - چـــــوونە لای پزیشـــــک و چـــــارەکردنی نەخۆشی بە بەکارهێنانی دەرمانی پزیشکی.

٥ - بـــــڵاو کـــــردنەوەو بەرزکـــــردنەوەی ڕادەی ڕۆشنبیری و تەندروستی دانیشتوان.

کرمی ئەنگلستۆما (قولاپە کرمە)



سووڕی ژیانی کرمی نەنگلستۆما

کرمی ئەنگلستۆما لە هەموو ناوچە گەرمەکانی هێلی ئیستیواو نیمچە ئیستیوادا بڵاو دەبێتەوە ، تەنانەت لە کانەکانی ناوچە ساردەکانیش کە لە ڕووی شێ و پلەی گەرمی پێویستەوە یاریدەدەی تروکانی هێلکەو گەشەی کرمۆکەکانی دەدەن.

کرمی ئەنگلستۆما لە بەشی سەرەوەی ڕیخۆڵە باریکەی مرۆڤدا دەژی ، بەهۆی دەمی یەوە کە ددانی ڕەق و پەڕەی تیژی تێدایە خۆی بە ناوپۆشی (بطانة) ڕیخۆڵەوە گیر دەکات.

کرمی ئەنگلستۆما ، کرمێکی بچووکی بۆڕی شێوەی لووسی پەمەیی یە. مێ یەکان درێژترو ئەستوورترن لە نێرەکان و درێژی

یـــان ١٢ ملـــم و تیـــرەکەی لە نیـــو میللیمەتـــر کەمترە.

بە ســـەیر کردنـــی لای دواوە دەتـــوانین کرمـــی نێـــر لە کرمـــی مـــێ جیـــا بکەیـــنەوە : لای دواوەی مـــێ یەکـــان تیـــژە هەرچـــی لای دواوەی نێرەکەشـــە تەخـــت و پـــان و تۆزێـــک بۆشـــە. ئەم بەشـــە یـــارمەتی نێـــرە دەدات بـــۆ ئەوەی لە کـــاتی جـــووت بوونـــدا خـــۆی بە مـــێ یەکەوە گیـــر بکـــات. لەلای دواوەی نێـــرەدا کـــونێکی هـــاوبەش هەیە بە شـــێوەی کـــۆم و کـــونی زاووزێ بەکـــاری دەهێنێـــت و پاشـــەڕۆی لێـــوە دەر دەکـــات و هەروەهـــا تۆویشـــی لێـــوە دەردەچێـــت. هەرچـــی مـــێ یەیە کـــونی زاووزێـــی جیـــایە لە کـــونی کـــۆم وە دەکەوێـــتە ســـەرەتای ســـێ یەکـــی دواوەی لەشـــی کـــرمەکەوە ، بەڵام کـــونی کـــۆم دەکەوێـــتە کەمێک پێش کۆتایی دواوەی کرمەکە.

سووڕی ژیان :

سووڕی ژیانی کرمی ئەنگلستۆما بە کورتی : مێ یەکانیان هێلکەی زۆر دەکەن ، ئەم هێلکانە لە خاکدا دەتروکێن و کرمۆکەی وەکو کرمیان لێ پەیدا دەبێت و دەخۆن و کاژ دادەمالن و لە دوا کاژدا دەمێننەوەو دڕێژی یان دەبێت بە نیو ملیمەتر و دەبن بە درم و لەشی مرۆڤ لە ڕێگەی قلێشەکانی قاچی یەوە دەبڕن و بە خوێندا دەڕۆن بۆ دڵی و لەوێوە بۆ سی یەکانی و بە ڕێگەی بۆڕی هەوادا دەگەنە قورگ و ڕاگەو لەوێوە بە سوڕینچک و گەدەدا ڕەت دەبن و دەگەنە ڕیخۆڵەکانی ، جا لێرەدا گەشە دەکەن و دەبن بە کرمی تەواو.

زیانەکانی کرمی ئەنگلستۆما :

١ - لەگەڵ تەنیـــنەوە دەســـتی پـــێ کـــرد ، مـــرۆڤ هەســـت بە خرۆشـــێکی زۆر دەکـــات ، بەهـــۆی پێســـت کـــون کـــردنیەوە لەلایەن کرمـــۆکەوە ، پـــاش ئەوە پێســـت دەســـووتێتەوەو ســـوور هەڵـــدەگەڕێت لەوانەشـــە ئەوە ببێـــت بەهـــۆی جـــۆرە لیرێکـــی پێســـت (طفـــح جلـــدی) کە ڕەنـــگە بشـــبێت بە زیـــپکە بەهـــۆی پـــیس بـــوونی بەکتریـــاوە. ســـەرەڕای ئەوەش ئەو کرمۆکـــانە دیـــواری ســـیکڵدانۆچکە دەبـــڕن ، خـــوێن بەربـــوون و کۆکەیەکی زۆریشی پێ پەیدا دەکەن.

٢- لە ئەنجـــامی نووســـانی کرمەکـــان بە بەری نـــاوەوەی ڕیخـــۆڵەوە بە هـــۆی دڕانە ڕەق و پەڕە تیژەکانیانەوە ناو پۆشی ڕیخۆڵە دەڕووشێنن

و ئەمەش دەبێـــت بەهـــۆی بـــرین (قـــرحە) و خـــوێن لەبەر ڕۆیشـــتنی بەهـــۆی دەردراوێـــک (افـــراز) یـــک کە کـــرمەکە دەی ڕێژێـــت و نایەڵێـــت خـــوێن بمەیێـــت و بوەســـتێتەوە بەوە ئەخۆشـــەکە تووشـــی کەم خـــوێنی (فقـــر الـــدم)

و شـــێوانی ڕیخۆڵەکـــان و بە گشـــتی لاواز دەبێـــت و لەوانەشـــە بیکـــات بە تووشـــی نەخۆشـــی تـــرەوە. هەروەهـــا مـــاددەی ژەهـــراوی تـــر دەڕێژێـــت کە کـــار دەکـــاتە ســـەر دەمـــارە کۆئەنـــدامی نەخۆشەکە.

ڕێگەکانی خۆ پاراستن و بەرگری :

١ - پیســـایی نەکـــردن لە کێڵگەکـــان و بەکـــار هێنـــانی پیســـایی گیـــانەوەران بە شـــێوەی پەیـــین بـــۆ خـــاک پـــێش وشـــک بـــوونەوەی تـــا کرمـــۆکە درمەکانی دەمرن.

٢ - پـــێش کوڵانـــدن یـــان پـــاکژ کـــردن هەرگیـــز ئاوی ڕووبارەکان نەخۆینەوە.

٣ - ســـەوزە پـــێش خـــواردنی پێویســـتە بـــاش بشوردرێتەوە.

٤ - چارەسەری نەخۆش.

٥ - بە پێ خاوسی نەڕۆیشتن.

٦ - بـــڵاو کـــردنەوەی ڕۆشـــنبیری تەندروســـتی زانـــین لە نێـــوان دانیشـــتواندا تـــێ یـــان بگەیەنـــین کە پیســـایی کـــردن لە دەشـــت و دەردا زیـــانی زۆرە.

بنێشت

بنێشت ، جاجگیشی پێ دەڵێن. بنێشت دوو جۆرە (بنێشتە تاڵە) و ئەوەی لە کارگە دروست دەکرێ ، یەکەمیان جوتیارەکان لە داری قەزوان (دارەبەن) دەیگرن ، ئەم جۆرە دارە لە کوردستاندا زۆرە ، لە وەرزی هاوین لە مانگی حوزەیران دارەکە زامدار دەکەن و کوچەڵەیەکی قوڕینی بۆ ئامادە دەکەن تا ماوەی یەک مانگ ئینجا کۆی دەکەنەوەو بە نرخێکی چاکیش لە بازاڕدا دەیفرۆشن ئەوە (بنێشتە تاڵ)ە واتە (تەبەنتاین) کە دەرمانێکی نوژدارە ، کە لە ناو کیسەی خامدا لە ئاودا کوڵاندیان دەبێتە ئەو جاجکەی دەی جوون.

بنێشـــــت طـــــوبییەن شـــــتێکی بەســـــووە دەم و
ددان پـــــــاک و خـــــــاوێن دەکـــــــاتەوە ، ئەو
جموجۆڵەش وەرزشێکە بۆ دەموچاو.

پەنسیلیۆم



پەنسیلیۆم

پەنسیلیۆم کەڕووێکی (فطر) تیرە لە کەڕووە دەزوویی یەکان ، بەڵام هایفاکانی بەربەستی پانایی هەیە بە پێچەوانەی کەڕووی نان.

ڕووەکی پەنسیلیۆم لە تۆڕێک هایفای وردی وەک لۆکە پێک دێت. ئەم ڕووەکە لەسەر زیندە ماددەی شێدار دەڕوێت. هەندێکیشیان لەسەر گەڵاو چەرم دەڕوێن. هۆی ئەو پەڵە شینە سەوزباوەی لەسەر هەندێک سەلکە پەنیر دەبینرێت جۆرێکە لەم ڕووەکە.

پەنسیلیۆم ڕەنگی هەمەجۆری هەیە ، لەو ڕەنگانە شین و سەوزو زەردو هۆی ئەم ڕەنگ

بـــوونەش دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ســـپۆرە ڕەنگـــدارەکانی نەم ڕووەکە.

هەنـــدێک جـــۆریش لە پەنســـیلیۆم لەســـەر پێســـت و میـــوەی وەک ســـێوو پرتەقـــاڵ و لیمـــۆ دەڕوێـــت و دەبێـــت بەهـــۆی بـــۆگەن بـــوون و خەســـار بـــوونی. لەلایەکـــی تریشـــەوە هەنـــدێک جـــۆری پەنســـیلیۆم بە ســـوود بەخـــش دەژمێردرێـــت بەهـــۆی توانـــای پەنســـلین دروســـت کـــردنیەوە. پەنســـلینیش گرنگتـــرین زینـــدەوەرە بـــۆ مـــرۆڤ. چـــونکە پەنســـلین توانـــایەکی ســـەیری هەیە بـــۆ لە نـــاو بردنـــی میکـــرۆب و ڕزگـــار کردنـــی لەش لە زیانەکانیان.

دۆزیـــنەوەی پەنســـلین دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ســـاڵی ١٩٢٩ ، لە کاتێکـــــدا کە (ئەلەگزەنـــــدەر فەلەمنـــگ) تـــاقی کـــردنەوەی لەســـەر جـــۆرە بەکتریـــایەک دەکـــرد ، بینـــی کە جۆرێـــک کەڕوو تـــوانی گەشـــەی ئەو بەکتریـــایە بوەســـتێنێ و لە دواییشـــدا لەنـــاوی ببـــات. فەلەمنـــگ ســـەیری کـــرد

کە ئەو کەڕووە یەکێکە لە جۆرەکانی پەنسلیۆم.

هەروەها ئەوەشی دی کە ئەو جۆرە پەنسلیۆمە ماددەیەکی تایبەتی دەڕێژێت بەسەر بەکتریادا ناوی نا پەنسلین. بۆشی دەرکەوت کە پەنسلین توانایەکی بالای هەیە لە وەستاندنی گەشەی زۆر جۆر بەکتریادا ، وەکو ئەو جۆرانە کە دەبن بەهۆی نەخۆشی مرۆڤ. وەک میکرۆبەکانی سی یە سووتێ (ذات الرئة)و وەناق و نەخۆشی یەکانی زوهەری و هی تر.

شکان

شـــــکان بریتـــــی یە لەو ڕووداوەی بەر ئێســـــــــک دەکەوێـــت و دەبێـــتە هـــۆی شکاندنی.

نیشـــانە گشـــتی یەکـــانی ئێسک شکان : -

١ - ژان کردنـــــی شـــــوێنی شکانەکە.

٢ - ئاوســـان و ئەســـتوور بـــوونی دەورو پشـــتی شکانەکە.

٣ - زیـــاد بـــوونی شـــکانەکە لە کـــاتی دەســـت لـــێ دانی شوێنی شکانەکە.

٤ - کەم بـــوونەوەی جـــوولانی شـــوێنی یـــان نەندامە شکاوەکە.

٥ - شێوان و تێکچوونی شوێنی شکانەکە.

٦ - ناڕێکی ئێسکە شکاوەکە.

٧ - کە دەست لە ئێسکە شکاوەکە بدەین گوێمان لە تەقە تەقێک دەبێ.

٨ - پەلی شکاو لە چاو ئەوی تریان کورت تر دەبێ.

فریاگوزاری سەرەتایی لەسەر هەندێ جۆری ئێسک شکان : -

١ - شکانی چۆڵەمە (شەپکەی شان) : -

أ - سەرینێک دەخەینە بن هەنگڵی بەرکەوتوەکە تا دەگاتە ئەنیشکی.

ب - بەهۆی پێ بەستێکی پانەوە قۆڵە شکاوەکە لە ناوەڕاستی بازووەوە بە سینگی بەرکەوتوەکە دەبەستینەوە.

ج - بە هێمنی باسکی بەرکەوتوەکە بخە سەر سینگی یەوە بە مەرجێ پەنجەکانی دەستی بگەنە نزیک چۆڵەمەوە.

د - دروست کردنی بەرهەلبێنەیەکی سێ گۆشە بۆ قۆڵی.

٥ - گواستنەوەی بەرکەوتووەکە باشترین وایە بە دانیشتن بگوازرێتەوە.

لاق شکان - بەم شێوەیە چارەسەر دەکرێ :



١ - مرۆڤە بەرکەوتووەکە لەسەر گازی پشت درێژ دەکرێ.

٢ - ئەگەر لاقەکانی لێک دوور بوون ، لاقە شکێنراوەکە جێ گیر دەکرێ و ئینجا ئەوی تریانی لێ نزیک دەکرێتەوە.

٣ - چەند سەرێنێک دەخەینە نێوان هەردوو لاقیەوە.

٤ - هەردوو پێ و پاشنەکانی بەهۆی پێ بەستێکی تەسکەوە جێگیر دەکرێن.

٥ - هەردوو ئەژنۆکانی بەهۆی پێ بەستێکی پانەوە جێگیر دەکرێن.

٦ - بەشـــی ســـەرووی شـــکانەکە بە هـــۆی پـــێ بەســـتەکی تەســـک و بەشـــی خوارەوەشـــی بە پـــێ بەستەکی دی جێگیر دەکرێن.

٧ - بە هـــــۆی دار بەســـــتەوە بەرکەوتـــــوەکە دەگوازرێتەوە.

خۆپاراستن لە سووتان

١ - لە ماڵەوەدا : - پێویستە هەندێ خاڵی گرنگ ڕەچاو بکرێ بۆ ئەوەی سووتان و ناگرگرتن یا کەم کەینەوە یان هەر نەی هێڵین. ئەم خاڵانەش بریتین لە : -

١ - بەپێی توانا سەرچاوەکانی ئاگرو گەرمی لە سووتەمەنی دوور بخەینەوە ، وەکو ئەوەی نەوت لە ناو بەرمیل دا بکەین و دوور لە سەرچاوەی ئاگرەوە دابنرێ ، هەروا پێویستە بوتڵی گاز دوور لە چێشت کوڵین (تەباخ) و لە دەرەوەی چێشتخانە دابنرێ.

٢ - نابێ کارەبای ناو ماڵ زیاتر لە توانای خۆی بەکار ببرێ.

٣ - نابێ لە ناو نوین و لەسەر جێگای نوستندا جگەرە بکێشین و پێویستە دڵنیا بین لە کوژانەوەی جگەرە.

٤ - نابێ شلە زوو گڕگرتەکانی وەکو بەنزین بۆ مەبەستی پاک کردنەوە لە ژووڕە

داخراوەکانـــدا بەکـــار بێنـــین ، چـــونکە هەڵمـــی ئەم جـــۆرە شـــلانە ژووڕەکە پـــڕ دەکـــات و لەوانەیە بەهـــۆی کەمتـــرین ســـەرچاوەی گەرمـــی یەوە ژووڕەکە ئاگر بگرێ.

٥ - نـــابێ وایەری برینـــدار بـــووی کارەبـــا هەروا بەجێ بهێڵین.

٢ - لە قوتابخـــانەدا : - بـــۆ خۆپاراســـتن لە ســـووتان پێویســـتە لە قوتابخـــانەدا ئەم خـــاڵانە ڕاچاو بکرێت :

١ - بـــایەخ دان بە هەڵگـــرتن و داکردنـــی پەڕاوو کتێبەکـــان بە شـــێوەیەکی دروســـت و دوور لە سەرچاوەکانی ئاگرەوە.

٢ - دەبـــێ لە دوای کۆتـــایی هـــاتنی دەوامـــی قوتابخانەکـــان هەمـــوو ســـۆپاکان بکـــوژێنینەوەو دەرگای هەموو ژووڕەکانیش دابخرێن.

٣ - بـــایەخ دان بە پـــاک و خـــاوێنی و بەتـــاڵ کردنـــی هەمـــوو ســـەبەتەکانی زبـــڵ و هەروەهـــا نابێ پاشماوەی جگەرە بخرێتە ناویانەوە.

٤ - ئامـــادە کـــردن و دانـــانی ژمـــارەیەکی تەواوی نـــــاگرکوژێنەوە ، پێویســـــــتە مامۆســـــــتایان و قوتابیـــان شـــوێن و چـــۆنیەتی بەکـــار هێنانیـــان بزانن.

ئاگر کوژاندنەوە

جۆرەکانی سووتان :

١ - سووتانی شتی ڕەق وەک : دار ، کاغەز ..



ئامرازی ئاگر کوژاندنەوە لە جۆری دووەم ئۆکسیدی کاربۆن

بۆ کوژاندنەوەی سووتانەکانی ئەم چەشنە ئاو بەکار دێت. کاری ئاویش لە کوژاندنەوەدا بریتی یە لە کەم کردنەوەی پلەی گەرمی ماددە سووتاوەکەو هێنانە خوارەوەی پلەی گڵپە کردنی هەروەها سارد کردنەوەی گڕەکەو ئەو گازانەی کە پەیدا دەبن کە ئەمەش دەبێتە هۆی ڕێگە گرتن لە بڵاو بوونەوەی ئاگرەکە بە خێرایی و دوا جاریش دەست بەسەر داگرتنی.

هەندێ جاریش بۆ کوژاندنەوەی بەشێک لە ماددەکانی ئەم چەشنە هاڕاوەی کیمیایی (پاودەر) بەکار دێت ، بەتایبەتی ئەگەر بڕی ماددەکە کەم بوو سووتانەکەش لەسەرەتادا بوو ، یا هەندێ جاریش کەف بەکار دێت ، دەوری کەف لێرەدا لە جودا کردنەوەی نۆکسجین لە سووتەمەنی یەکەو هەروەها سارد کردنەوەی ڕووی ماددە گڕگرتوەکە بەهۆی ئەو ئاوەی کە تێیدایە.

٢ - سووتانی ماددەی شلەو گاز ، وەک : نەوت و بەنزین : کەف وەکو ماددەیەکی گرنگ بۆ کوژاندنەوەی ئەم جۆرە سووتانانە بەکار دێت ، چونکە کەفەکە چینێکی جیاکەرەوە لەسەر ڕووی شلە سووتاوەکەدا پێک دەهێنێ و ناهێڵێ نۆکسجین بگاتە ئەو هەڵمەی کە لە ڕووی شلەکەوە هەڵدەستێ و ڕێی سووتانی لێ دەگرێ ، سەرەڕای ئەوەش ئەو ئاوەی لەناو کەفاوەکەدا هەیە شلە سووتاوەکە سارد دەکاتەوەو پلەی گەرمی دابنێتە خوارێ.

هەروەها هاڕاوەی کیمیایی پاوەر بە توانایەکی زۆر بۆ کوژاندنەوەی ئەم جۆرە ووتانانە بەکار دێت بەتایبەتی ئەگەر ڕووبەری ماددە ووتاوەکە کەم بێ. هەروەها دەتوانین گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بۆ کوژاندنەوەی ئەم جۆرە ئاگر گرتنانە بەکار بێنین بەڵام بە توانایەکی کەمتر.

٣ - ووتانی کارەبا : گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بۆ کوژاندنەوەی ئاگر گرتنەکانی کارەبا بەکار دێت ، چونکە ئەم گازە گەیەنەر نیە بۆ کارەبا. دەشتوانین پاوەر هاڕاوە بۆ ئەم مەبەستە بەکار بێنین ، بەهیچ جۆرێک بۆ کوژاندنەوەی ئەم چەشنە نابێت نە ئاوو نە کەفاو بەکار بێت چونکە ئەم ماددانە توانای گەیاندنی کارەبایان هەیە بۆ ئەو کەسەی ئاگرەکە دەکوژێنێتەوە.

٤ - ووتانی کانزاکان ، وەک سۆدیۆم و مەگنسیۆم :کرداری ئاگر کوژاندنەوەی ئەم جۆرە پێویستی بە چەند ماددەیەکی تایبەتی

هەیە جۆرە هاوڕاوەیەکی کیمیایی بەناوی (EC) بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێت و هەروەها جۆرە شلەیەک هەیە بەناوی (tmp) کە لە شلە بەهەڵم بووەکانەو هەمان کار ئەنجام دەدات هەروەها ئەگەر کارەکە پێویستی بە پەلە کردن هەبوو ، خۆڵ و لم بەشێکی کرداری ئاگر کوژاندنەوەی ئەم چەشنە سووتانانە جێ بەجێ دەکەن.

خوێن مەیین

خوێن مەیین لە فرمانە گرنگەکانی خوێنەو پێویستە بۆ پاراستنی خوێنی مرۆڤ لەکاتی بریندارێدا. چونکە خوێن نەمەیین لە هەندێک کەسدا کە تووشی نەخۆشی خوێن بەربوون (هیموفیلیا) بوون ، بریندداری یەک یان ڕووداوێکی ئاسان لەوانەیە ببێتە هۆی مردنیان.

خوێن چۆن دەمەیێت ؟

کە خوێنی پژاو (بەربوو) لە لوولەی خوێنەوە دێتە دەرێ مەیینی بەڕستێک کارلێک دەست پێ دەکات لەنێوان جۆرەها ماددە لە پلازمای (زەرداو) خوێندداو ئاوێتەیەکیش لە خەپلەکانی خوێندا دەردەپەڕن کە لە ئەنجامدا دەبێت بەهۆی نیشتنی پرۆتینێکی تواوە لە زەرداوی خوێندا بەشێوەی تۆڕێک ڕیشاڵ خڕۆکە سوورەکان دەگرنە نێوانیان و قەتماغە

(الخثـــرة) پێـــک دێنـــێ کە دەبێـــت بەهـــۆی وەســـتانی خـــوێن پـــژان. پـــلەی گەرمـــی کـــار دەکـــاتە ســـەر خـــوێن مەیـــین ، بـــۆیە خـــوێن لە پـــلە نزمەکـــانی گەرمـــی دا نامەیێـــت هەروەهـــا ڤیتـــامین K و خـــوێی کالیســـیۆمیش خـــوێن مەیـــین خێراتـــر دەکات.

زانیوتە ؟

١ - کرمـــــــی زەوی لەو گیـــــــان لەبەرانەیە ، کە خـــۆر - گـــڵ دەخـــۆن ، واتە گـــڵ ســـەرچاوەی ژیانیانە.

٢ - گەرا کـــۆمەڵە هـــێلکەی مێـــرووە ، نەک یەک هێلکە.

٣ - وشـــکاوەکی لە وشـــەی وشـــک و ئـــاو پێـــک هاتووە.

ماسولکەکان

ماسولکە ، کە لە ڕیشاڵی سووری پەتەو پێک هاتوە ، وە ئەنوسێ بە ئێسکەکانەوە ، وە دەورەی گەلێ بەشەکانی ئێسکەکانی داوە. ماسولکەکان لەش ئەخەنە بزوتنەوە.

پەیکەری ماسولکەیی

جومگەکان و جوولان



پەیکەری ئێسکی

بازوو چۆن بۆی کرا بچەمێتەوەو لاق بنوشتێتەوە لە ژێر ڕانا ؟ ورد بەرەوە لە چۆنیەتی نووسانی ئێسکەکانی چوار پەل بە یەکتری یەوە ، لە نێوانی هەر ئێسکێک و یەکێکی کەی کە لە دوای ئەوەوە دێت جومگەیەک هەیە ڕێ ئەدات بە جوولانەوەی یەکێکیان بەلای ئەوی کەدا وە ئەگەر ئەم جومگانە نەبوونایە ئێسکەکانی چوار پەل ڕێ ی جولانیان نە ئەبوو.

پێست

بـــێ گومـــان پێســـت ئەو پەردەیەی دەرەوەیە کە لەش دائەپۆشـــێ وە لە میکرۆبـــات ئەی پـــاریزێ ، وە ئەگەر لە هەر کـــوێ یەکـــی لەشـــا پێســـتەکە بریـــدار ببـــێ میکرۆبات ئەتوانێ پێی دا بچێتە ناوەوە.

پێســـت کـــونی ورد وردی زۆری تیـــایە ، کە بە هـــۆی ئەو کونـــانەوە ئـــارەقە ، وە چەوری نـــاو لەش دێـــتە دەرەوە. وە ڕەنـــگە ئـــارەقەکە وشـــک بێـــتەوە وە چەوری یەکەش لە ڕووکـــاری دەرەوەی لەشـــدا کەڵەکە بکـــات ، وە ئەم

کونـــانە بگرێـــت ، کە لە ئەنجـــامی ئەوەشـــا زیـــان بە لەش ئەگـــات بـــۆیە ئەبێـــت چـــاودێری پـــاکژی پێســـت بکرێـــت بەهـــۆی گەرمـــاو کـــردن و خۆشوشتن.

چارەسەری قیژاندن و وریٚنەکردن لە نوستندا

١ - بەخەبەر کردنەوەی

٢ - بەکارهێنانی سەرینی نزم بۆ منالٚ

٣ - ڕاهێنانی منالٚ بۆ نوستن لەسەر تەنیشت

٤ - نەخواردنی خواردنی قورس

کاربۆهیدرات

بەناوەکەی دا دیارە کە ئەم ماددانە لە کاربۆن و هایدرۆجین و ئۆکسجین پێکهاتوون ، نموونەی باوی ئەمانە شەکرو نیشاستەو سیلیلۆزە. کاربۆهیدرات ڕاددەیەکی زۆری خۆراکی ڕۆژانەی مرۆڤ پێک دەهێنن.

کۆئەندامی میز لە مرۆڤدا



کۆئەندامی میز یان گورچیلە کۆئەندامی دەرهاویشتنی مرۆڤ لەم ئەندامانەی خوارەوە پێک دێت :

١ - گورچیلەکان : دوو ئەندامن لە بۆشایی سکدا بە پشتەوە بەستراون. هەر گورچیلەیەکیش لە شێوەی دەنکە فاسۆلیادایە ، تەنیشتە چاڵەکەی بەرانبەر بڕبڕەی پشتە.

٢ - بۆڕی میز : بریتی یە لە بۆڕی ماسولکەیی باریک کە درێژی یەکەی نزیکەی ٢٢ سم دەبێت و لووسە ماسولکەی تێدایەو

گـــــورچیلە بەشـــــێوەی لـــــێکەوت بە پشـــــتی میزەڵـــــدانەوە دەبەســـــتێت ، کە دڵـــــۆپ دڵـــــۆپ میـــــزی لێـــــوە دەتکێـــــتە نـــــاو میزەڵـــــدانەوە. بەو بەشـــــەی دیـــــواری گـــــورچیلە ، کە بـــــۆڕی میـــــزی لێوە دەردەچێت دەڵێن ناوک.

٣ - میزەڵـــــــدان : تـــــــورەکەیەکە لە شـــــــانەی خۆنەویســـــت پێـــــک دێـــــت. لە شـــــوێنی بە یەک گەیشـــــتنی میزەڵـــــدان بە ڕاڕەوەی میـــــزی دەرەوە ماســـــولکەی میلـــــداری بـــــازنەیی (خۆویســـــت) هەیە کە لەکـــــاتی میزکردنـــــدا لە ژێـــــر دەســـــەڵاتی کۆئەنـــــدامی دەمـــــاری خۆویســـــتدا خـــــاو دەبێـــــتەوە (لە منداڵـــــدا نەبێـــــت) ، میـــــزی کـــــۆکراوەی نـــــاو میزەڵـــــدان بە کـــــرژ بـــــوونی دەکـــــرێتە دەرەوە. بە کـــــرژ بـــــوونی میزڵـــــدان لە کـــــاتی میزکردنـــــدا ، میـــــز لە میزڵـــــدانەوە نـــــاگەڕێتەوە بـــــۆ بـــــۆڕی یەکـــــانی میـــــز

، چـــونکە بـــۆڕی یەکـــانی میـــز نووســـاون بە دیـــواری میزڵـــدانەوە. هەروەهـــا بە کـــرژ بـــوونی میزڵـــدان دەمـــی بـــۆڕی یەکـــان دادەخرێـــت ، لە هەندێ باری نەخۆشیدا نەبێت.

نەخۆشی شەکرە

ئەگەر دەردانی ئەنسۆلین لە خوێندا کەم بۆوە لە ئەنجامی کەموکوڕی کاری پەنکریاسدا ، ئەوا شی کردنەوەی شەکر کەم دەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی کەڵەکە بوونی شەکر لە خوێندا. جا بۆ مەبەستی ڕاگرتنی ڕادەی شەکر لە خوێندا ، گورچیلەکان بەشێکی زۆر شەکر بەهۆی میزەوە دەکەنە دەرێ بۆ لێ ڕزگار بوونی ، بەم بارەش دەڵێن نەخۆشی شەکرە کە نەخۆشی یەکی فەسلەجی یە.

نیشانەکانی : گرنگترین نیشانەکانی شەکرە زوو هەست کردن بە ماندوویەتی و تەمەڵی و زۆر میز کردن و دەم وشک بوونە. بەڵام دوور نیە نەخۆشیەکە گران بێت و بێتە هۆی مردن.

چارەسەرکردنی :

چارەی نەخۆشیەکە بە دەرزی ئەنسۆلین یان خواردنی حەب دەبێت کە ماددەی ئەنسۆلینی تێدایە بۆ کەم کردنەوەی شەکری ناو خوێن ، چونکە ئەم ئەنسۆلینە شوێنی کەمی ئەنسۆلینی پەنکریاس دەگرێتەوە. هەروەها ناموژگاری نەخۆش دەکرێت بە کەم خواردنی نەو ماددانەی نیشاستەو شەکری زۆریان تێدایە.

بەردی گورچیلە (خوێ ی میز)

هەندێک کەس لە ئەنجامی کاری خواردن ، یان نەخۆشی ، ڕێژەی خوێ ی تواوەی ناو خوێنیان زۆر دەبێت. زۆر بوونی ئەم خوێیانە لە خوێندا دەبێتە هۆی زیاد پاڵاوتنیان لە یەکەکانی میزی گورچیلەدا. لەبەر ئەوەی پێچ لە کاری کۆئەندامی میزدا هەیە کە دەبێتە هۆی نیشتنی ئەم خوێیانە بە شێوەی بەرد (زیخ) لە حەوزۆکەی گورچیلە ، یان ڕاڕەوەکانی میزی وەک بۆڕی یەکانی میز ، یان میزڵدانەدا. گرنگترینی ئەم خوێیانەش فۆسفات و ئۆگزاڵاتن کە دەنیشن.

نیشانەکانی :

لە نیشانەکانی ، هەستی زۆر بە میز کردن و ئازار لە پشت یان کەلەکەدا. هەندێک جاریش میز خوێناوی دەبێت لە ئەنجامی ڕووشانی دیواری ڕاڕەوەکانی میز بە کاری

نەم زیخـــانە. ئـــازاری پشـــت و کەلەکە (ئـــازاری گـــورچیلە) بە تـــایبەتی لە کـــاتی جـــوولەی بەردەکەدا دەســـت پـــێ دەکـــات کە دەیەوێـــت لە حەوزۆکەوە بترازێـــــت و بەرەو بـــــۆڕی میـــــز بخزێت.

چارەسەر کردنی :

نەوانەی تووشـــــی بەردی گـــــورچیلە دەبـــــن ، نامۆژگـــاری یـــان ئەوەیە کە لە گەرمـــاوی گەرمـــدا دانیشـــن بـــۆ ســـرەوتنێکی کـــاتی ئەو ئـــازارانە ، هەروەهـــــا کەم کـــــردنەوەی ئەو خۆراکـــــانەی فۆســـفات و ئۆگزالاتیـــان تێـــدایە وەک تەمـــاتەو ســـپێناخ و میـــوەی نەگەییـــو. لە هەنـــدێک بـــاردا بە تـــایبەتی هەنـــدێک داوو دەرمـــانی فـــراوان کەرەکـــانی ڕاڕاوەکـــانی میـــز چـــاری نەبـــوو ، ئەوا بە کرداری نەشتەرکاری بۆی دەردەهێنرێت.

نینۆک



بریتـــــــــی یە لەو بەشـــــە وشـــــک هەڵاتـــووەی تـــوێژ کە ڕەگەکەی لە بـــن تـــوێژدا کۆتـــایی دێـــت. نینـــۆک بە کەڵـــکە چـــونکە ڕووی ســـەرەوەی پەنجە دەپارێزێت.

نینـــۆک کـــردن نـــاو بەنـــاو پێویســـتەو نابێـــت لە لێـــواری پەنـــجە درێژتـــر بێـــت ، چـــونکە ئەگەر درێـــــژ بـــــوو ، ئەوا میکرۆبـــــی هەمە جـــــۆری لەگەڵ پیســـــی تێـــدا کـــۆ دەبێـــتەوە کە لەوانەیە بـــگەنە گەدەو ببـــنە هـــۆی نەخۆشی و ئازار.

هێلکەدان



کۆئەندامی زاووزێی مێینە

بریتییە لە دوو ڕژێنەی شێوە هێلکەیی کە دەکەونە ئەم لاو ئەو لای حەوزەوە. هەر هێلکەدانێکیش لێ پرسراوە بۆ بەرهەمهێنانی هێلکەو دەردانی هۆرمۆن بۆ دەرکەوتنی توخمە سیفەتە دووەمی یەکان لە ئافرەتدا.

منداڵدان

ئەنـــدامێکی فراوانـــی دیـــوار ماســـولکەیی شـــێوە هەرمـــێ یە لـــوتکەکەی بـــۆ خـــوارەوەیەو بـــنکەکەی بـــۆ ســـەرەوە. بۆشـــایی منداڵـــدانیش لە بەشـــی ســـەرەوەی بە هـــێلکە جۆگەکـــانەوە بەســـتراوە. هەروەهـــا لە خـــوارەوە بە بە زێ وە (المهبـــل) بەســـتراوە. زێ ش بە مـــێ یە کـــونی زاووزێ بـــۆ دەرەوە دەکرێتەوە.

توخمە سیفەتە دووەمی یەکان

ڕژێنەکانی زاووزێێی نێرەو مێ یە هۆرمۆنی تایبەتی دەردەدەن کە لێ پرسراوی دەرخستنی توخمە سیفەتە دووەمی یەکانن لە هەر یەکە لە پیاوو ئافرەتدا. ئەو سیفەتە دووەمی یانەش بریتین لە جیاوازی یەکانی نێوان ئەو دوو توخمە. دەتوانین ئەم سیفەتانەش بەم شێوەیەی خوارەوە دەر بخەین :

١ - چڕی موو لەسەر لەشی پیاوو کەمی لەسەر لەشی ئافرەتدا.

٢ - گەشەی مەمک و دەردانی شیر لە مێ بەداو پووکانەوەو سستی لە پیاودا.

٣ - دەنگی پیاو لە دەنگی ئافرەت گڕترە.

پیتێن و سک پڕ بوون

کۆرپەلەی مرۆڤ بە دایکەوە نووساوە بەهۆی پەتکە ناوکەوە

پیتـــێن بریتـــی یە لە یەکگرتنـی نـاوکی تـۆو نـــاوکی هـــێلکەو دروســـت بـــوونی هـــێلکەی پیتـــراو. بە ئاســـانی یەک تـــۆو لەگەڵ هێلکەیەکـــدا لە هـــێلکە جـــۆگەدا یەک دەگـــرن ، پاشـــان ئەم هـــێلکە پیتـــراوە بەرەو منداڵـــدان دەچێـــت لە نـــاو پۆشـــەکەیدا جێگیـــر دەبێـــت و کـــۆرپەلە پێـــک دێنێـــت. لە نـــاوچەی بە یەک گەیشـــتنی کـــۆرپەلە بە منداڵـــدانەوە ، پێکهـــاتوویکە لە شـــێوەی خەپـــلەدا دروســـت دەبێـــت کە پێـــی دەڵـــێن کـــۆرپەتگە (پلاســـێنتا). کـــۆرپەلەش بە هـــۆی نـــاوکە پەتـــکەوە بە کـــۆرپەتگە نووســـاوە کە لە کاتی منداڵ بووندا دەبڕدرێت.

کـــۆرپەلە خـــۆراکە مـــاددەو ئۆکســـجینی لە خـــوێنی دایـــکەوە لە ڕێـــگەی کـــۆرپەتگەو نـــاوکە پەتـــکەوە بـــۆ دێـــت. هەروەهـــا کـــۆرپەلە بە هەمـــان ڕێـــگەی کـــۆرپەتگەو نـــاوکە پەتـــکەوە لە مـــاددە زیـــان بەخشـــە دروســـت بوەکـــانی ڕزگـــاری دەبێـــت. ســـک بڕی تێکڕا ماوەی نۆ مانگ دەخایەنێت.

دوای ئەوە منـــدآڵ بـــوونی بە دوادا دێـــت دایـــک کـــــۆرپەلەیەکی تەواوی دەبێـــــت وێڵداشـــــیش ڕاستەوخۆ پاش مندآڵ بوون دەردەچێت.

جمکە (دوانە)

بە زۆری ئـــافرەت منـــدالێکی نێـــرە یـــان مـــێ یەی دەبێـــــت ، بەڵام ڕێ دەکەوێـــــت هەنـــــدێک جـــــار دایـــــک دوانەی ببێـــــت. لەوانەشـــــە ئەو دوو جمـــــکە لە یەک بچـــــــن یـــــان لە یەک نەچـــــــن. ئەگەر وا ڕێ کەوت هـــــێلکە پیتـــــــراوەکە بە تەواوی دابەش بـــــوو ، ئەوا هەر بەشـــــێک ســـــــەربەخۆ لەوی کە گەشـــــــە دەکـــــــات. بەم ڕووداوە لە یەک چـــــــوو دروســـــــت دەبێـــــــت. ئەم دوانە لە ڕووی تـــــوخمەوە (نێـــــر یـــــان مـــــێ) و لە زۆر ســـــیفەتی کەشـــــەوە لە یەک دەچن.

ڕێکـــــیش دەکەوێـــــت لە یەک کاتـــــدا دوو هـــــێلکە یـــــان پتـــــر (کە ئەمەش دەگـــــمەنە) گەشـــــە بـــــکەن و لە یەک کاتیشـــــــدا بپیتـــــــرێن و هەر یەکەشـــــــیان

گەشـــەی خـــۆی بکـــات بـــۆ کـــۆرپەلەیەکی ســـەربەخۆ ، ئەوا دوانە (جمـــک) ی لە یەک نەچـــوو پێـــک دێـــت. جـــا لەم بـــارەدا لەوانەیە توخمەکـــان جیـــاواز بـــن و زۆربەی سیفەتەکانیشیان جیاواز بێت.

ئیفلیجی منداڵ

هۆی ئەم نەخۆشی یە ڤایرۆسێکە کە دەتوانێ زۆر خۆی لەبەر نزم بوونەوەی پلەی گەرمی دا بگرێت ، بەڵام لە گەرمی یەکی کەمدا لەناو دەچێت. نەخۆشی یەکە بە تا دەست پێ دەکات و دوای ئەوە هەندێ ماسولکەی لەش ئیفلیج دەبێت. ئەم نەخۆشی یە تایبەتی تووشی منداڵ دەبێت و دەگونجێت بە دەگمەنیش تووشی گەورە بێت. ڤایرۆسەکە لە دەمەوە دەچێتە لەشەوە لەگەڵ خۆراکی ڤایرۆساوی داو دەگاتە بۆڕی هەرس و لەوێشەوە بۆ کۆئەندامی دەمارو بەتایبەتی دەمارە خانەکانی دڕکە موخ و هەندێ جاریش لاکێشە موخ ، ماوەی هەڵهێنانی نزیکەی (١٠) ڕۆژە.

دیاریدان و نیشانەکانی : پلەی گەرمی منداڵ بەرز دەبێتەوەو سەری دەیەشێت و مل و

پشت ڕەق دەبن و ڕەنگە هەڵێنجیشی لەگەڵدا بێت ، پاش چەند ڕۆژێک ئیفلیجی لە هەندێ ماسولکەی لەشدا دیاری دەدات بە تایبەتی قاچ و دەست.

لە هەندێ باری تووندو تیژدا ئیفلیجی ماسولکەکانی سنگیش دەگرێتەوە کە دەبێتە هۆی تووندی هەناسەو دیاریدانی نیشانەکانی خنکان و دەمارەکانی لەش بە ساغی دەمێنێتەوە بۆیە ماسولکە ئیفلیج بووکان بە نازار دەبن.

خۆپاراستن :

پێکوتی ئیفلیجی منداڵ دەدرێت بە کۆرپە ، بە سێ ژەم دڵۆپ دڵۆپ دەکرێتە دەمی ، بە مەرجێک ماوەی نێوان هەر ژەمێک و ژەمێکی تر مانگێک بێ ، پێویستە پیسایی نەخۆش و دەردراوەکانی گەرووی خاوێن بکرێت بۆ نەوەی نەتەنێتەوە.

چارەسەر :

چەنـــد ڕۆژێـــک نەخـــۆش لە جێـــدا دەکەوێـــت ، لە قۆناغەکـــــانی یەکەمـــــی نەخۆشـــــی یەکەداو پاراســـیتۆڵی دەدرێتـــێ بـــۆ نـــزم کـــردنەوەی گەرمـــی و ئـــازار نەهێشـــتن و ماســـولکە ئیفلیجەکـــان لە دوا قۆناغدا چارەسەری سروشتی دەکرێن.

پارێزگاری کردنی ڕێک و پێکی لەش



وەستانی چاک
و وەستانی ناڕێک

پێویستە لەسەر هەموو نادەمیزادێک بایەخ بە بەژن و بالای خۆی بدا چونکە بەژن و بالای شێواو زیان ئەگەیەنێ بە ئیشی ئەندامەکانی لەش ، وە بۆ پارێزگاری کردنی بەژن و بالایەکی باش ئەم ڕێنمایی یانەی یانەی خوارەوە بگرە بەر :

١ - نە چەماندنەوەی بالا لە وەستاندا ، با لەشت قیت بێت بۆ ئەوەی ئەندامەکانی وێنەی سروشتی خۆیان وەر بگرن.

٢ - نە چەماندنەوەی پشت لە دانیشتندا وەیا لە چەماندنەوەی بالا بە لایەکا چونکە ئەوانە کار دەکەنە سەر قەفەزەی سنگ وە تەنگی پێ هەڵ ئەچنن کە ڕێی ئیشی سی یەکان ئەگرێت.

٣ - لە ڕۆیشـــتندا لەشـــت قیـــت و ســـەرت بەرز بێت بە یەک هێزدا لەگەڵ لەشا.

بـــێ گومـــان ئاگـــاداری نەکردنـــی ئەم ڕێنمـــایی یانە ئەبێتە هۆی پشت کۆماوەیی (قەمبوری).

کوتاوەکان (اللقاحات)

لە ڕێگەی کۆکردنەوەی نموونەی میکرۆبی هەندێ نەخۆشی یەوە ئامادە دەکرێن پاش لاواز کردن یان کوشتنیان یان دەست خستنی ژەهرەکانیان و دروست کردنیان بە ڕێگەی هونەری تایبەتی و ئینجا پاراستنیان لە پلەی گەرمی نزمدا کە دەگاتە ڕاددەی بەستن بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ لێدانی لە لەشی ، سێ کوتاوەکان کە بە چەند ژەمێک لێ دەدرێت بۆ پەیدا کردنی بەرگری یەکی بەهێز دژی نەخۆشی دەردە کۆپان و وەناق و کۆکە ڕەشەو کوتاوی نیفلیجی منالْ و کوتاوی ئاولْەو کوتاوی دژی سی یە گرێ (تدرن) و سوریژەو ملە خرێ.

هەندێ نموونەی کوتان دژی نەخۆشی

یەکەم : - کوتان دژی نەخۆشی سی یە گرێ (تدرن) : - بەم کوتاوە دەڵێن (بی سی جی) و پێویستە کۆرپە لە نێوان یەکەم هەفتە تا چوارەم هەفتەی ژیانیا بکوترێت بۆ ئەوەی بەرگری یەکی ئەوتۆ پەیدا بکات کە لە نەخۆشی سی یە گرێ بیپارێزێت ، ئەمیش جۆرە بەرگری یەکی دەستکردی چالاکی مرۆڤە بە درێژایی ژیانی لەو نەخۆشی یە دەیپارێزێت.

دووەم : سێ کوتاوە (کوتانی سیانی) : - ئەمەش کوتاوی دژی نەخۆشی دەردە کۆپان وەناق و کۆکە ڕەشەی تێدایە کە بە دەرزی لە ژێر پێستەوە بە سێ ژەم ، لە قۆڵ دەدرێت ، دەرزی یەکی بەهێز کەری لە کۆتایی سالّی یەکەمدا لێ دەدرێت و ئینجا دەرزی یەکی بەهێزکەری تر کە منداڵ دەچێتە باخچەی ساواایان و لەش لە دەردە کۆپان و کۆکە

ڕەشـــەو وەنـــاق دەپارێزێـــت کە هەرســـێکیان نەخۆشی ترسناکن.

ســـێ یەم : کوتـــاوی دژە ئیفلیجـــی منـــدالْ : - ئەمەش کـــوتێکی زۆر گـــرنگە دڵـــۆپ دڵـــۆپ لە ڕێ ی دەمەوە دەدرێـــت بە نەخـــۆش بە ســـێ ژەم و لەگەڵ ســـێ کـــوتە لە هەمـــان کاتـــدا دەیدرێتێ.

چـــوارەم : کوتـــاو (مەبەســـت لە کوتـــاو ، کـــوت ئـــاو = لوقـــاح) ی دژە ســـورێژە : - لە ڕێـــی دەرزی ژێـــر پێســـتەوە بە ژەمێـــک لـــێ دەدرێـــت لە کۆتـــایی یەکەم ســـاڵی تەمەنـــداو منـــدالْ لە نەخۆشی سورێژە دەپارێزێت.

پێـــنجەم : کوتـــاوی دژە ســـورێژەو ســـورێژەی ئەڵمـــانی و مـــلە خـــرێ : - لە ڕێـــی دەرزی ژێـــر پێســـتەوەو بە ژەمێـــک لـــێ دەدرێـــت و ئەو کەســـە دژی هەمـــوو ئەو جـــۆرە نەخۆشـــی یـــانە دەپارێزێـــت ، کـــوتی دژی ســـورێژەی ئەڵمـــانی بـــۆ

کـــچ گرنگتـــرە لە کـــوڕ چـــونکە بە پـــارۆزوریێکی دژی ســـکماکە نەخۆشـــی یەکـــانی دڵ دادەنرێـــت کە ڕەنگە تووشی کۆرپەلە بێت.

شەشـــەم : کوتـــاوی دژە ئـــاوڵە : - کوتـــاوێکی زۆر گـــرنگەو بەهـــۆی زۆر کوتـــانی دانیشـــتوانەوە نەخۆشـــی ئـــاوڵە دیـــار نەمـــاوە کە زۆر کەســـی دەکوشت یان کوێری دەکردن.

ئەم کوتـــاوە لە ڕێـــی ڕوشـــاندنی پێســـتەوەو لەســـەر دانـــانی دڵـــۆپێکی ئەم کوتـــاوەو پەســـتاوتنی روشـــانەکەوە دەبێـــت و لە ســـێ یەکـــی خـــواروی قـــۆڵی چەپەوە دەبێـــت. ئەم کوتـــاوە بەرگـــری دژی نەخۆشـــی ترســـناکی ئـــاوڵە دەدات تـــا مـــاوەی ســـێ ســـاڵێک و دەتوانرێـــت هەر سێ ساڵ جرێک دووبارە بکرێتەوە.

حەوتەم : کوتـــانی دژی نەخۆشـــی ڕەشـــە گرانەتـــا : - کوتـــاوێکە بە دەرزی دەدرێـــت لە یەکێکـــی ســـاغ لە ژێـــر پێســـتەوەو ئەو کەســـە لە

نەخۆشی گرانەتا دەپارێزێت و تەنها دەدرێت لەو کەسانەی کە مەترسی تووش بوونیان لێ دەکرێت بەهۆی ئەوەوە کە بارێکی ژیانی سەختیان هەیە وەک دوای لافاوو کاتی شەڕو لە سەربازگەکاندا.

ئەم کوتاوە دەبێتە هۆی هەندێ نەخۆشی لاوەکی وەک بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی و سەر ئێشەو ئازاری لەش و وەک سوکە گرانەتایەک وایە بەڵام پاش دە ڕۆژ نامێنێت.

کوتان دژی ڕشانەوە (کۆلێرا) : - لەمەوبەر بە زۆری بەکار دەهێنرا لە کاتی ڕووداوی مەترسی تووشی ڕشانەوە بوون و چوونە ناوچەیەکەوە کە ئەو نەخۆشی یەی تێدا بێت.

نۆیەم : کوتاوی دژی زەردە تا : - ئەم کوتاوە دەدرێ بەو کەسانەی دەگونجێ تووشی زەردە تا بن بەتایبەتی ئەو کەسانەی زۆر

هـــــــــاتوچووی ئەو ناوچـــــــــانە دەکەن کە ئەو نەخۆشی یەیان تێدا بڵاوە.

دەیەم : کوتـــــاوی دژە هەوکردنـــــی بەرگەکـــــانی دەمـــــاغ : - لە کـــــاتی ڕوودانـــــی ئەم نەخۆشـــــی یە لە نـــــاوچەیەکی دیـــــاری کـــــراودا ئەم کوتـــــاوە دەدرێـــــت. کوتـــــاوە پارێزەکـــــان ، گرنگتـــــرین ڕێـــــگەی خۆپاراســـــتن دژی نەخۆشـــــی یە باوەکـــــان و بـــــۆتە هـــــۆی ڕزگـــــار کردنـــــی ســـــەدان ملیـــــۆن مـــــرۆڤ لە هەمەجـــــۆر نەخۆشـــــی و مردنـــــی مسۆگەر.

لوەتا

لوەتا نەخۆشیەکە تا ڕادەیەکی زۆر تووشی منداڵی بچووک و هەروەها مرۆڤی گەنج دەبێت ، بەڵام دوور نیە لە تەواوی قۆناغەکانی تەمەندا ڕوو بدات هەروەها تووش بوونی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە دوو تاوەکو دە ساڵە.

ڤایرۆسی (E.B.V) کە سەر بە خێزانی ڤایرۆسی هێرپسە - Herps - بە گەلێ نیشانەی جیاواز دێتە کایەوە ، بەتایبەتی کە دووچاری منداڵان دەبێت ، گەلێ جاریش دەبێتە تەڵەی سەر ڕێگەی دەست نیشان کردنی نەخۆشیەکان ، ئەگەر گرینگی پێ نەدرێت بەتایبەتی لە نەخۆشی تادارو بڵاوەدا. کە لەم قۆناغەی تەمەندا زۆر جار ڕووەدات ، وێڕای ئەم نەخۆشیە تاو زووڕانەوەی قورگ

هەڵسانی لەو لیمفیەکانی ئەسکوردو ژانە سکی لەگەڵ دایە.

سەرباری ئەوەی کە نیشانەی ئەو نەخۆشیە لە گەلێ نەخۆشی تردا باون ، ئەنتی بایوتیک بە ئاسانی کاریان لێدەکات.

گەلێ جار بە زەحمەت منداڵ تووشی لوەتا دەبێت ، ئەتوانرێ ئەزموونی تاقیگەیی بۆ بکرێت بە تایبەتی هەی خوێن ، هەر لەبەر ئەمەش گەلێ جار لوەتا بە چاکی دەست نیشان ناکرێت ، بەتایبەتی لە منداڵدا. ئەم نەخۆشی یە ئاشکراو بەرچاو نیە تا ئێستا رێژەی ڕاستی تووش بوونی نەزانراوە ، بەپێی جێگاکان جیاوازە ، رێژەی تووش بوون دەگۆڕێت هەر چەندە پێرسەنتیکی بڵندی پێگەیشتوەکان E . B . V هەیە وا بەدەردەکەوێت کە لە ڕابردوودا تووشی ئەو نەخۆشیە بووینەو بە داخەوە تا ئێستا سەرنەکەوتوون لە دەست نیشان کردنی لوەتا

دا. گەلێ جۆرە چارەسەری چەوت ئەنجام دەدرێت بۆ ئەو کەسانەی تووشی ئەم نەخۆشیە بووینە ، نەشتەرگەری لابردنی ڕیخۆڵە کوێرەیان بۆ ئەنجام دراوە بەڵام ئەگەر ئەنتی بایوتیک بدرێتە نەخۆش ئەوە بێگومان بە پێچەوانە کار دەکاتە سەر خول و سوڕی نەخۆشیەکە.

نیشانەکانی نەخۆشیەکە : - دوای مەودای کورک بوون کە هەفتەیەک تا دوو هەفتە دەخایەنێ نەخۆشیەکە ئاشکرا دەبێت ، وەک ماندوو بوون ، بێ تاقەتی سەر ئێشان دەست پێ دەکەن ، پاشان سووتانەوەی قورگ ، ئەستوور بوونی لوە لیمفیەکانی ئەسکوردی بێ ژان تاش تایبەتی یەکسی ڕۆژانەی جیاوازی هەیە ، لە سپێدان نیەو بەرەو ئێواران تایەکە بەرز دەبێتەوە ، لوەکانی ناو بۆشایی زگ کە تووش بوون بە ئازارو ژانی زگ ئاشکرا دەبن و سپڵ گەورە دەبێت ١ سم تا ٣ سم بۆ ژێر

دەندەکانـدا هەسـت پـێ دەکرێـت و هنـدەک جـار زەردوی گەلـێ کەم دێـتە بەر چـاو ، خـۆ ئەگەر وەدیـار کەوت ئەوە دیـارە جـگەر تـووش بـوە ، بەڵام هەمیشـە لە تـووش بـوونی ئەم نەخۆشـی یەدا ئەوە ئەزمـوونی فەرمانەکـانی جـگەر تێـک دەچـێ و ئـاڵۆز دەبێـت. ئەسـتوور بـوونی لـوە لیمفیەکـان بەگشـتی نیشـانەی تـری نەخۆشـین کە دوور نـی یە لە ژێـر هەنگـل و لە هەردوو سێگۆشـەی ملـی پێشـەوەو پاشـەوە ، نیشـانەیەکی چـاک و دیـار هەیە کە ئەم نەخۆشـی یە لە هەوکردنـی مەرازەدا جیـا بکـرێتەوە ، ئەویـش هەوکردنـی جێگـای مەرازەو دەوروبەری یە لە لوەتـادا یـان تونـدی یـان هێـدی ئەم هەوکـردنە دیـار دەکەوێـت. هەروەهـا لەم نەخۆشـی یەدا مەرازە بەگشـتی گەورەن بە دەردراوێکـی خەسـت و سـپی داپۆشـراون چانـدنی ئەم دەردراوەی قـورگ هـیچ بەکتریایەک شین ناکات.

لیـــریش نیشـــانەی ١٠ ٪ - ٢٠ ٪ نەخۆشـــیەکانە کە دەســـت نیشـــان کـــردن ئـــاڵۆز دەکەن لەگەڵ ســـۆریکەو ســـۆریکەی ئەڵمـــانی .. هەروەهـــا لەگەڵ ئەو ســـوور بـــونەوەو لیرەکـــان کە پـــاش وەرگرتنـــی ئەمپســـلین دەردەچـــن ئەگەر بە هەڵە بـــدرێتە نەخـــۆش لە دەســـت نیشـــان کردنـــدا لەیەک جـــودا نـــاکرێن ، ئەنتـــی بایوتیـــک لە لوەتـــادا هـــیچ ســـوودو قـــازانجی نـــیەو بەڵکـــو چـــاک بـــوونەوەی دوا دێخـــن و ئـــاڵۆزی دەکـــات نیشـــانە دەگمەنەکـــانی لوەتـــاش هەوکردنـــی پەردەی دڵ و تێکچـــوونی رەهرەهەکـــانی نـــاو گـــوێ و ئەســـتوور بـــوونی لـــیکە لـــوە ، بەڵام لە هەمـــوو نیشـــانەو وێنەکـــانی تـــایبەتی و ئاشـــکراترن لە منداڵانـــدا مانـــدوو بـــوون و بـــێ تـــاقەتی یەکـــی گەلـــێ زۆری هەیەو کەم نەخۆشـــی تـــر ئەم جـــۆرە نیشـــانانەی هەیە. چـــوار تـــوێژینەوەو ئەزمـــوونی بنچینەیـــی هەنە ڕەنـــگە یـــارمەتی دەست نیشان کردنی لوەتا بدەن.

١ - ژمـــــارەی خـــــوێن Blood count : ئەم ئەزمـــوونە بەتـــایبەتی ژمـــارەی لیمفوســـایتەکان دیـــارن لەگەڵ گەلـــێ لیمفوســـایتی نائاســـایی بە زۆری وەک تاکە ناوک دیار دەکەون.

٢ - مۆنۆســـپۆت : ئەم ئەزمـــوونە دیمەنێکـــی خێرایـــی و لەســـەر ســـلایدێک ئەنجـــام دەدرێـــت کە لە کـــارلێکی ســـیرەمی خـــوێنی نەخۆشـــی لەگەڵ گـــورچیلەی بەرازی گینیـــاو خـــرۆکە سوورەکانی ئەسپ و چێڵدا.

٣ - ئەزموونی پۆل پنیل

٤ - دژە تەنی E . B . V

بـــارە ناهەمواوەکـــانی چارەســـەرکردن : لە ســـەرەتادا حەســـانەوەو ڕاکشـــان لە مـــاڵ پێویســـتەو دەبـــێ بـــۆ ئەو کەســـانەی کـــاری وزەدار دەکەن ، پێویســـتیەکە زیـــاترە. پاشـــان بەرە بەرە جـــوڵانەوە زیـــاد بکرێـــت بەپێـــی مـــان و نەمـــانی تـــاو بێ تاقەتی.

لە ڕاستی دا گەلێک لەم نەخۆشیانە بەبێ بارمەتی دان و بە سەربەخۆیی چاک دەبنەوەو ناشکراو دیار بوە کە ئەمپیسلین و ئەنتی بایوتیکەکانی تر کار لە خول و سۆڕی لەخۆشیەکە دەکەن و لیری سوور پەیدا دەکەن لەبەر ئەوە نابێ ئەم دەرمانانە بەکار بهێنرێن ؛ بەڵام ئەگەر نیشانەکان دیار بوون و نەخۆشی یەکە درێژ بوو ، ئەگەر ئەو نیشانانەی ژیان دەخەنە مەترسی یەوە ، وەکو : هەوکردنی پەردەی دڵ ، ئەبێ خولەکی ستیروید بدرێتە نەخۆش و گەلێک بە تۆندی بریدنیسولون کار لەم نەخۆشی یە دەکاو دەرئەنجام بە خێرایی لەناو دەردراوەکانی مەرازەو ئەستوور بوونی لوە لیمفی یەکان هەروەها لیرە سووڕەکانیش ئەگەر چی ئەنتی بایوتیک هەر نەدرێتە نەخۆش و تا ئاڵۆزکاری نەم ئەنتی بایوتیکە درێژە بەم نەخۆشیە دەدا ، ئەم ستیرۆیدە گەلێک چاکە بۆ هەموو

کەســـــێک بەتـــــایبەتی ئەم قوتابیـــــانەی لە بەدبەختـــی دا کە تـــاقی کـــردنەوە هەیە تووشـــی ئەم نەخۆشیە دەبن.

کون بوونی پەردەی گوێ

پەردەی گوێ پەردەیەکی تەنکە ، کەمێک لە کاغەزی ئاسایی ئەستوورترە. پەردەی گوێ جۆگەی دەرەوەی گوێ لە گوێ ی ناوەڕاست جیا دەکاتەوە ، فرمانی پەردەی گوێ وێڕای لەرانەوەی بە دەنگە شەپۆل کە یارمەتی گواستنەوەی دەنگ دەدات ، لە گوێ ی دەرەوە بۆ دەزگای بیستن ، هەروەها گوێ ی ناوەڕاست لە ئاوو تۆزو شتی دیکە دەپارێزێت ، کە لە ڕێی جۆگەی گوێی دەرەوە دەچنە نێو بۆشایی گوێ وە.

لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بوونی پەردەی گوێ پێویستی یەکی زۆر گرنگ نیە کە بە نەبوونی بیستن کارێکی ئەستەم بێت ، بەڵکو ئەو مرۆڤەی پەردەی گوێی نەمابێت وەیا کون بووبێت دەشێت ببیستێت.

سەبارەت بە تەنکی پەردەی گوێ کە دووچاری دڕان یان کون بوون دەبێت ، ئەوە لە ئەنجامی کەوتنە بەر زەبرێکی دەرەکی ڕوو دەدات ، جگە لەوەی کە دەنگە دەنگی بەرز

یەکێکە لە هۆیەکانی کون بوون ، وەک دەنگدانەوەی تەقینەوەیەک. هەروەها پەردەی گوێ بۆی هەیە هۆکاری تر کاری تێ بکات وەکو چوونە ژوورەوەی تەنێکی بیانی بۆ نێو بۆشایی گوێ و ڕووشاندنی تەپڵە پەردە ، یان زلە وەشاندن بۆ بناگوێ ، یان لە ئەنجامی هەوکردنی کەڤنارو توند.

دەبێ ئەوەش بزانین کە تەپڵە پەردەی کون بوو لە ئەنجامی تەقینەوەدا دوای ماوەیەکی کورت کە نزیکەی مانگێکی پێ دەچێ یەکتری دەگرێتەوە. لەوانەشە هەندێ لە خوێنەران بپرسن و بڵێن ئەی چۆن پارێزگاری لە تەپڵە پەردەی گوێ دەکرێ لەکاتی تەقینەوەدا. لە وەڵامدا دەڵێین لەکاتی تەقینەوەدا دەکرێ ئامێری تایبەتی لە گوێ بکرێ یان بە دەست و پەنجە کونی گوێ بگرین و دەممان کراوە بێت ، چونکە کردنەوەی دەم پەستان لەسەر هەردوو ڕووی پەردەی گوێ یەکسان دەکات ، چونکە گوێی ناوەڕاست لە ڕێی بۆڕی ((ئۆستاکی)) یەوە بە بۆشایی گەرووەوە بەستراوەتەوە.

ئەی ئەگەر تەپڵە پەردەی گوێمان درا دەبێ چی بکەین ؟

لەو حاڵەتەدا دەبێ پەیڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین : -

١ - بەهیچ جۆرێک ئەو دەرمانانە بەکار نەهێرێن کە لە شێوەی دڵۆپن و ، نەکرێنە گوێ وە.

٢ - تا دەتوانرێ هەوڵی ئەوە بدرێ ئاو نەچێتە نێو گوێ وە.

٣ - خۆ دوورخستنەوە لە بە گوڕ پاک کردنەوەی کونە لووت.

سوێندی ئەبوقرات



ئەبوقرات باوکی پزیشکی و خاوەنی سوێندی نەمر

((سوێند بێت ، دەبێت دڵسۆز بم بەرامبەر ئەم سوێندەم ، کە من نوژداری بۆ یارمەتی دانی نەخۆش بەکار بهێنم تا لە توانای ئەقڵ و لەشم دا بێت ، هەرگیز بۆ ئازاردان بەکاری نەهێنم ، دەرمانی کوشندەش بە کەس نەدەم ، هەتا ئەگەر ناچاریش بم ئەو مالأنەی بۆی دەچم هەرچۆنێک بێت دەبێ بە مەرامی یارمەتی دانی نەخۆش بچمە ژوورەوە ، هەرچی یەک ببیستم یان ببینم کاتی ئیش کردنم دەبێ باسی نەکەم ئەگەر پێویست بە شاردنەوە بێت)).

ئەمە سوێندی ئەبوقراتە کە هەتا ئەمڕۆ قوتابیانی کۆلیژی پزیشکی لە دوای دەرچوونیان ئەم سوێندە دەخۆن.

ئەبوقرات لە دوورگەی ((کوس)) ی یۆنانی ساڵی ((٤٦٠)) ی پێش بوونی هاتۆتە دنیاوە. قوتابخانەکەی لە دوورگەی ((کوس)) بووە ، لەوێ قوتابیانی فێری وانەی نوژداری دەکرد.

نەوبەی دڵ

نـــــۆرەی دڵ واتـــــای دوو ڕووداو دەگەیەنـــــێ ئەویـــــش یـــــا مردنـــــی کتـــــوپڕ یـــان جەڵـــتەی دڵ. مردنـــــی کتـــــوپڕ ئـــــاڵۆزی یەکـــــی

کەرومیکـــــانیکی لە دڵـــــدا ڕووەدات کە پەکـــــی دڵ دەخـــــاو توانـــــای خـــــوێن گەیانـــــدنە مێشـــــکی لـــــێ دەبـــــڕێ کە ئەمەش ئەنجـــــامەکەی مـــــردنە ، بەڵام جەڵـــــتەی دڵ بەشـــــێکی ماســـــولکەی دڵ تووشـــــی کلۆربـــــوونێکی تەواو دەبـــــێ و بە چـــــاکی خـــــوێن نایگـــــاتێ هەروەهـــــا لەگەڵ یەک لە خوێنبەرەکـــانی دڵـــدا خـــوێن تووشـــی پەیـــت بـــوون دەبێ.

نـــــۆرەی دڵ یەکســـــەر بـــــێ پێشـــــەکی تووشـــــی تووشـــــی نەخـــــۆش نـــــابێ بەڵکـــــو بەر لە تـــــووش

بـــوونی نەخـــۆش بە چەنـــد مانگێـــک هەنـــدێ نیشـــانەو دیـــاردە بەســـەر نەخـــۆش دا دێ وەکـــو هەســـت بە مانـــدووبوون و بێـــزاری کـــردن و وردە وردە کەم بـــــوونەوەی هێـــــزو توانـــــاو بیـــــری نەخۆش.

هەروەهـــا بە غەڵـــبە غەڵـــب و هەرا تێـــک دەچـــێ و لەســـەر شـــتێکی کەم زوو تـــوڕە دەبـــێ و لە ئـــیش کردنیشـــدا ســـســـت دەبـــێ. هەروەهـــا بـــڕوای بە خـــۆی کەم دەبێـــتەوەو زۆر بە قـــوڵی دەخەوێـــت لەو کاتـــانەی کە کـــاتی خەو نـــیە بـــۆ نمـــوونە لەکـــاتی ســـەیر کردنـــی تەلەفزیـــۆن یـــان لەکـــاتی چـــاوەڕوانی نـــانی ئێـــوارەوە پـــرخەی دێـــت بەڵام بە شـــــەو لەکـــــاتی نوســـــتنی ئاســـــایی دا بە پـــێچەوانەوە دەبێـــت ، خەوەکەی هـــێمن و بـــاش نـــیە ، لە نـــان خواردنـــدا پتـــر لە جـــاران دەخـــواو هەروەهـــا ئەگەر جـــگەرە کـــێش بـــێ لە جـــاران پتـــر بەکاری دێنێ.

لە کاتێکـــدا ئەم گـــۆڕان و حـــالەتەی تووشـــی هـــاتووە نیشـــانەی ئینـــزارو ئاگـــادار کـــردنەوەیە بـــۆ ئەو مەترســـی یەی کە لە داهـــاتوودا دووچـــاری دەبێ.

لەبارچوونی منداڵ

جۆرەکانی منداڵ لەبارچوون : -

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بە دوو بەشی سەرەکی یەوە : -

١ - لەبارچوونی لەخۆوە (سروشتی) spontanousabortion کە ئەمانە دەگرێتەوە : -

أ - لەبارچوونی تەواو sompleteab : ئەوەیە کە هەموو ناواخنی منداڵدان بەتەواوی فڕێ دەدرێتە دەرەوەو خوێن بەربوون لەخۆوە دەگیرسێتەوەو پێویست بە هیچ جۆرە کارێکی نوژداری ناکات مەگەر بۆ زانینی هۆیەکەی.

ب - لەبارچوونی ناتەواو incompleteab : ئەوەیە کە بەشێک لەو ناواخنە فڕێ دەدرێتە دەرەوەو دایک بەخۆی و خوێن بەربوونێکی زۆرەوە خۆی دەگەیەنێتە نەخۆشخانە کە

پێویست بەوە دەکات یەکسەر بە کاری کورتاج ناوەوەی منداڵدان پاک بکرێتەوە لە پاشماوەکانی سک پڕی.

ج - لەبارچوونی شاراوە ((ون بوو)) missedab : - ئەوەیە کە کۆرپەلە لەناو سکی دایک دا دەمرێ و خوێن بەر بوون بەرەو ناوەوەی منداڵدان دەبێت. لەم حالەتەدا دایک خوێن نابینێ ، بەڵام هەست دەکات منداڵەکەی لەناو سکی دا ناجوڵێ و قەوارەی منداڵدان زیاد ناکات بەڵکو بچووکتر دەبێتەوە. بە چەند ئامێرێکیش کە تایبەتە بە زانینی زیندوویی کۆرپەلە پیشان دەدەن کە لەناو سکی دایکی دا مردووە. ئەم لەبارچوونە لە داهاتوودا دەبێتە لەبارچوونی تەواو ، بەڵام پێویستە پێش ئەم ماوەیە ناواخنی منداڵدان کورتاج بکرێ تاوەکو دایک تووشی مەترسی زیاتر نەبێت.

هـــــــــــ- لەبـــــــــــارچوونی یەک لەدوای یەک
Habitualab : - دووبـــــــــــــــــارەبوونەوەی
حـــالەتەکەیە دوو جـــارو ســـێ جـــارو زیـــاتر بەزۆری
هـــۆیەکەی کەمـــی هۆرمۆنەکـــان یـــان فـــراوان
بوونی دەرچەی منداڵدانە.

ز - لەبـــــارچوونی ترســـــێنەر Threatened ab :
- لەم حـــالەتەدا دایـــک خـــوێن دەبینـــێ و هەســـت
بە ئـــازاری بەشـــی خـــوارەوەی ســـک دەکـــات
بەڵام کـــــاتی پشـــــکنینی دەرچەی منداڵـــــدان بە
تەواوی دەبینـــــرێ ، شـــــایانی باســـــە لێـــــرەدا
لەوانەیە ژیـــانی کـــۆرپەلە لە مەترســـی مـــردن و
لەبـــارچوون ڕزگـــار بکـــرێ ئەگەر دایـــک پشـــووی
تەواو بـــــدرێتێ و خـــــوێنەکەی بوەســـــتێنرێ و زۆر
پێویســـتە لە نەخۆشـــخانە بخەوێنـــرێ بـــۆ ئەو دوو
مەبەستە.

٢ - لەبـــارچوونی دەســـت کـــرد ((تاوانکـــاری))
cremina ab : - ئەمەش لەلایەن دایـــــــــــــکەوە
یـــان کەســـێکی تـــرەوە کە بەو تـــاوانە هەڵدەســـتن

تـــاوەکو کـــۆرپەلە نەیەتە دنیـــاوە جـــا بـــۆ هەر مەبەســـتێک بێـــت وەک مەبەســـتی ڕەوشـــت و ئابووری.

هۆیەکانی لەبارچوون : -

شـــایانی باســـە نیـــوەی هۆیەکـــانی نەزانـــراوە ، ئەو نیوەش کە زانراوە بریتین لە : -

١ - نـــاتەواوی زگمـــاکی کرۆمۆســـۆمەکانی کـــۆرپەلە بە سروشـــتی یـــان لە ئەنجـــامی چەنـــد نەخۆشـــی یەکـــی دایـــک ، ئەم جـــۆرە زۆر کەم دووبـــارە دەبێـــتەوە. هەروەهـــا ســـک پـــڕی هێشـــوویی ((الحمـــل العنقـــودی)) واتە منـــداڵ دروست نەبووە تەنها وێڵاش دروست بووە.

٢ - چەنـــد نەخۆشـــی یەکـــی دایـــک وەک ئەو میکرۆبـــانەی تووشـــی هەوکـــردن و بەرزبـــوونەوەی پـــلەی گەرمـــی لەشـــی دەکەن ، وەک مەلاریاو روبیللاو سفلس.

لەم جـــۆرەدا بە زۆری کـــۆرپەلە بە زینـــدوویی فـــرێ دەدرێـــتە دەرەوە. هەروەهـــا لە نەخۆشـــی شـــەکرەو بەرزبـــوونەوەی پەســـتانی خـــوێن و نەخۆشی توندی دەروونی.

٣ - شـــێواوی منداڵـــدان وەک هەبـــوونی دوو منداڵـــدان بە زگمـــاکی یـــان فراوانـــی دەرچەی منداڵدان یان وەرگەڕان و سووڕانی.

٤ - لاســـەنگی هۆرمۆنەکـــان : - وەک کەمـــی هۆرمـــۆنی پرۆجیتـــرۆن و کەم یـــا زۆری هۆرمـــۆنی سایرۆیدی.

٥ - کەوتـــنە بەر تیشـــکی ئـــێکس و جۆرەکـــانی تر لە سەرەتاکانی سک پڕی.

٦ - بەکارهێنـــانی دەرمـــان وەک ئەوانەی بـــۆ نەخۆشـــی شـــێرپەنجە بەکـــاردێن یـــان ئەوانەی لە نەخۆشـــخانەکاندا بـــۆ کـــرژ بـــوونی ماســـولکەی منداڵدان بەکاردێ.

٧ - تـــــین بەرکەوتنـــــی منداڵـــــدان وەک لەبـــارچوونی دەســـت کـــرد بە پێـــدانی دەرمـــان یان هەڵگرتنی شتی قورس .. هتد.

نیشانەکانی لەبارچوون : -

١ - پەیـــدابوونی ئازارێـــک لە بەشـــی خـــوارەوەی ســـک کە لەوانەیە زۆر تونـــد بێـــت و نەخـــۆش نەتـــوانێ بە ئاســـانی خـــۆی لەبەردا بگـــرێ یـــان ئەوەنـــدە کەم بێـــت هەر هەســـتی پـــێ نەکـــرێ ئەوەش لە ئەنجـــامی کـــرژ بـــوونی منداڵـــدانی دایکەوە دەبێت.

٢ - خـــوێن بەربـــوونی کۆئەنـــدامی زاووزێ ی دەرەکـــی کە دایـــک هەســـتی پـــێ دەکـــاو ئەگەر بە چـــاو بیبینـــێ ترســـێکی زۆری لـــێ دەنیشـــێ ، هەنـــدێ جـــار ئەو خـــوێن بەربـــوونە ئەوەنـــدە زۆرە دەبێـــتە هـــۆی تێـــک چـــوونی کۆئەنـــدامی ســـووڕانی خـــوێن و دایـــک دەخـــاتە مەترســـی مـــردنەوە ئەگەر بە زوویی نەگەیەنرێتە نەخۆشخانە.

٣ - فـــــڕێ دانە دەرەوەی کـــــۆرپەلە لەســـــەر شـــێوەی منـــاڵێکی بچکـــۆڵانەی نـــاتەواو یـــان ئەوەتـــا پـــارچە گۆشـــتی پچـــڕ پچـــڕ کە بە خـــوێنی مەییـــو داپۆشـــراوەو دایـــک هەر وا دەزانـــێ خـــوێنی ئاســـاییەو هەنـــدێ جـــار بە زەحـــمەت پزیشـــک دەتوانێ کە منالّەکەی نەماوە.

شـــایانی باســـە دایـــک مەرج نـــی یە هەمـــوو ئەو نیشـــــانانەی تیـــــابێ بەڵام مەرجە خـــــوێن بەربوونی هەبێ.

چارەسەرو خۆپاراستن : -

بـــۆ خۆپاراســـتن و پاراســـتنی کۆرپەکانمـــان لە لەبـــارچوون پێویســـتە لەســـەر دایکـــان پەیـــڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن : -

١ - هەر لە ســـەرەتای ســـک پـــڕی یەوە ســـەر لە بنکەکـــانی تەندروســـتی منـــداڵ بـــوون بـــدەن و ئامۆژگـــاری پێویســـت لە نـــوژداری تـــایبەتی وەربگرن بۆ بەسەر بردنی ماوەی سک پڕی.

٢ - ئەگەر ئەوە نەکـــرا ئەوا ئـــافرەت لە مـــاوەی سـک پـــڕی دا دەبـــێ بە تەواوی حەســـاوە بێـــت و کـــاری گـــران نەکـــات و دووربـــێ لە گیروگرفتـــی دەروونـــی و خـــواردنی بەهێـــزو ســـوود بەخـــش بخـــوات ، چـــونکە کـــۆرپەلە متمـــانەی ژیـــانی لەســـەر خـــۆیەتی دایـــکە ، هەروەهـــا لە خـــۆیەوە هیچ دەرمانێک بەکار نەهێنێ.

ئیدوارد جینەر

ئەو پزیشکەی جیهانی لە نەخۆشی ئاوڵە ڕزگار کرد ناوی پزیشکی ئینگلیز ئیدوارد جینەر (١٧٤٩ - ١٨٢٣) پەیوەندی یەکی بەهێزی بە هەوڵ و تەقەڵای سەرکەوتووی دژی نەخۆشی ئاوڵە - خوریکە (pox) هەوە هەیە ، ئەو پەتا سامناکە کوشندەیەی کە گۆڕستانی وڵاتانی جیهانی بە ملیۆنەها مردووی بەو نەخۆشی یە پڕکردبوەوە.

لەم سەردەمەی ئێستاماندا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەڵاوی کردۆتەوە کە جیهان بە سایەی کۆششی (جینەر) ی مەزنەوە لە نەخۆشی ئاوڵە (pox) پاک بۆتەوە.

لە ســـــەدەی حەڤـــــدەهەم دا ئەو پەتـــــایە بەشـــــێوەیەکی زۆر فـــــراوان و ترســـــناک لە جیهانـــــدا بڵاوبـــــۆتەوەو لە ســـــاڵی ١٦٢٣ دا گەیشـــتۆتە شـــاری لەنـــدەن و لەوێـــوە پەڕیـــوەتەوە بـــۆ وڵاتـــی مەکســـیک و (ســـێ ملیـــۆن و نیـــو) کەســـی تـــووش بـــووی کوشـــتووە !! لە دوایـــی دا پەڕیـــوەتەوە بـــۆ ئیســـپانیاو لەوێـــوەش چـــووە بـــۆ هیندســـتان و ئەمجـــارەش نـــزیکەی نیـــوەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە فراوانەی لەناو بردووە !

لە ســـاڵی (١٧١٥) ش دا دووبـــارە ئـــاوڵە بەنـــاو وڵاتەکـــانی ئەوروپـــادا بـــڵاو بـــۆتەوەو گەیشـــتۆتە فەرەنســـاو زۆر کەســـی تـــووش بـــووی کوشـــتووەو یەکێـــک لەوانە شـــای نـــاوداری فەرەنســـا لویســـی چواردەهەم (١٦٣٨ - ١٧١٥) بووە.

ئەوروپـــــا نـــــزیکەی ١٠ ٪ تـــــاکو ٢٠ ٪ ی دانیشـــــتوانی بەو نەخۆشـــــی یە مـــــردوون و لەوانەی کە لە مـــــردنیش ڕزگـــــار بـــــوون نـــــزیکەی ١٠ ٪ تاکو ١٥ ٪ یان دەموچاویان شێواوە.

شـــارەزایانی تەندروســـتی جیهـــانی ئەو ڕاســـتی یەیـــان ســـاغ کـــردۆتەوە کە ئەو کەســـانەی لە جیهانـــدا تووشـــی ئـــاوڵە بـــوون ٨٠ ٪ یـــان مـــردوون و ئەوەی کە ڕزگاریشـــی بـــووە هەموویان کەم و زۆر ڕوویان شێواوە.

کاتێـــک ئیـــدوارد جیـــنەر لە شـــارۆچکەی بێرکلـــی ی ســـەر بە ئینگلـــتەرا لە ســـاڵی ١٧٤٩ لەدایـــک بـــووە ، پەتـــای ئـــاوڵە حەشـــری بە خەڵـــکەکە دەکـــردو ئەو کـــاتە ســـامناکترین نەخۆشـــی سەردەم بوو !

بـــۆیە هەر لە منـــدالّی یەوە گرنگـــی بە پزیشـــکی داو لە تەمەنـــی ١٢ ســـاڵی دا لەسەردەســـتی پزیشـــکێکی نەشـــتەرگەردا دەســـتی کـــرد بە خوێندنی زانست و توێکاری لێوە فێر بوو.

لەو کـــاتەی کە بیـــری لە نەخۆشـــی ئـــاوڵەو دەرمـــانەکەی دەکـــردەوە ، گـــوێی لە وتەیەک بـــوو ، ئەو وتەیە ژیـــانی خـــۆی و ملیۆنەهـــا مرۆڤـــی

گـــۆڕی ، چـــونکە ڕۆژێـــک لە ڕۆژان گـــوێی لە کـــچە جوتیارێـــک بـــوو دەیگـــوت : (مـــن تووشـــی ئـــاوڵە نـــابم ! چـــونکە تووشـــی ئـــاوڵەی مانگـــا = Compox بـــووم !!). ئەو بـــاوەڕەش بە نـــاوچە کشـــتوکاڵی یەکـــانی ئینگلـــتەرەدا بـــڵاو بـــووەوە دەیـــان گـــوت : (هەر کەســێک تووشـــی ئـــاوڵەی مانگـــا ببـــێ ، کە جـــۆرە ئـــاوڵەیەکی ســـووکەو تووشـــی ڕەشـــە وڵاخ (الابقـــار) دەبـــێ و ئـــادەمیزادیش لێـــی دەگـــرێتەوەو کە چـــاکیش بـــووەوە ، ئەو کەســـە تووشـــی ئـــاوڵەی ئـــادەمیزاد نـــابێ و بەرگـــری لەو نەخۆشـــی یە پەیـــدا دەکات).

جیـــنەر ئەم وتەیەی کـــچە جوتیـــارەکەی لە مێشـــک دا بـــوو ، هەر بیـــری لەو وتەیەو بـــاوەڕی خەڵـــکەکەی ئەوســـا دەکـــردەوە ، کە تەمەنـــی گەیشـــتە ٢١ ســـاڵی ، بـــۆ تەواو کردنـــی خوێنـــدنی پزیشـــکی چـــوو بـــۆ شـــاری لەنـــدەن و لەوســـاوە هەر خەریکـــی پشـــکنین و گەڕان بـــوو بە دوای

میکرۆبی ئاوڵەداو دۆزینەوەی جۆرە کوتان (Vaccination) یێکی سەرکەوتوو بۆ خۆپاراستن لەو نەخۆشی یە.

ماوەی ٢٠ ساڵی ڕەبەق هەوڵی بێ پایانی دا ، تاکو لە ساڵی ١٨٩٦ جۆرە پێ کوتانێکی سەرکەوتووی لە میکرۆبی مەردوو بێ هێزکراوی ئاوڵەی مانگا Cow pox دۆزی یەوە کە جاران ئەو کوتانەیان بەهۆی زیچکاوی کەسێکی تووش بوو بە ئاوڵەی ئادەمیزاد ئەنجام دەدا ، ئەمەش مەترسی یەکی زۆری هەبوو ، چونکە ماکێکی پیسی بەجێ دەهێشت و لەوانەش بوو بەهۆی ئەو کوتانەوە میکرۆبی خراپتری نەخۆشی کوشندەتر بۆ کەسە خۆشەکە (ساغەکە) بگوێزرێتەوە.

جینەر لە جیاتی ئەوەی کێم و زیچکاوی ئادەمیزادی تووش بوو وەربگرێت ، چوو لە مانگای ئاوڵە گرتووی وەرگرت و یەکەم جار

لەسەر کۆرە تەمەن ٨ ساڵی یەکەی خۆی تاقی کردەوەو ئەنجامەکەش لە ١٠٠ ٪ سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

زۆری پێ نەچوو ئەم جۆرە کوتانەی جینەر لە دژی ئاوڵە لە هەموو جیهاندا دوکتۆرەکان باوەڕیان پێ کردو بەکاریان هێناو لە زۆربەی وڵاتانی جیهان سوپاسنامەو ڕێزلێنانی بۆ هات.

لەو کاتەدا لە دەرەوەی بەریتانیا ڕێزێکی زۆریان لە جینەرو هەوڵە بەنرخەکەی نا ، دەبینین لەوڵاتی خۆی دا ، (کۆمەڵەی پزیشکی شاهانەی بەریتانیا) دانی بە کاریگەری کوتانەکەی جینەر نەناو بیانووشیان تەنیا ئەو وەهمە بوو ، کە هەندێ لە ناحەزانی دەیان گوت : هەر کەسێک خۆی بەو پێ کوتان (لقاح) ەی بکوتی ئەوا شێوەی دەمو چاوو ڕەنگ و ڕووی وەکو دەموچاوی مانگای لێ دێ و دەنگیشی وەکو بۆڕەی مانگا گڕ

دەبێ و هەموو لەشی مووێکی سخ و پڕی وەکو لەشی مانگا لێ دەڕوێ !!

ئەم هەموو خەوش و عەیبەش هەر لەبەر ئەوەبوو کە بە کێم و زیچکاوی مانگا دەکوترێت و میکرۆبی مانگای دەچێتە ناو لەشی.

بەڵام لە دوایی دا ئەو کۆمەڵەیەش پەشیمان بوونەوەو دانیان بە کاریگەری پاکی کوتانەکەی جینەر ناو بە سایەی ئەوەوە ئەمڕۆ جیهان لە نەخۆشی ئاوڵەی ترسناک پاک بۆتەوە.

مۆرتۆن

ئەم پزیشکە زانایە ناوی تەواوی (ولیەم . ت . ج . مۆرتۆن) ە ، لە ساڵی ١٨١٩ دا لە (چارلتۆن) ی ماسوشستس لە ئەمریکا لەدایک بووە. لە گەنجێتی دا گەیشتۆتە کۆلیژی پزیشکی ددان لە زانکۆی بەلتیمۆر. لە ساڵی ١٨٤٢ دا کاری ددانسازی کردووە.

مۆرتۆن گەورەترین دیاری پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە ، ئەمەش بەهۆی دۆزینەوەو بەکارهێنانی (بەنج) بوو لە کاری نەشتەرگەری دا.

تاکو پێش دۆزینەوە گرنگەکەی مۆرتۆن ئەو کەسانەی ددانیان دەیەشاو پزیشک دەری دەهێنان بە بێ سڕ کردن ، گەلێ ئێش و ئازاری تونددو تیژیان دەکێشا. بەڵام دوای دۆزینەوەی ئەو بەنجە سڕکەرەی ددان ، هیچ ئێش و ئازارێک تووشی ئەو کەسانە نەدەهات کە ددانیان دەردەهێنرا.

مۆرتۆن کاتی خۆی لەگەڵ پزیشکێکی تر کە ناوی (هۆراس ویڵز) بوو ، توانیان یەکەم جار (ئۆکسیدی نایترۆجین) واتە (گازی پێکەنین) لە نەشتەرگەری و ددان دەرهێنانەدا بەکار بهێنن. بەڵام پاشان مۆرتۆن خۆی توانی ماددەیەکی تر بدۆزێتەوە کە لە گازی پێکەنین بەهێزتر بوو ئەویش ماددەی (ئەیتیر) ە. ئەم ماددەیە بۆ یەکەم جار بۆ سەگێک بەکار هێنرا ، پاشان مۆرتۆن لەسەر خۆی تاقی کردەوەو پاشان لەسەر نەخۆشێک کە ددانی دەردەهێنا ، ئەم ماددەیەی بەکار هێنا

بـــێ ئەوەی نەخۆشـــەکە هەســـت بە هـــیچ ئـــێش و ئازارێک بکات.

لە تەمەنـــــی ٤٩ ســـــاڵی دا لە ســـــاڵی ١٨٦٨ دا لە نیو یۆرک کۆچی دوایی کرد.

فریاگوزاری

١ - مار پێوەدان : باشترین چارە خۆپاراستنە لە پێوەدانی مار ، ئەویش بە لەبەر کردنی جلی تایبەت لەو شوێنانەی ماری زۆرە وەکو گۆرەوی خوری درێژو دەستەوانەی وا کە باسکیشی دابپۆشێ.

چارەسەرکردن : - بە زووترین کات مار پێوەدراو بگەیەنرێتە نزیکترین نەخۆشخانەو لە رێگەدا وا چاکە لەشی بە چەماوەیی ڕابگیرێ بۆ کەم کردنەوەی خێرایی کشانی ژەهرەکە لە خوێندا و نە بەفر نە هیچ شتێکی سارد مەخەرە سەر برینەکەو ئەگەر هاتوو نەخۆشخانەکە دووری یەکەی لە کاتژمێرێک پتر بوو بە شتێک نێوانی برینەکەو لەشی ببەستە.

پێویستە پانی بەستنەکە ٣ - ٥ سم بێ و تونەد ببەسترێ بە مەرجێ نەهێڵی ژەهرەکە

بـــڵاو ببێـــتەوەو ڕێـــگەی هـــاتوچووی خـــوێنیش نەگرێ.

٢ - خـــوێن بەربـــوون : یەکەم جـــار خـــوێن لـــێ بەربـــوەکە لەســـەر پشـــت ڕابکشـــێنە تـــاکو لە هـــۆش خـــۆی نەچـــێ بـــۆ وەســـتانی خـــوێنەکەش پـــارچەیەکی (معقـــم) لەســـەر شـــوێنی خـــوێن بەربـــوونەکە دابنـــێ و بە نـــاو لەپـــی دەســـت پاڵەپەســـتۆی بـــخەرە ســـەرو بەردەوام بە لەســـەر پاڵەپەســـتۆ کـــردنە ســـەر شـــوێنەکە ، بەڵام ئەگەر هـــات و بـــرینەکە لە مـــل یـــان لە ســـەر بـــوو یـــان لە چـــوار پەل بـــوو بەشـــە بریـــندارەکە لە ئاســـتی دڵ بەرزتـــر بـــکەرەوە بـــۆ یـــارمەتی دانـــی وەســـتانی خوێنەکە.

٣ - لەهـــۆش خۆچـــوون : ئەگەر کەســـێک لەخـــۆ چـــوو بـــوو بـــیخەرە ســـەر پشـــت و جـــل و بەرگ و ملبەســـتەکەی شـــل بـــکەرەوە لەگەڵ کـــراس و پشـــتێنەکەی ، دوایـــی قـــاچی بەرز بـــکەرەوە بـــیخەرە ســـەر دەم و چـــاوی ئەگەر لەهـــۆش خـــۆ

چـــوونەکە دەقـــیقەیەک یـــان دوو دەقـــیقەی خایانـــد ئیسعافی بۆ بانگ بکە.

٤ - نـــۆرە دڵ : نەخـــۆش هەناســـەی ســـوار دەبـــێ و دڵـــی تـــێکەڵ دێ و ناوەنـــدی ســـنگی دێشـــێ دوایـــی ئـــازارەکە دەچێـــتە مـــل و دەســـتی چەپ و دوایـــی عـــارەق دەکـــات و لەهـــۆش خـــۆی دەچـــێ. دەبـــێ یەکســـەر داوای ئیســـعاف بکەیـــت. تـــا ئەو کـــات نەخۆشـــە پـــاڵ بـــخەو جـــل و بەرگـــی شـــل بکەرەوەو مەهێڵە هیچ بخواتەوە.

٥ - خـــۆر بـــردوو : نەخـــۆش لاواز دەبـــێ و ســـەری ســـۆڕ دەخـــواو دڵـــی تـــێکەڵ دێ و لەهـــۆش خـــۆی بچـــێ. دەبـــێ ســـەرەتا نەخۆشـــەکە ببـــرێتە بەر ســـێبەرو لەشـــی ســـارد بکـــرێتەوەو ئـــاو بەســـەر نەخۆشەکەدا بکە.

ئەگەر لەهـــۆش خـــۆی نەچوبـــوو ئـــاوی ســـاردی بـــدەرێ بەڵام نـــابێ چـــای یـــان قـــاوەی بـــدەیتێ. دوایی نەخۆشەکە بگەیەنە نەخۆشخانە.

٦ - سەر شکان : هەمیشە لەوانەیە سەر بشکێ لە ئەنجامی ترۆمبێل یان کەوتن یان شەڕ. نەخۆشەکە گێژ دەبێ یان لەهۆش خۆی دەچێ و لەوانەیە خوێن لە دەم یان لە لووتی یان لە گوێ یەوە بێت ، یان قاچی سڕ ببێ و سەری ژان بکات و سوڕ بخوا یان بیرەوەری ون بکات. دوایی ئاگاداری هەناسەی ببە ، هەناسەی دەستکردی بۆ بکە لەگەڵ بووژانەوەی دڵ و نەخۆشەکە بخەرە سەر لا بۆ ئەوەی خوێن و پیسی لە دەمەوە بێتە دەرەوەو نەخۆشەکە بگەیەنە نەخۆشخانە.

چونکە لەوانەیە تووشی خوێن بەربوونی مێشک بووبێ با نەخۆشەکە بە پاڵ کەوتوویی بمێنێ تا ئیسعاف دەگات.

٧ - لێدانی کارەبا : کەسەکە لە کارەباکە دوور بخەرەوە بەهۆی بڕینی کارەباکەوە. پاشان ئاگاداری هەناسەدانی کەسەکە ببەو بە هیچ جۆرێ دەستی لێ نەدەی تا لە سەرچاوەی

کارەبـــــاکەی دوور دەخەیـــــتەوە. دوایـــــی هەناســـەدانی دەســـتکرد و دڵ بـــووژانەوەی بـــۆ بـــکە دوایـــیش بنێـــرە بە دوای ئیســـعاف داو یەکسەر بیگەیەنە نەخۆشخانە.

٨ - دەرچـــوونی جـــومگە : نـــابێ جـــومگەکە بجـــوڵێنی یـــان هەوڵ بـــدەی بیگێـــڕیتەوە دۆخـــی جـــاران ، بەڵکـــو دەبێـــت بە زووتـــرین کـــات پەنـــا بەریـــتە بەر پزیشـــک ، ئەگەر ناچـــار بوویـــت نەخۆشـــەکە بجووڵێنیـــت شـــتێک بـــخەرە ژێـــر جـــومگەکە. بەڵام ئەگەر جـــومگەی حەوز تـــرازا بـــوو ، یەکســـەر داوای ئیســـعاف بـــکەو کیســـێک بەفـــر بـــخەرە ســـەر شـــوێنەکە تـــا ئـــازاری کەم ببێتەوە.

ڕاوێژکاری پزیشکی (استشارات طبية)

١ - هەڵوەرینی قژ :

أ - سەوزەو میوە زیاتر بخۆن.

ب - چەوری و شیرینی کەم بکەنەوە.

ج - دوور کەوتنەوە لە دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوە.

د - کورت کردنەوەی قژو پاک کردنەوەی و شانەکردنی.

٢ - دەنگی غازاتی سک :

أ - خۆ بە دوور گرتن لە هەموو ئەو خۆراکانەی کە هەست دەکەیت لەگەڵتدا ناگونجێت بە پشت بەستن بە ئەزموونە درێژخایەنەکانت لەگەڵ خواردنەکان ، بە تایبەتی خواردنە چەورەکان و فەلافل و ترشەلۆکەکان.

ب - لە گـــــــــرژی دەمـــــــــارو دڵەڕاوکـــــــــێ و بیرکردنەوەی زۆر دوور بکەونەوە.

ج - لە قەبـــــــــــــزی دوور بـــــــــــکەونەوە بەم چارەســـــەریانە : وەرزش کردنـــــی بەیانیـــــان و زوو خـــواردنی نـــانی بەیـــانی و چـــوون بـــۆ توالیـــت بەبـــێ دواکەوتن.

٣ - مەمکی بچووک :

هۆکـــاری دەروونـــی و هۆرمـــۆنی و بۆمـــاوەیی هەن کە کـــاریگەری یـــان لەســـەر قەبـــارەی مەمکەکـــان هەیە ؛ خانمـــــــان بەهـــــــۆی کـــــــاریگەزی ئەم هۆکـــارانە تووشـــی مەمکـــی گەورە یـــان بچـــووک دەبن.

ئەگەر لە خێزانەکەتـــــــــدا مێیـــــــــنە هەن کە بە دەســـت مەمکـــی بچـــووکەوە دەنـــاڵێنن هۆکـــاری بۆمـــاوەیی کـــاریگەری لەســـەر ئەم حـــالەتە هەیە ، کە چارەسەر کردنی قورسە.

٤ - برینەکانی ئەندامی نێرینە :

أ - خـــۆ بەدوور گـــرتن لە دەســـت لێـــدانی ژن تـــا چاک بوونەوەی تەواو.

ب - شیکاری خوێن.

ج - بە زووتـــــرین کـــات چارەســـەری پێویســـت وەر بگرە.

هەوکردنی مەرازە

مەرازە ئەو دوو ڕژێنە بچوکە نەرم و لینجەن کە دەکەونە ئەم لاو ئەولای قورگەوە فرمانی ئەم دوو لیمفە ڕژێنەش پاراستنی لەشە لە میکرۆب و ماددەی زیان بەخشش کە لە ڕێگەی دەمەوە بەهۆی خۆراک و ئاو ، یان هەوای پیس دەچێتە ناو لەشی مرۆڤەوە.



فرمانی مەرازەکان لە تەمەنی منداڵی دا زیاترە وەک لە تەمەنی بالغ بوون. واتە لەگەڵ زیاد بوونی تەمەن ئەرکێکی ئەوتۆیان نامێنێ.

بەشەکانی نەخۆشی هەوکردنی مەرازە :

١ - هەوکردنی تووندو تیژ Acut Tonsilltis :
ئەم هەوکردنە بەهۆی جۆرە بەکتریایەکەوە

تووشـــی ڕژێنەکـــان دەبێـــت ، کە پێـــی دەڵـــێن : هیمولتک ستربتوکوکس.

٢ - هەوکردنـــــــــی دڕێژخـــــــــایەن Chronis Tonsilltis

نیشانەکانی هەوکردنی تۆندو تیژی مەرازە : -

گەرووی نەخۆشـــــەکە دەئاوســـێت و هەســـت بە ئـــازارێکی زۆرو بەرزبـــوونەوەی پـــلەی گەرمـــی لەش دەکـــات ، هەنـــدێ جـــاریش تـــایەکە لەرزی لەگەڵ دایە لەگەڵ ئـــازارێکی تونـــد لە گـــوێ یەکـــانی نەخۆشـــدا ، هەروەهـــا ســـووتانەوەی بەشـــی ســـەرەوەی نـــاو دەم و هەســـت بە ئـــازار کـــردن لەکـــاتی قـــووت دانـــی خـــواردەمەنی دا ، ئاوســـانی گـــرێ لیمفـــاوی یەکـــانی مـــل ، هەنـــدێ جـــاریش بەتـــایبەتی لە منداڵانـــدا تووشـــی ڕشـــانەوە دەبێـــت ، ئەم نیشـــانەیە بـــۆ مـــاوەی ٣ - ١٠ ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

ئالۆزی یەکانی ئەم نەخۆشی یە : -

پەیـــــدا بـــــوونی دوومەڵ لە دەوروبەری هەردوو مەرازەو گەروودا ، لەگەڵ ئاوســـــانی قـــــورگ هەنـــدێ جـــاریش نەخـــۆش تووشـــی رۆمـــاتیزمی دڵ و جـــومگە دەبێـــت. هەروەهـــا لەگەڵ هێرشـــی بەکتریـــادا نەخـــۆش تووشـــی هەوکردنـــی گـــورچیلە دەبێـــت ئەویـــش لە ئەنجـــامی دەردانـــی ژەهـــری بەکتریاکـــانەوە دروســـت دەبێـــت و هەروەهـــا هەنـــدێ جـــار نەخـــۆش خـــوێنی لەگەڵ میـــزدا دێـــتە دەرەوەو نەخـــوش تووشـــی هەوکردنێکـــی تونـــدی گوێ یەکان دەبێت.

ئینجـــا ئەگەر هـــات و نەخـــۆش لەم قۆنـــاغەدا چارەســـەری نەکرێـــت ئەوا لە ئەنجامـــدا تووشـــی هەوکردنی دڕێژخایەنی مەرازە دەبێت.

چارەسەرکردن Tmment : لەکاتی تووش بوونی مرۆڤ بەم نەخۆشی یە ، پێویستە نەخۆش بۆ ماوەیەک لە جێگەدا بمێنێتەوەو خواردەمەنی شلەمەنی و زینەدە تەنی بدرێتێ ئەویش بە شێوەی پەنسلین. لەگەڵ ئەو دەرمانانەی کە ئازارو پلەی گەرمی لەش دێنێتە خوارەوە وەک دەرمانی پاراستێۆل و ئەوانی تر.

هەوکردنی درێژخایەنی مەرازە : - ئەم جۆرەیان لە ئەنجامی دووبارە بوونەوەی هەوکردنی توندو تیژی مەرازەدا ڕوودەدات.

نیشانەکانی : - ئازارێکی تونددو بەردەوامی لە نزیک مەرازەوە بۆ پەیدا دەبێت لەگەڵ ئاوسانی گرێ لیمفاوی یەکانی مل و کۆکەیەکی وشک Dry Cough هەندێ جار نەخۆش تام و بۆنی دەگۆڕێ و ناخۆش دەبێت بەتایبەتی لەکاتی هەناسەدانەوەش

هەست بە ناخۆشی بۆنەکەی دەکرێت هەندێ جاریش نەخۆش تووشی هەناسە تەنگی دەبێت و زۆر بە گران خواردنی بۆ قووت دەدرێت ، کە ئەمەش لە ئەنجامی گەورە بوونی قەبارەی مەرازەوەیە.

نیشانەکانی پێویستی نەشتەرگەری مەرازە : -

١ - کاتێک کە هەوکردنی دریژخایەنی مەرازە ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت.

٢ - لە کاتێکدا کە مەرازە دوومەڵی لێ پەیدابێت.

٣ - نەخۆش تووشی رۆماتیزمی دڵ و جومگە بێت.

٤ - لەکاتی هەوکردنی مەرازە بەهۆی دووبارە بوونەوەی هەوکردنی مەرازەوە.

٥ - دووبـــــارە بـــــوونەوەی هەوکردنـــــی بـــــۆڕی یەکـــــانی هەواو گیرفانەکـــــانی لـــــووت (الجیـــــوب الانفیە).

٦ - نەخـــۆش هەناســـەی تەنـــگ بێـــت و بە گـــران خـــواردنی بـــۆ قـــووت بـــدرێت ، بەهـــۆی گەورە بوونی قەبارەی لووەکانەوە.

ستیرۆیدات STEROIDS

خراپ بەکارهێنانی ستیرۆیدات

و هەڵەی باوی حەبی قەڵەوی

زاراوەی ((خـــراپ بەکارهێنـــانی دەرمـــان)) بەوە دەڵـــێن ، کە لە ئەنجـــامی بەکارهێنـــانی لە باریـــک لە بارودۆخەکانـــــدا زەرەری زیـــــاتر بێـــــت لە قازانجی بەگوێرەی تاک یاخود کۆمەڵ.

هەنـــدێ لە هاوڕێتیـــان وەک دیـــاردەیەکی بـــاو بە هەڵە ئەو دەرمانـــانە بەکـــار دێـــنن کە مـــاددەی ســـــتیرویداتیان تێـــدایە ، بەتـــایبەتی لەلایەن ئافرەتـــان بەکارهێنـــانی زیـــاترە ، گـــوایە دەبێـــتە هـــۆی قەڵەو بـــوون ، بەڵام ئەمە نـــابێتە هـــۆی قەڵەو بـــوونی ڕاســـت و تەواو ، بەڵکـــو دەبێـــتە هـــۆی ئاوســـانی خانەکـــان و شـــێواندنی لەش ، کە دوای ئەمەش هەر زوو کـــــاریگەری نـــــامێنێ و لادەچـــێ ، ئینجـــا دوای ئەمە نیشـــانەی هەنـــدێ

نەخۆشی لا بە لایی لەسەر ئەو کەسە بە دیار دەکەوێ کە زۆر ترسناکن. هەندێ لەو دەرمانانەش کە لەلای خۆمان هەیە : دیکسون ، سستۆن پریزولون ، لیدرکوت ، بولاروئیل و گەلێکی تر.

لێرەدا مەترسی و زیانەکانی بە هەڵەو بێ ئاموژگاری پزیشک بەکارهێرێن دەخەینە بەر چاوی خوێنەران : پێش هەموو شتێک پێویستە هەموو لایەکمان ئەو ڕاستی یە بزانین کە لەشی مرۆڤ خۆی ماددەی ستیروید دروست دەکات لە نێو پەردەی گڵاندی ئەدرینالین واتە (الغدة الكظرية) Adrenal cortex کە ترشەڵۆکەکان لە ڕێگەی چەند کارلێکێکی کیمیاوی دەگۆڕێتە سەر پریکنینولون ئەمەش بە ماددەیەکی گرنگ دادەنرێ لە دروست کردنی ستیرۆید لەناو گڵاندی ئەدرنیالین.

واتە هەمـــــوو مرۆڤێکـــــی لەش ســـــاغ بـــــڕی پێویســـتی خـــۆی لە ســتیرۆید هەیە لەنـــاو لەشـــداو هـــیچ پێویســـتی بە زیـــاد کـــردن نـــی یە. واتە بەکارهێنـــانی ئەم دەرمـــانە تەنیـــا ئەگەر پزیشـــک زانـــی نەخـــۆش پێویســـتی پـــێ هەیە ئەو کـــاتە دەیـــداتێ ئەگەرنـــا نـــابێ بەخـــۆی بە رەشـــۆکی بەکاری بێنێ.

مـــــاددەی ســـــتیرۆید لە ســـــاڵی ١٩٤٩ لەلایەن زانـــایەک بە نـــاوی هینـــک وەکـــو مـــاددەیەکی چارەســـازی دۆزرایەوە ، هەروەهـــا ڕوون بـــۆوە کە پەرچە وەڵامێکـــــی چـــــاک هەیە لەلایەن ئەوانەی تووشـــی ڕۆمـــاتیزم هـــاتوون ســـەبارەت بە دەرمـــانیَ کـــۆرتزۆن ، ئیـــدی چەنـــد لێکـــۆڵینەوەیەک ئەنجـــام دراو بەکارهێنـــانی زۆر بـــوو بەڵام بەکارهێنـــانی ئەم دەرمـــانە لە لایەن خەڵکـــی بەشـــێوەیەکی ڕەشـــۆکی بـــۆ مەبەســـتی قەڵەوی جـــگە لە کـــۆمەڵێ زەرەرو زیـــان هـــیچ ســـوودێکی تـــری نـــی یە. چـــونکە ئەمە دەبێـــتە

هـــۆی بەرز بـــوونەوەی پاڵەپەســـتۆی خـــوێن و
ســـــۆدیۆم زۆر دەبـــــێ و پۆتاســـــیۆمیش کەم
دەبێـــتەوە ، هەروەهـــا زیـــاد بـــوونی شـــەکر لەنـــاو
خوێنـــدا ، ئیحتیمـــالی تـــووش هـــاتنی نەخۆشـــی
شـــــەکرەی هەیە ، ئەنســـــۆلین لە شـــــیکردنەوەی
شـــــەکر لەنـــــاو خوێنـــــدا کەم دەکـــــاتەوە بەمەش
رێـــژەی شـــەکر زیـــاد دەبێـــت و دەبێـــتە هـــۆی بـــێ
هێـــــزی لە چـــــوار پەل و ســـســـــتی چـــــاڵاکی
ماســـــــــولکەکانی لەش ئەمەش بەهـــــــــۆی کەم
بـــوونەوەی پۆتاســـیۆم ئینجـــا کـــورتزون ، هەروەهـــا
لە خـــۆوە بەکارهێنـــانی دەبێـــتە هـــۆی نەخۆشـــی
جەڵـــتەی دڵ چـــونکە کـــاری مەیینـــی خـــوێن
خێراتـــر دەکـــاو بەرگـــری لەشـــیش بەرامـــبەر
نەخۆشـــــی یەکـــــان زۆر کەم دەکـــــاتەوەو کـــــار
دەکـــاتە ســـەر پێکهێنەرەکـــانی خـــوێن بەتـــایبەتی
خـــڕۆکە ســـپی یەکـــان کە لێپرســـراوە لە بەرگـــری
کردنـــــی لەش لە نەخۆشـــــی ، هەنـــــدێ جـــــاریش
دەبێـــتە هـــۆی نەخۆشـــی یەکـــانی گـــورچیلە لە

ئەنجامی زیاد بوونی ترشەلۆکی بۆلیک Uric Acid لەناو میزداو کەم بوونەوەی هەڵمژینی دووبارەی لەناو بۆڕی میزڵدانەوەو هەندێ جاریش دەبێتە هۆی خوێن بەربوون لەناو گەدە بەهۆی زیاد بوونی دەردراوە ترشەلۆکەکانی ناو گەدە وەکو هایدرۆکلۆریک ئەسید HCl .

لە کۆتایی دا پێویستە هاوواڵتیان هیچ دەرمانێک لەخۆوە بەکار نەهێنن ، تەنیا بە ئامۆژگاری پزیشک نەبێت ، چونکە هەر ئەوان پسپۆڕی دەرمانن و کاریگەریێتی دەرمان دەزانن.

دەردە میران - داء النقرس - Goute

ئەم نەخۆشی یە لە زمانی کوردی دا (پێ خرە) و (گۆشت گرە) شی پێ دەڵێن ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو کەسانەی خواردن زۆر دەخۆن و کارێکی کەم دەکەن و وەرزش دەکەن دووچاری ئەم نەخۆشی یە دەبن ، پەنجەکانی پێ ئەستوور دەبن و ژانێکی زۆر دەکەن.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشی یە : -

نەخۆش لە کاتی شەودا هەست بە ئازارێکی سەخت لە پەنجەکانی پێی دەکات ، بەتایبەتی پەنجەی گەورەی و لە خەو بە ئاگا دێت و پەنجەکانی ئەستوور دەبن و پێستەکەیان دەبریسکێنەوە. هەروەها پلەی گەرمی لەش بەرز دەبێتەوەو نەخۆشەکە موچرکی بە لەشی دا دێت ئەمانە نیشانەو

بەڵـــــگەی هەرە ڕاســـــتی ئەم نەخۆشـــــیەن کە لەلای نەخۆشدا بە دیار دەکەون.

هۆیەکانی : -

ئەم نەخۆشـــــی یە تووشـــــی ئـــــادەمیزاد دەبێـــــت تـــــووش بـــــوونەکەش لە ئەنجـــــامی بەدکـــــرداری کۆئەنـــــدامی هەرســـــەوە ســـــەر هەڵـــــدەدات. ئەو خـــــواردەمەنی یـــــانەی کە مـــــاددەی (بـــــۆرین) یـــــان تێـــــدایە لە لەشـــــدا دەنیشـــــێ. دەبێـــــتە هـــــۆی زیـــــاد بـــــوونی ڕێـــــژەی ترشـــــی یۆریـــــک لەنـــــاو خوێنـــــدا ئەمـــــانە دەبـــــنە هـــــۆی پەیـــــدابوونی نەخۆشـــــی یەکە کە کێێتـــــی (الوراثـــــة) ڕۆڵێکـــــی گەورە دەبینـــــێ بـــــۆ ڕێ خـــــۆش کردنـــــی پەیـــــدابوونی ئەم نەخۆشـــــی یە لەلای ئـــــادەمیزادو پاڵەپەســـــتۆی پـــــێڵاو لەســـــەر پەنجەکـــــانی پـــــێ دیســـــان هـــــۆیەکە بـــــۆ ئەوەی دووچاری ئەم نەخۆشی یە ببن.

چۆنیەتی دەست نیشان کردنی ئەم نەخۆشی یە : -

کاتێک یەکێک هەست بە ئێش و ئازاری پەنجەکانی پێی دەکات ، دەچێتە لای پزیشکی تایبەت ، ئەویش سەیری پەنجەی گەورەی دەکات و هەست بەم نەخۆشی یە دەکات ، هەڵدەستێ خوێنی نەخۆشەکە وەردەگرێت و بەهۆی پشکنین و تەحلیلەوە ڕێژەی ترشی (یۆریک) ی بۆ لەناو خوێنی دا دەردەکەوێ و ڕێژەی ئاسایی ئەو یۆریکە لەناو خوێندا لەنێوانی ٤ - ٧ ٪ ملیگرامەو هەر کاتێ ئەو ڕێژەیە بەرز بۆوە ئەوە ئاگاداری یەکە کە ئەو کەسە لە تووش بوونی ئەم نەخۆشی یەوە نزیکە. بەڵام ئەم پشکنین و تەحلیلە جیایە لەگەڵ پشکنینی خوێن بۆ زانینی (شێرپەنجەی خوێن) (اللوکیما) و هەوکردنی گورچیلە ، چونکە ئەمانەش بە

هەمـــان شـــێوە دەبـــنە هـــۆی بەرز بـــوونەوەی ترشی یۆریک لەناو خوێندا.

چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشی یە : -

لە ســـایەی پێشـــکەوتنی زانســـتی ئەمرۆمانـــدا ، جۆرەهـــا داوو دەرمـــان بـــۆ ئەم نەخۆشـــی یە دۆزراوەتەوە ، وەک (الاتوفـــان) و (البینیمـــد) بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا چـــاکترین دەرمـــان بـــۆ ئەم نەخۆشـــی یە (زەعفەرانـــی مێـــرگ) ە ، ئەمەشـــیان ڕووەکـــێکە گـــوڵێکی وەنەوشـــەیی کـــاڵی هەیەو لە پـــایزدا گـــوڵ دەکـــات و تـــۆوەکەی ڕەنگێکـــی قـــاوەیی کـــاڵی شـــێوە خـــڕو لۆچـــداری هەیەو ئەم ڕووەکە مژادێکـــی لـــێ دەردەهێنـــرێ پێی دەگوترێ (کۆلچیسین Colhicine).

ئەم مـــاددەیە تـــۆوەکەی زۆر بەســـوودو کـــاریگەرە بـــۆ دەردەکە. کـــاتێ نەخۆشـــەکە هەســـت بە ئـــازاری نەخۆشـــی یەکە دەکـــا ئەگەر بیخـــوات ئەوا ژانەکەی ڕادەگـــــــــرێ ، بەڵام کە لەگەڵ

خواردنی ماددەکە یان تۆوەکەی ئەگەر نەخۆش هەستی بە سک چوون کرد نابێ زیاتر بخوات چونکە ژەهراوی یەو زۆر خواردنی چاک نی یە.

ئەم ڕووەکە لە کۆنیشدا پزیشکانی یۆنان ناسیویانەو بۆ داوو دەرمان بەکاریان هێناوە.

نەخۆش دەبێ ئەم خاڵانە پەیڕەو بکات : -

١ - یەکەی گەرمی - الوحدات الحراریة - پێویستە نەخۆش هەر هیندە خواردن بخوات کە وزەیەکی مام ناوەندی بە لەش بدات و خواردن کەم بکاتەوە ، چونکە زۆر خواردن دەبێتە هۆی توند بوونی ئەم نەخۆشی یە.

٢ - پڕۆتین (المواد الزلالیة) : دەبێ نەخۆش ئەم خواردەمەنیانە کەم بخوات کە دەوڵەمەندن بە پڕۆتین ، چاکترین خواردن کە بیخوات ، ماست و هێلکەو پەنیرە.

٣ - خواردنی سووڕەوەکراو : بۆ ئەم جۆرە نەخۆشانە ، چاکترە خواردن بە سووڕەوەکراوی بخوات نەک بە کوڵاوی.

٤ - چەوری : نەخۆش دەبێ هەر هیندە چەوری بخوات کە پێویستی بێ بۆ لەش ، زیاد خواردنی چەوری دەبێتە هۆی تووند بوونی نەخۆشی یەکە.

٥ - قاوەو چای و مەشروبات و کاکاوو تیژی و بەهارات ، نابێ نەخۆش بەهیچ جۆرێک بیان خوات تەنیا دەبێت نەخۆش ئەو خواردەمەنیانە بخوات کە مژادی بۆرینیان کەم تێدایە ، وەک نان ، مەعکەرونە ، پەنیر ، کەرە ، ماست ، هێلکە ، گێزەر ، ئاروو ، بیبەری سەوز ، شۆربا ، بەڵام نابێ گۆشتی لەگەڵ دابێ.

ئەو خواردەمەنیانەی کە لە هەر ١٠٠ گرام ٧٥ ملیگرام بۆرینیان تێدایە ، نەخۆش بۆی هەیە هەفتەی ٣ جار بیان خوات ، وەک

گۆشتی باڵندە ، قرنابیت ، فاسولیا ، گۆشتی سپی ، وەک گۆشتی سنگی مریشک و کەرۆشک و ماسی و هەروەها پیازیش باشە.

ئەو خواردەمەنیانەی کە لە هەر ١٠٠ گرام ٧٥ - ١٥٠ ملیگرام بۆرینیان تێدایە نەخۆش بۆی هەیە هەفتەی دوو جار بیان خوات وەکو گۆشتی کەڵە شێر.

بەڵام ئەو خواردەمەنیانەی کە لە هەر ١٠٠ گرام ١٥٠ - ١٠٠٠ ملیگرام بۆرینیان تێدایە نەخۆش نابێ بەهیچ جۆرێک بیان خوات وەکو جگەرو مێشک.

ژانە سینگی دەروونی

هەندێ حالەت هەیە کە مرۆڤ هەست بە ژانە سینگ دەکات لە ئەنجامی بیر نارەحەتی و خەم و پەژارە ئەم ژانە سینگە ڕوو دەدات. زانستی پزیشکی ئەوەی سەلماندووە کە حالەتی دەروونی دەبێتە هۆی تووند بوونی ماسولکەکانی سینگ و ئەم تووند بوونەش سەرچاوەی ئەم جۆرە ژانە سینگەیە.

ئەو ژانە سینگەی بەهۆی حالەتی دەروونی یەوە ڕوو دەدات ژانەکەی وەکو ژانی دەرزی وایەو تەنها ماوەی چەند چرکەیەک دەخایەنێ

یـــان وەکـــو گـــرانیەک و ســـەنگێک وایە لەســـەر سینگدا.

ژانە ســـینگی دەروونـــی لە هەمـــوو ڕوێـــکەوە جیاوازە لەگەڵ ژانی سینگە کوژەدا.

ســـینگە کـــوژە (الذبحـــة الصـــدرية) جـــۆرە نەخۆشـــی یەکە بەهـــۆی تەنـــگ بـــوونەوەی یەک لە خوێنبەرەکانی (تاجی) یەوە ڕوو دەدات.

ژەهراوی بوون

بە ئەلەمنیۆم

ئەلەمنیـــۆم کە بە فـــافۆن ناســـراوە یەکـــێکە لە تـــوخمە بڵاوەکـــانی ســـەر ڕووی زەوی. لە پێشـــدا ئەم تـــوخمە بە تـــوخمێکی نـــا ژەهـــراوی دادەنـــرا ، بەڵام لە ســـاڵانی پـــێش جەنگـــی دووەمـــی جیهـــانی چەنـــد دیـــاردەیەکی ژەهـــراوی بـــوون بە ئەلەمنیـــۆم تێبینـــی کـــرا ، بەڵام بەهـــۆی ڕوودانـــی ئەم جەنـــگەو ڕوو کـــردنە بەکارهێنـــانی ئەلەمنیـــۆم لە پیشەســـازی دا وەک لە دروســـت کردنـــی لەشـــەی فـــڕۆکەو لە قوتـــو کردنـــی خـــواردەمەنی بووە هۆی چاوپۆشی کردن لەو تێبینی یانە.

بەڵام لە ســـاڵی ١٩٧٤ چەنـــد ڕاســـتی یەک دەربـــارەی ژەهـــراوی بـــوون بە ئەلەمنیـــۆم تۆمـــار کـــرا ، ئەلیزابـــث ریـــس پزیشـــکێکی ئینگلیـــزی یە ، لە ســـاڵی ١٩٧٧ تێبینـــی ڕێـــژەی ئەلەمنیـــۆمی کـــرد لە پرچـــی (١٠) منـــدالّی تەمەن (٨ - ١٢) ســـاڵی کە تووشـــی نەخۆشـــی دەروونـــی بووبـــوون ، بینـــی کە ئەم ڕێـــژەیە زۆر

بەرزە گەر بەراورد بکرێـــــــت لەگەڵ ڕێـــــــژەی سروشتی.

زانـــــا (فیفـــــر) لە ســـــاڵی ١٩٧٨ گەیشـــــتە کـــــورتەیەک دەربـــــارەی ئەو خوێنـــــدن و لێکـــــۆڵینەوانەی لەســـــەر مـــــردن بە نەخۆشـــــی ئەلـــزایمەر (مێشـــک تێکچـــوون و زوو پیـــر بـــوون) بەهـــــۆی زۆر بـــــوونی ڕێـــــژەی ئەلەمنیـــــۆم لە خانەکانی مێشکدا.

نەخۆشـــــی ئەلـــــزایمەر یەکـــــێکە لەو نەخۆشـــــی یـــــانەی ، کە دەبێـــــتە هـــــۆی کەم توانـــــای بیرکردنەوەو زوو پیربوون.

ئەمـــــانەی خـــــوارەوە بە ســـــەرچاوەکانی ژەهـــــراوی بوون بە ئەلەمنیۆم دادەنرێن : -

١ - ئەو پیشەســـــازی یـــــانەی کە پەیوەنـــــدی یـــــان بە بەرهەم هێنـــــانی ئەلەمنیـــــۆم یـــــان تـــــوخمی ئەلەمنیـــــۆم هەیەو بە ســـــەرەکی بەکـــــار دەهێنرێـــــت وەکـــــو لە دروســـــت کردنـــــی شووشـــــەو کـــــاغەزو پیشەسازی یەکان.

٢ - ئەو نیشـــــتەجێ یـــــانەی لە ئەنجـــــامی بەبـــــابوونی وردکەکـــــانی ئەلەمنیـــــۆم و ئەو کرێکـــــارانەی لەم کارگـــــانە ئـــیش دەکەن دەبـــنە هـــۆیەک بـــۆ گواســـتنەوەی وردکەکـــانی ئەلەمنیـــۆم لە کـــارگەوە بـــۆ مـــاڵەوە یـــان لە ئەنجـــامی پـــیس بـــوونی دەســـت و جـــل و بەرگیـــان لەکـــاتی ئـــیش کردن لە کارگەی ئەلەمنیۆم دا.

٣ - بەکارهێنـــانی قـــاپە فـــافۆنی یەکـــان بـــۆ چێشـــت لێنـــان یـــان بـــۆ هەڵگـــرتن و پاراســـتنی خـــواردەمەنی و بەکارهێنـــانی هەنـــدێ جـــۆری پیکنـــک پـــاودەر (تـــۆزی نـــان) کە لەوانەیە ببـــنە هـــۆیەک لە هۆیەکـــانی ژەهـــراوی بـــوون بە ئەلەمنیۆم.

٤ - لە پیشەســـازی خـــواردەمەنی پێویســـتی بە کەل و پەلـــی فـــافۆن هەیە بەتـــایبەتی لە گواستنەوەو کۆکردنەوەو هەڵگرتن دا.

ئەوەی شـــایانی باســـە کۆبـــوونەوەو زۆر بـــوونی ڕێـــژەی ئەلەمنیـــۆم لە لەشـــی مرۆڤـــدا لە ئەنجـــامی بەکارهێنـــانی قـــاپ و کەل و پەلـــی فـــافۆن لە ژیـــانی ڕۆژانەدا بەتـــایبەتی لە ئامـــادە

کردنی خواردنە شلەکاندا (شلەی بامیە ، باینجان ، تەماتە ، کولەکە) کە ڕێژەی ترشی ستریک یان زۆر تێدایە ، هەروەها هەڵگرتنی ئەو خواردەمەنی یانە لە قاپە فافۆنەکاندا دەبنە هۆی زۆر بوونی ڕێژەی ئەلەمنیۆم.

لەبەر ئەوە وا باشترە لەم جۆرە خواردەمەنی یانە ئەو جۆرە قاپانە بەکار بهێنرێت ، کە کاریان لێ نەکرێت ، چونکە خۆپاراستن لە چارەسەر کردن باشترە ، بۆیە دوور کەوتنەوە لەو هۆیانەی کە دەبێتە هۆی ئەم ژەهراوی بوونە گرنگترین ڕێگای خۆپاراستنە لە ژەهراوی بوون بە ئەلەمنیۆم.

لە نەخۆشی یەکانی خوێن : هیمۆفیلیا

هیمۆفیلیا یاخود خوێن بەربوون نەخۆشی یەکی وراسی یەو تووشی خوێن دەبێت و مێینە هەڵی دەگرێت و بە میرات بۆ منداڵە نێرینەکانی دەگوێزێتەوە ، بەبێ ئەوەی ئەو ئافرەتە نەخۆشی و نیشانەکانی لێ بەدیار بکەوێ.

هۆی ئەم نەخۆشی یەش دەگەڕێتەوە بۆ کەم بوونی جۆرە مژادێک (ماددەیەک) لە خوێن دا کە دەبێتە مایەی مەیینی لە ماوەیەکی دیاری کراودا ، بۆیە دەبینین ئەو کەسانەی تووشی ئەم نەخۆشی یە دەبن ، لەگەڵ برینداربوونی هەر ئەندامێکی لەشیان بەتایبەتی ناو کونە لووت یاخود ناو دەمیان لە

کـــاتی ددان کێشـــان تووشـــی خـــوێن پژانێکـــی زۆر دەبـــن ، یـــاخود لە کـــاتی ســـونەت کردنـــی منداڵـــدا تووشـــی خـــوێن بەربـــوونێکی زۆر دەبێـــت و لە هەنـــدێ بـــاری ناهەمواریشـــدا ، لەوانەیە ئەو خـــوێن بەر بـــوونە لە جـــومگە ، بەتـــایبەتی جـــومگەی ئەژنـــۆ ڕوو بـــدات ، لە هەنـــدێ بـــاری کوشـــندەش دا لەوانەیە خـــوێن لەنـــاو (مـــخ) ی نەخۆشەکە بەربێت و بیکوژێ.

چارەکردنی : -

پێویســـتە لەســـەر ئەو نەخۆشـــانەی تووشـــی هیمۆفیلیـــا بـــوون ، خۆیـــان لەو هۆیـــانە دوور بـــخەنەوە کە دەبـــنە مـــایەی برینـــدار بـــوونی ئەنـــدامێک یـــان جـــێ یەک لە ئەنـــدامەکانی لەشـــی ، واتە خـــۆی لە کەل و پەل و ئـــامێری

تیـــژی وەکـــو چەقـــۆو مـــووس و شووشـــەی شـــکاوو هەر شـــتێکی بڕنـــدە لابـــدات و نەیەڵێـــت لەشـــی بریـنـــدار ببـــێ و ، نابێـــت دەســـت لە کـــونە لـــووتی وەربـــــدات ، چـــــونکە پەردەی نـــــاو لـــــووت زۆر تەنـــــک و ناســـــکەو بە ئەموســـــت تـــــێ وەردان لەوانەیە زوو بڕوشـــێ و تووشـــی خـــوێن بەربـــوون بێت و نەخۆشەکە تووشی مەترسی بکات.

کاتێـــک پزیشـــک ئەم نەخۆشـــی یەی لە کەســـی تـــووش بـــوو دەســـت نیشـــان کـــرد ، پێویســـتە کـــارتێکی پزیشـــکی بـــۆ دروســـت بکـــات و لێـــی بنووســـێ ئەم نەخۆشـــە تووشـــی هیمۆفیلیـــا بـــووە ، یـــــاخود داوای لـــــێ بکـــــات لە ناســـــنامەکەی دا لەپـــــاڵ جـــــۆری خـــــوێنەکەی دا بنووســـــرێت نەخۆشـــــی هیمۆفیلیـــــای هەیە ، تـــــاکو ئەگەر هـــــات

و نەخۆشەکە تووشی کارەساتی ئۆتۆمبێل ، یان بەربوونەوە ، یاخود لە کاتی نەشتەرگەری دا پزیشکی نەشتەرگەر بزانێ ئەم نەخۆشی یەی هەیە ، ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ پزیشک و بۆ نەخۆشەکەش ، تاکو ئەگەر پێویستی بە خوێن وەستاندنێکی خێرا هەبوو بە گورجی جۆرە دەرمانێکی بداتێ و خوێنەکەی بگەڕێنێتەوە باری ئاسایی مەیین.

ئەگەر نەخۆشەکە تووشی خوێن بەربوون بوو ، ئەوا پزیشک ئەو مژادەی لەناو خوێنەکەی دا کەم بۆتەوە ، بە ڕێگای دەرزی لێدان پێی دەدات.

تا

تا لێ هاتن یان بەرز بوونەوەی پلەی گەرمای لەش لە ئاستی سادەی خۆیدا نیشانەیەکی زۆر باڵاوە بە دەگمەن هەیە مرۆڤ جارێک نەیگرتبێت.

تا خۆی لەخۆیدا نەخۆشیەک نیە ، لەبەر ئەوەی لەوانەیە نیشانەی گەلێک نەخۆشی جۆراو جۆر بێت ، نابێت ناوی نەخۆشی پێوە بلکێنرێت ، بۆ نموونە وەکو تای هەڵامەت و گرانە تا (تیفوئید).

تا لێ هاتن هەروەکو وتمان زۆر باوەو هەموو تەمەنێک ئەیگرێت بە تایبەتی منالّی ساوا بە ئاستانتر پلەی گەرمایان بەرز دەبێتەوەو زۆر تێک ئەچن لە گەورە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو جێگا تایبەتی یانەی لە مێشکی منالّی ساوا پلەی گەرما رێک دەخەن زۆر بە تەواوی پێ نەگەیشتوون.

هەروەها لەگەڵ هەموو ئەو نەخۆشیانەی کە تا
دروست دەکەن نەخۆش هەست بە سەر
ئێشەو بێ تاقەتی و کەم خواردن دەکات و
ئێش و ئازاری لەشی ئەبێت یان خەوی لێ
هەراسان دەبێت یان لەوانەیە بڕشێتەوە یان
هۆشی نەخۆش تێک بچێت ئەمەش
دەگەڕێتەوە بۆ هۆی تایەکە کە نەخۆش
هەست بەچی دەکات بۆ نموونە ئەوەی
تووشی (التهاب السحایا) دەبێت ڕاستە
سەری دێشێ بەڵام سەر ئێشەکەی زۆر
بەتین و قورس تەرە لەوەی تووشی هەڵامەت
بووە ، ئەوەی تووشی هەڵامەت دەبێ لەوانەیە
ڕەنگی بگۆڕێت و لووتی بگیرێت و ئاو بە
لووتیا بێتە خوارەوە یان ئەو نەخۆشەی وەرەم
دارە زۆر جار بە شەو زۆر ئارەق دەکاتەوەو
لاواز دەبێت و کۆکەی هەیەو لەوانەشە
کۆکەی خوێناوی بێت بەڵام وە نەبێ هەر
کەسێک بەلغەمی خوێناوی بێت ئیتر ئەوە

نەخۆشی وەرەمی هەیە هەروەک کورد دەڵێ ئەوەی سمێڵی سۆر بوو هەمزاغا نی یە ، جا ئەم قسەیە لە ڕاستی دا لە نەخۆشی دا زۆر ڕاستە چونکە دەتوانین سەدان شتی وا بڵێین بۆ نموونە : هەر کەس تای هەبوو گرانەتا نیە ، هەر کەس کۆکەی هەبوو وەرەم نیە ، هەر کەس لاواز بوو نەخۆشی شەکرەو شێرپەنجەی نیە ، هەر کەسێ جومگەیەکی بە ژان هات ڕۆماتیزم نیە ، یان هەر کەسێک بێ هێز بێت نەخۆشی دڵ نیە ، یان هەر کەسێک لەهۆش خۆی چوو ئەوە پەرکەم یان (صرع) نیە.

لەبەر ئەوە چاک وایە هاوولاتیەکان خۆیان ڕێگاو شوێن بۆ پزیشک دانەنێن و دەست نەخەنە کاری پزیشکەوەو نەڵێن ئەم نەخۆشە فڵان نەخۆشی هەیەو یان فڵانە (فحص) و (تیشک) بۆی بگیرێت.

گرنگی گیانەوەرزانی





گیانەوەرزانی بە زانستە بنچینەیی یەکانی زۆر لە خوێندنەکان دادەنرێت ، وەک خوێندنی پزیشکی ، گەلێک گیانەوەر لە تاقی کردنەوەکان و لێکۆڵینەوەکان بەکارهێنراون. گیانەوەر بەکاردەهێنرێن بۆ تاقی کردنەوەی کاریگەری دەرمانە پزیشکی یە نوێکان پێش بەکارهێنانیان بۆ چارەسەر کردنی مرۆڤ.

کرمی شریتی

لە نەخۆشیە هاوبەشەکانی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ ، ئەو نەخۆشیانەی لە ئاژەڵەوە دەگاتە مرۆڤ نەخۆشی کرمی شریتی ، کرمی شریتی بریتی یە لە کرمێکی مشەخۆر لەناو ڕیخۆڵەی مرۆڤدا دەژی و شێوەی بە شریتی پێوانەکردنی درێژی دەچێت.

ئەو مرۆڤانەی تووشی نەخۆشی کرم بووینە ، ئەو نەخۆشیە گەلێ جۆری هەیە ، هەن بە سوکی دەیگرن ، نیشانەکانیش ئەمانەن : کەم خەوتن ، ڕاڕایی ، کەم خواردنی خۆراک ، لاواز بوون ، هەندێ جار زگ ئێشانی لەگەڵەو خۆراکیش بە چاکی هەرس ناکات. دەتوانرێت دەست نیشانی نەخۆشی کرمی شریتی بکرێت وەختێ پارچەی کرمەکە لەگەڵ پیسایی دێتە دەر ، یان هەندێ جار هێلکەی کرمەکە لەناو پیسایی دا دەبینرێت.

بڵاو بوونەوەی نەخۆشی یەکە : -

کرمی شریتی لە جیهاندا بەهۆی بەرازەوە تووش دەبن ، بەڵام لە عیراقدا زۆر کەمەو بە دەگمەن هەن لەم ڕێگایە تووش دەبن ، تەنیا تووش بوانی کرمی شریتی بەهۆی ڕەشە وڵاخەوە تووش دەبن.

هەڵگر : -

تووش بووانی لەکاتی دەست بە ئاو گەیاندن پیسایی و کرمۆکە دادەنێن ئەوەش دەبێتە هۆی تووش هاتنی گۆشتی مانگا بە نەخۆشی کیسەی کرمۆکەیی (لارڤا) (یرقات المکیسە) وەختێ مرۆڤیش گۆشتەکە دەخوات کرمێکی زۆر لە ڕیخۆڵەیدا جێ گیر دەبێت.

هۆی بڵاو بوونەوەی : -

بەهـــــۆی خـــــواردنی گۆشـــــتی مانگـــــای کەم کوڵێنـــــدراوو کەم برژێنـــــدراو کە کرمـــــۆکەی تیـــــا دەمێنێ.

ڕێگاکانی قەڵاچۆکردن : -

١ - هۆشـــیارکردنەوەی خەڵـــک کە نـــابێ خـــاک و ئـــاو پـــیس کەن هەروەهـــا پیســـایی مـــرۆڤ نەخـــرێتە نـــاو ئاوەکـــان بەتـــایبەتی لە لادێ کانـــدا بـــــــۆ ئەوەی دوورکەونەوە لە بەکارهێنـــــــانی ئـــاوەڕۆی پـــیس کە پیســـایی مرۆڤـــی تێـــدایە لە ئاودانی کێڵگەو شینایی و لەوەڕگاکان.

٢ - پشـــکنینی لاشـــەی مانگـــاو بەرازەکـــان بـــۆ نەهێڵانـــــی ئەو گۆشـــــتانەی کە تووشـــــی ئەو نەخۆشیە بوون.

٣ - قەدەغەکردنـــی ئـــاژەڵان بـــۆ نەڵەوەڕانیـــان لە نزیک ئاودەستخانەکان.

٤ - چارەسەرکردنی تووش بووان بە دەرمانە تایبەتی یەکان.

٥ - دوورخستنەوەی تووش بووانی نەخۆشی کرمی شریتی جۆری بەراز و قەدەغەکردنیان بۆ کاری شیولێنان.

٦ - شووشتنی هەردوو دەست دوای دانیشتن لە ئاودەست و لەکاتی نان خواردندا.



وێنەیەکی کرمی شریتی ناو ریخۆڵە

سەرچاوەکانی ئەم کتێبە : -

١ - زیندەوەرزانی و دروستی بۆ پۆلی سێ یەمی ناوەندی ، ١٩٧٨

٢- بنچینەی زانین و پەروەردەی تەندروستی بۆ پۆلی چوارەم سەرەتایی ، ١٩٦٨

٣ - زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ، ١٩٨٠

٤ - گیانەوەرزانی بۆ پۆلی شەشەمی زانستی ، ١٩٧٩

٥ - گۆڤاری تەندروستی و کۆمەڵ ، ١٩٨٨ و ١٩٨٩

گەلێ سەرچاوەی تریش ..

سوپاسنامە

سوپاسی بێ پایان بۆ کارمەندانی کتێبخانەی گشتی هەولێرو ناوەندی زانکۆ کەزۆر یارمەتی یان دام بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوە.

کاروان



* ناو : کاروان سلێمان کاکەمەد صادق

* شوێن و کاتی لەدایك بوون : هەولێر – ١٩٧٨

* پلەی خوێندن : بەکالیوریوس

ئەو بابەتانەی کە ئەم کتێبە باسیان دەکات ئەمانەن:-

نەخۆشی درم ١

خۆپاراستن لە نەخۆشی درم ٢

خۆ دوورخستنەوە لەو نەخۆشانەی کە تووشی نەخۆشی درماوی بوون ٤

سیلی سی ٥

کۆکە ڕەشە ٩

نەخۆشی گڕو بوون ١٢

کەرووێشکە تا ٢٢

مەلە خڕە ٢٦

وەناق ٢٧

کۆکە ڕەشە ٢٨

سوورێژە ٣٠

ئاوڵە ٣٢

دەردە کۆپان ٣٤

گرانەتا ٣٦

لەرزو تا ٤٠

سیل ٤٣

تراخوما ٤٧

چەند ڕاستی یەک لە بارەی ئەنفلەوەنزاوە ٥٠

دوو شاخە ٥٦

تیشکی ئێکس ٦٥

چەند ئامۆژگاری یەکی گشتی بۆ دروستی کۆئەندامی هەناسە ٦٥

هەندێ وشەی بەکەڵک دەربارەی لەشی ئادەمیزاد ٦٧

هەندێ وشەی بەکەڵک دەربارەی نەخۆشی و ئەو شتانەی پەیوەندی یان بە چارەسەرکردنەوە هەیە ٧١

سووڕی خوێن ٧٤

تەندروستی و چاو ٧٥

سەلامەتی و تەندروستی گوێچکە ٧٧

لووت ٧٨

پاکوخاوێنی ددانەکان ٧٩

میکرۆب ٨١

پەرەسەندنی میکرۆب ٨٢

کاری میکرۆب ٨٣

میکرۆب چۆن ئەچێتە لەشەوە ٨٤

میکرۆبە دۆستەکان ٨٥

داکەوتنی نەخۆشی ٨٩

جۆری نەخۆشی ٩١

مەناعەت ٩٣

مصل وە لقاح ٩٧

سوورکە ٩٨

بەلهارزیا ٩٩

خۆ شوشتن ١٠٢

ماندوو حەسانەوەو نوستن ١٠٥

برین پێچ ١٠٧

کورتەیەکی مێژوویی خانە ١٠٩

شێوەی خانە ١١١

بەکتریا ١١٢

پەیوەندی بەکتریا بە مرۆڤەوە ١١٣

مشە خۆری مەلاریا ١١٦

کرمی بەلهارزیای ڕێبازی میز ١٢٠

کرمی ئەسکارس ١٢٢

کرمی ئەنگلستۆما ١٢٨

بنێشت ١٣٤

پەنسیلیۆم ١٣٦

شکان ١٣٩

خۆپاراستن لە سووتان ١٤٣

ئاگر کوژاندنەوە ١٤٦

خوێن مەیین ١٥٠

زانیوتە ١٥٢

ماسولکەکان ١٥٣

جومگەکان و جوولان ١٥٤

پێست ١٥٥

چارەسەری قیژاندن و وریٚنەکردن لە نوستن دا ١٥٧

کاربۆهیدرات ١٥٨

کۆئەندامی میز لە مرۆڤ دا ١٥٩

نەخۆشی شەکر ١٦٢

بەردی گورچیلە ١٦٤

نینۆک ١٦٦

هێلکەدان ١٦٧

منداڵدان ١٦٨

توخمە سیفەتە دووەمی یەکان ١٦٩

پیتێن و سک پڕبوون ١٧٠

جمکە (دوانە) ١٧٢

ئیفلیجی منداڵ ١٧٤

پارێزگاری کردنی ڕێک و پێکی لەش ١٧٧

کوتاوەکان (اللقاحات) ١٧٩

لوەتا ١٨٥

کون بوونی پەردەی گوێ ١٩٣

سوێندی ئەبوقرات ١٩٦

نەوبەی دڵ ١٩٨

لەبار چوونی منداڵ ٢٠١

ئیدوارد جینەر ٢٠٩

مۆرتۆن ٢١٦

فریاگوزاری ٢١٩

ڕاوێژکاری پزیشکی ٢٢٤

هەوکردنی مەرازە ٢٢٧

ستیرۆیدات ٢٣٣

دەردە میران ٢٣٨

ژانە سینگی دەروونی ٢٤٥

ژەهراوی بوون بە ئەلەمنیۆم ٢٤٧

لە نەخۆشیەکانی خوێن : هیمۆفیلیا ٢٥١

تا ٢٥٥

گرنگی گیانەوەران ٢٥٨

کرمی شریتی ٢٥٩

سەرچاوەکان ٢٦٣

سوپاسنامە ٢٦٤

کورتەی ژیانم ٢٦٥